

گەنج وشوناس
ئارام سدیق
ئارام سدیق
گەنج و شوناس
Genc u Şunas
Aram sdîq

# گەنج و شوناس

**ئارام سدیق**

**سلێمانی ٢٠٠٧**




- ناوی کتێب: گەنج و شوناس
- ناوی نوسەر: ئارام سدیق
- بابەت: گفتوگۆ دەربارەی گەنج
- تایپ :ئاشنا سدیق
- مونتاژ: خودی نووسەر
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپ و بڵاوکردنەوە: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٠٧)
- ژمارەی سپاردن: (١٠٨٨)ی ٢٠٠٦


Aram_sdeq@yahoo.com

بۆ

ئەو نەوەیە پێشکەشە

کەخولیای گۆڕانە لەکۆمەڵگەی کوردیدا...

# پێرست

پێشەکی کورت.........................................۷
ئیسماعیل حەمە ئەمین..............................۹
یاسین بانیخێلانی......................................٥٧
عەدالەت عەبدوڵڵا......................................٧٥
ڕەزا مەنو چێهری.......................................٨٩
فازیل هیمەت...........................................٩٩
مامۆستا عەلی باپیر...................................١١١
بەختیار عەلی............................................١٦٧
حەمەی ئەحمەد رەسوڵ...............................١٩٧
ئاسۆ جەبار................................................٢٠٩
سوپاسنامە.................................................٢١٩

## پێشەكی كورت

گەنج یەكێكە لە كائینانەی تا ئێستا لە كۆمەڵگەی ئێمەدا پەراوێزخراوە و بەردەوامیش پەراوێز دەخرێت، هەم لە لایەن خێزان و كۆمەڵگەوە و هەم لە لایەن دەسەڵات و حزبەكانەوە، ئەوەی گەنجی لەسەر پێی خۆی هێشتۆتەوە تەنها ئیرادەی گەنج خۆیەتی و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی گەنج شوناسێكی هەبێت ئیتر ئەو شوناسە گوزارش لە هەر شتێك بكات ئەوە ژیانی گەنجی كوردە.

ئەوەی گەنج لە كەسانی تری كۆمەڵگە جیادەكاتەوە ئەو بیركردنەوە نوێیانەیە كە هەیەتی و هاوكات ئەو خەون و خولیا هەمەڕەنگ و فرەلایەنە بەردەوام كاریان بۆ دەكات، خۆ ئەگەر گەنج خاوەنی خەون و بیركردنەوەی نوێ نەبێت ئەوا هەرگیز ناتوانێ نەوەكانی پێش خۆی تێبپەڕێنێت و داهێنان بكات. ئەوەی من تێبینیم كردووە گەنجی كورد بەڕێژەیەكی زۆر خەمساردە، یان خەسێنراوە لەلایەن دەسەڵات و حزبەوە و مەرامی یەكەمی دەسەڵات و حزبی كوردیش خەساندنی گەنج بووە، بە تایبەتیش ئەو ڕێژە كەمەی گەنج كە دەیانەوێت



گۆڕان و نوێبونەوە بكەن. ئەو دوو پێكهاتەی گەنج كە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا پانتاییەكی زۆری زانكۆ و پەیمانگاكانی كوردستانی داگیركردووە، هاوكات ڕێژەیەكی كەمی گەنجیش بە شێوەیەكی جیدی و لێبڕاوانە كار بۆ گۆڕان نوێبوونەوە دەكەن و دەیانەوێت دۆخێكی نوێ بۆ ژیان و سنورێك بۆ دەسەڵات دابنێن و چاودێرێكی وردی ئەو دەسەڵاتە كەمتەرخەمە بن كە پانتایی كۆمەڵگەی ئێمەیان داگیركردووە.

ئەوەی ئەم كتێبە مەبەستیەتی لێی بدوێ گفتوگۆكردنە لەسەر دۆخی پڕ لە ئاڵۆزی گەنج و ئەو پەرتەوازەییەی گەنج و نەبوونی شوناسێكی جێگیر. ئەم كتێبە گفتوگۆیە لەگەڵ كۆمەڵێك نوسەر و ڕۆشنبیر كە لە كایەی ڕۆشنبیری كوردیدا دەنگی دیارن و تاڕادەیەكیش خاوەنی بیركردنەوەی و ڕوانینی جودان. دەربارەی ڕەوشی گەنجانیش خاوەنی ڕای سەربەخۆو تایبەتن. ئەوەی پەیامی منیشە لەم كتێبەدا هاوكات و هاوبۆچوونی زۆرێك لەو ڕۆشنبیرانەم و دەمەوێ بۆ كۆكردنەوەی ئەم دیدارانەش گفتوگۆیەكی جیدی لەسەر ڕەوشی گەنجی كورد و ئەو دۆخە بیشوناسیەی هەنووكەی قسەو لەسەر وەستان هەبێت، هەروەها كۆكردنەوەشیان لەم كتێبەدا لەبەر پەرتەوازەیی ئەو دیدارانەو گرنگیانە، كە زۆرێك لە هاوڕێی و خوێنەرانی كۆكردنەوەیان بەپێویست دەزانی.

ئارام سدیق

٢٠٠٦\١٠\١١

# ئیسماعیل حەمە ئەمین

# گەنج و شوناس



ئیسماعیل حەمە ئەمین یەکێکە لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و لە کاییەی رۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی سەلماندووە و تا هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکی ناوازەیە لە رۆمان و نۆڤلێت و لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە بێجگە لەوەی خاوەنی دید و بۆچوونی تایبەت بووە لەسەر پرسی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی ئیسماعیل_یش بەم شێوەیە بوو.

* سەرەتا ئەگەر بپرسین گەنج کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، هەروەها پیر کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

– مەسەلەی تێڕوانینی گەنج و پیر لە چوارچێوەی پرسیارێکی گەنجانەدا نامێنێتەوە، بابڵێین تەنها لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا نامێنێتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا پرسیارێکی گەورەیە، خۆی پرسیارێکە لە فەلسەفەشدا ئیشکالیەت ئامێزە، دەکرێ بەم شێوەیە پرسیارەکە فۆرمۆلە بکەینەوە: گەنج کێیە؟ پیر کێیە؟

ئایا گەنجایەتی لە تەمەنەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات یاوەکو لە جولانەوەی کۆمەڵایەتی و ئیدیای نەوەکاندا شێوازی خۆی وەر دەگرێت؟، ئایا مەبەست لەگەنجایەتی کامڵ بوونی ئیدیا و بیروبۆچوونەکانە کەووزەیەکی بەردەوام دەدات بەجولەی کۆمەڵایەتی و لەبەرامبەریدا ئەو کۆنزەرڤاتیزمە بەپیر بچوێنن کە دەیەوێت کۆمەڵگە لە بارێکی چەقبەستوودا بهێڵێتەوە؟!، بەمانای ئایا پیری و گەنجایەتی بە پێوەرێکی فەلەسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دەپێورێت و لەو بنەمایانەوە پێوەرەکان خۆیان بینا دەکەن؟. هەموو ئەمانەی باسمکردن کێشە ئامێزەی پرسیارەکەی بەرێزتە؟! ... دێریدا لە کتێبێکیدابەناوی (کاپێکی دیکە ..) یاوەکو (کاپیتاڵێکی دیکە) باس لەکێشەی زۆرانبازی دووئایدیا و دوو چەمك دەکات لەئەوروپادا، ئەو باس لە ئەوروپای گەنج و ئەوروپای پیردەکات و لەوێوەڕا دەیەوێت (چەمکی ئەویتر و ئەویدیکەی نامۆ) لە بیرکردنەوەی ئەوروپیدا دیاری بکات . یاخود ئێمە دەتوانین باس لە ژیانێکی پیرانەو ژیانێکی گەنجانە بکەین!.ئیدی ئازیزم هەمیشە پرسیاری گەنج وپیر پرسیارێکە لەناو خودی مرۆڤدا لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا لە کێشمە کێشمێکی بەردەوامدایە. زۆرجار پیرەکان دەڵێن ئێمە گەنجین و گەنجەکان دەڵێن ئێمە پیر بووین، ئیدی ئاوەها، پرسیارەکەت زۆر زیرەکانە پەلهاوێشتەی دیکەی لێدەبێتەوە،بەڵام گەر بەدیاریکراوی بگەڕێینەوە بۆ سەرپرسیاری ئەوەی گەنج کێیە؟، دەتوانین بەدیاریکراوی بڵێین : گەنج ئەو مرۆڤەیە کە خاوەنی وزەیەکی گەورەیە بۆ کرانەوە بەرامبەر بە دنیا، ئەو وزەیە کە دەیەوێت پڕ بەدنیادا بکات،



دەیەوێ دنیا بگۆڕێ، گەنج ئەو وزە سمبۆلی و رەمزیەیە، کە خەون و یۆتۆبیا راپێچی ژیانی راوەستاوی ئێمە دەکات ، گەنج ئەزمونێکە لە ماوەی کورتی تەمەندا ڕووئەدات و موغامەرەی بیرکردنەوە و خەونە لەگەڵ زەمەنی راوەستاودا بۆ ئەوەی شتەکان بەراوەستاوی نەمێننەوە، یاخود دەتوانین چەند رستەیەك لە (سارتەر) قەرزبکەم و بڵێم" نێوەندێکە بیروڕاکان تێیدا گەشە دەکات ،لەوانەشە لە هەڵچوونیدا بکەوێتە نێو چاڵەکانی پیرایەتیەوە و تێیدا بمرێت. کێشەو ململانێی گەنج و پیر لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بەپێی کولتوری ئەو کۆمەڵگەیە و بەپێی شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو میللەتە زۆرانبازیەکانی خۆی و فۆرمەکانی خۆی دیاری دەکات.

دیارە ململانێی پیرو گەنج لەلای ئێمەی کورد بەرێچکەیەکی تایبەتدا خۆی شێوەباز کردووە، رامان وراڤەی ئەم زۆرانبازیە لەداهاتوودا کێشەیەکی بنەرەتی سۆسیۆلۆژیا و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کوردی دەبێت، هیوادارم لەپاشەرۆژدا مێژووی ئەو زۆرانبازیە قوڵتر وئەکادیمیانەتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کەپێویستی بەئەرشیفێکی دۆکۆمێنتاری گەورە هەیە لە بیروڕای سیاسیەوە بیگرە تاوەکو مۆدەی جل و زەوقی موزیك لەم کۆمەڵگەیەدا، بەمانای کۆمەڵێك خاڵی دیکە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکەی لێ ئەبێتەوە، ئەگەر بوار هەبێت، با من و تۆ ، تۆزێك باس لەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەبکەین کە لە سەرەتاکانی حەفتاکاندا جەوهەری ئەو مل ملانێیەی لەخۆدا چەکەرە پێکردووە و تاوەکو ئێستا درێژبوونەوەی هەیە: ئێمە لە حەفتاکاندا نەوەیەکمان هەبووە کە خۆی بە گەنج تێگەشتبووە و

ئەو وەهمەی لەلادروست بوو کە ترادیسیۆن و موحافزکارانەی نەوە کۆنەکان چیتر ناتوانی چ لەبواری سیاسەتدا و چ لە بواری ئەدەبدا ئەو دنیایەی خۆی شی بکاتەوە !!، تائێرە قەناعەت پێهێنەرە،وانیە !، تەنانەت ئەوەندەی ئەو نەوەیە بانگەشەیان بۆ تیۆرەی گەشەسەندنی (داروین) کردبوو..( بێگومان زۆر بیروڕایان بەشانازی و توندرەویەوە بانگەشە دەکرد، کەدوای چەندەها ساڵ دوای ئەوە و ئێستا لێی پەشیمان بوونەتەوە)،زۆر رستەی وەهایان دەگووت کەزیاتر بۆ هاروژاندن بوو، نەك لەبیرکردنەوەیەکی قوڵەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو، وەك رکەبەرایەتیەکی کۆمەڵگەی موحافەزکاری ئیسلام رێژی ئەو زەمەنە، ئەو نەوە گەنجەی حەفتاکان ،بانگەشەیان لەبەیاننامەی ئەدەبی و چیرۆك و شیعردا دەر دەبڕی، ئەمانەش گرنگی مێژوویی و ئەدەبی خۆیان هەبووە ماتریاڵێکی باشی دۆکۆمێنتاری ئەو سەردەمە . گەنج لەو سەردەمەدا واتە لە حەفتاکاندا پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی بوو، پێکهاتەیەك بوو کە دەیویست دنیای کوردی لە ڕەگەوە بگۆڕی، بارودۆخی ئەو سەردەمە گەشانەوەی بیروڕاکان بوو لەهەموو جیهاندا، لە شەستەکاندا و حەفتاکانیش بەدوایداهات، شۆڕشەکەی ١٩٦٨ لەئەوروپا و ئەمریکا و تەوژمی دژ بە کۆلۆنیالیەت و ئیمپریالزم ودژە جەنگی ڤێتنام و داواکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە ئەوروپا بۆ زیاتر کرانەوەی نێرو مێ بەسەر یەکدیداو گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و ریفۆرمی رادیکاڵی و فراوانکردنی دیموکراسی و پەیدابوونی فینۆمین و گروپەی هیپپیەکان و موزیك و ئەدەبیات و شێوە جل و بەرگی خۆیان و بڕوابوونیان بەئاشتی



سەرانسەری لەدنیادا ، سەرجەم کەش و هەوای سیاسی و فەلسەفی ئەو زەمەنە بوون. تەنانەت لە مۆدێلی جل و بەرگیشدا و ئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەی رادیکاڵانەی هەبوو لەسەر کۆمەڵگەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، با رۆمانەکانی هەردوو رۆماننوسی مەغریبی (موحەمەد شوکری و موحەمەد زەفزاف) بخوێنینەوە ئەو شێوە ژیانیان زۆر جوان لە ئەدەبیاندا تۆمار کردووە. ئەمانە هەمووی و بزوتنەوەی هیپپیەت و موزیکی ئەو سەردەمەی وەکو ( ئیبیلفیس برسلی و زۆری دیکە ) بووە هۆی دروست بوونی جۆرە مۆدیلێکی تازە ، شارلستۆن و مینیجۆب (تەنورەی کورت لەسەروو ئەژنۆوە) و هێشتنەوەی لاجان لەلای گەنجان، بۆ نمونە لە یەکێك لە نواندنە رەش و سپیەکانی حاجی مەکیدا ، (حاجی مەکی) رەخنەلە گەنجان دەگرێت بەوەی شارلستۆن لەپێ دەکەن و لاجان دەهێڵنەوە، ئەمانە مۆرکی ئەو ژیانی گەنجایەتی ئەو زەمەنەی سلێمانی وبەغدا بوون.. بۆ نمونە ژن و پیاو و کچ و کوڕ پێکەوە ئەچوون بۆ سینەما، لەم شارەی ئێمەدا، کە سلێمانیە، خەڵکی دەچوون بۆ سینەما و خێزان بەتەواوی و تەنانەت کچانیش پێکەوە دەچوون، ئەمە هەمووی بزوتنەوەیەکی گەنجانە بوون.

لەسەر ئاستی ئەدەبیش بۆ نمونە یەکێکی وەکو مامۆستای شاعیرمان (لەتیف هەڵمەت) فیگوری رادیکالی ئەو سەردەمە بوو!!، بزوتنەوەی روانگە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی تازەکانی شۆڕشگێڕی و مارکسیەت لەدایك بوو ،لەلایەکی دیکەوە فەلسەفەی وجودیش وەك توێژاڵێکی مۆدەی ئەدەبی لە چایخانە ئەدەبیەکانەوە خۆی شێوەباز دەکرد بەشیعر دەربارەی

نائومێدی و بوون و مەرگ و پرسیارە وجودیەکانی مرۆڤ ، (عوسمان شەیدا) و( موحەمەد عومەر عوسمان) ی شاعیر فیگوری گرنگی ئەو سەردەمە بوون ، ئیدی وردە وردە لەدوای تەوژمی روانگە و لە کۆتایی حەفتاکانەوە سەریان هەڵدا، بەگشتی ئەمانە بەرەی گەنجیان بەنارێك و گەرەلاوژەیی پێکدەهێنا، بۆ نمونە برادەرانی روانگە بیروڕای ڕادیکاڵیان هەبوو دەیانگووت: دایك و باوکی ئێمە مەیمونە ! !، ئەمەیان کاتێك دەگووت کە کۆمەڵگای کوردی هەتا بینەقاقای کۆمەڵگایەکی فیودالی بوو، کومەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی و پەیوەندیە خێڵ بەندیەکان چڕتر بوون وەك لەوەی ئەمڕۆ، ئەمە مانای ئەوەنیە ئەمڕۆ خێڵ نەمابێ و مردەژار بوو بێت لەنێو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا، نەخێر ماوە و بەشێوەیەکی دیکە مومارەسەی دەسەلاتی خۆی دەکات...

گەنج و بزوتنەوەی گەنجانی ئەوزەمەنە خاوەنی پەیامێك بوو ،بەلام نادیارو بێ تیۆرە و بێ قولیەکی مەشروع بوو ،کە هێزی خوێندنەوەی قۆناغەکە بدات بەخۆی، لەبەر ئەوە زۆر زوو کەوتە ناو چالی ئیدیای فیودالً و خێڵەوە، کێشەکە لەوەدایە، هەرهەمان گەنج هەر هەمان نەوە ئێستا ئەمڕۆ دەستی بەسەرهەموو بوارەکانی سیاسەت و دام و دەزگای رۆشنبیری و تەنانەت ماڵیشدا گرتووە !، هەر (بیرگەنجەکانی) دوێنێ بوون ، کەئەمڕۆ خاوەنی پەیامێکی پیرانەن و دەیانەوێت کۆمەڵگەی کوردی لەسەر شێوازی یەك مۆدێلی سیاسی و کۆمەلایەتی خێڵەکی هەڵسوڕێنن، بنەمای هەڵسوڕێنەری ئەو دەزگایانە، فۆرمی مقەڕاتی حزبیە و ئەویش



(بەوەزارەتەکانیشەوە)لەبنەماوە لە تەکیەی ئاغا و شێخەکان دەچن ! ! و هەمان شتروکتور و بنەمای تەکیەی ئاغا و شێخەکانی جارانن بەماسکێکی دیکەوە. بەمەرجێك ئەگەر هاتوو بەراوردێکی ئاسانی هەمان نەوە بکەین لەگەڵ بیروڕاکانی زەمەنی جارانیان ، کە بانگەشەی ئازادی ئافرەت و تاك و سەربەستیان دەکرد، ئەوادەبینین کەئەمانە خاوەنی نیو چارەکی ئەو بیروڕا ڕادیکالانەجارانیان نین. بەمانایەکی دیکە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا گوتاری گەنجانە هەمیشە لەپاشگەزبوو نەوەیەکی ڕادیکالانەی سەد و هەشتا پلەدا بووە.

ئێستاش و لە ئەمرۆماندا گوتاری ڕەخنەگری گەنجانە بوونی هەیە، زۆریان ڕادیکالن ، بەلام ڕێگرێکی دەروونی هەیە بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخات و لەشێوەی بزوتنەوەی کۆمەلایەتیدا خۆی ئۆرگانیزە بکات،نمونەم لەسەر ئەوە مانگرتنەکانی خوێندکارانی زانکۆ بوو، لەبەرامبەر گەندەڵی تا سەر ئێسقان لەزانکۆکاندا، کەچی زۆر زوو پاشەکشێیان لێکرد ! !، ئەوانەی کەداوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە خوێنکار و قوتابیە حزبیەکان کرد، زۆریان پێنەچوو رایانکردە نێو باوەشی پیرە سیاسیەکانەوە ! !.

لەلایەکی دیکەوە من تێئەگەم کە گوتاری گەنجانە رازی نیە بەباری ئیستاکێ، بەلام کێشەی ئێمە ئەوەیە لەناو هەموو گەنجێکدا پیرێکی نووستوو هەیە کەناهێلێت خۆی ئۆرگانیزە بکات و روانییێکی پاشەرۆژانەی هەبێت بۆ ژیان. پیر ئەوەندەی بیر لەمردن و هێشتنەوەی واقیعی خۆی دەکاتەوە ، ئەوەندە بیر لەپاشەرۆژ ناکاتەوە، بەمانای پیرێك هەیە کۆمەڵگای بەقورسایی خۆیەوە راپێچ کردووە نێو بازنەکانی وەهمیەوە و ترادیسیۆن

ونەریتی باوی کۆمەڵایەتی و ناسیونالیەتی کوردایەتی و ئاین دەکاتە چەکی خۆی و دەیەوێت ئەو واقعە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پیرێکە لە ئیدیا و شێوازی ئیداری دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و قوتابخانە و خەستەخانە و زانکۆکاندا خۆی کۆرپەیی و بەرجەستە دەکات. ئەو پیرە هاتۆتە نێو ناو دەروونی هەموو (بیرگەنجێك) کەوە، لەوانەیە لەگەڵ کاملبوونی تەمەن و ڕوداوو و پێچێکی مێژوودا ئەو پیرە وورابێتەوە و هەمووان جارێکی دیکە بکەوینەوە نێو چاڵەکانی کۆنزەرڤاتیڤیەت، تۆ سەیری بەرێزمان (فاروق رەفیق )ی بیرمەند و فەیلەسوف بکە چۆن بۆ غروری موحافزکارانەی کوردی دەگری ! !، بەرێزی تائەو رادەیە(ئەنتی ئەمریکانیزمە) کە موحافزکاری رۆژهەلاتی پێی قبوڵە، نەك ئەنتی ئەمریکانیزمی!، ئەنتی ئەمریکانزمی ئەو لە گوتارێکی رۆشنبیری هاوچەرخەوە سەریهەڵدانەداوە، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەئەوروپا و جیهاندا هەیە، فاروق بەو تولە رێگەکانەوە و بەهەموو ئەو هێزە فیکری و تێوریە ئەکادیمیانەی هەیەتی دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو رقە ئەبەدیەی کە موحافزکار و پیر هەیەتی لەرۆشنبیر ، بەهەر حاڵ..

من ئێستا بڕوام بە خنکاندنی ئەو (پیرە و غرورەکانی ) هەیە، ئەمە ئیشی ئەم نەوەیە و ئیشی هەمووان دەبێت . من لەو بڕوایەدام ئێمە دەبێت ئەو پیرە بخنکێنین!، من لە ڕۆمانی "کەوتنە خوارەوەی گورگێك"دا بیرم لەوەکردەوە کە دەبێت (سەربڕاوی گەورە)، کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە، بکوژرێت!، بەڵام دوای ٣٥٠ لاپەرە سەیرم کرد ئێمە بەهیچ



شێوەیەك نەمانتوانیوە پیرەکان لەدەروونماندا بخنکێنین و بکوژین، ئیشی ئێمە کوشتنی ئەو پیرانەیە. دیارە خودی ئەم رۆمانەش (کەوتنە خوارەوەی گورگێك) ، پیری کوردی نێو نێوەندی ئەدەبی پەست کردبوو، ئەوەبوو لەلایەین ئەو دەزگایەی کەچاپی کردبوو و هەروەها لەلایەن ئەندامانی ئەو دەزگایەوە رۆمانەکە (شێوێندرا)، تەنانەت خۆیان هیلاك نەکرد داوای لێبوردنێکیش بکەن. ئیدی لەهەموو شوێنێکدا (پیری کوردی ) بوونێکی مشەخۆری و رێگری هەیە لەبەرامبەر داهێنان و ژیان، لێرەوە ئەم کوشتنە کوشتنێکی سومبولیانەیە، کوشتنێکی ڕەمزیانەیەلەڕیشەکێشکردنی هەموو ئەو وەهمانەدا خۆی ئاوێنەیی دەکاتەوە، کەلە حەفتاکانەوە و پێش ئەوەش بەسەقەتی بانگەشەی بۆ کراوە، بەڵام ئێستا پەشیمانبووینەتەوە لێی. بەمانایەکی دیکە، پێداچوونەوەی هەموو ئەو چەمکانەن کە دەسەڵاتی کوردی ئەمڕۆ پێناسەی سەقەتی بۆ کردووە، هەر لە پێناسەی شەهیدەوە بیگرە تاوەکو نیشتمان وکۆمەڵگە و کوردایەتی.

گەر سەیری ئەو بیرۆکراتیانەی ئەمڕۆ بکەیت، سەیری ئەو گەندەڵیە ئیداریانەی کە ئەمڕۆ هەیە بکەیت ،ئەگەر سەیری شۆڕەسواری ئەم گەندەڵیە بکەین،دەبینین لە ڕابوردوودا، هەموویان لە نامیلکەو قسەکانیاندا، هەڵگری بیرو ڕای زۆر زەق و ڕادیکاڵ بوون دەربارەی ژن، دەربارەی منداڵ، دەربارەی کۆمەڵگە خەڵکی تیا هەبوو، نەك تەنها داوای ئەوەی ئەکرد کەنابێ دووژن و سی ژن قەدەغە بکرێت و مارەبەجاش بکری و گەورە بەبچوك بکرێ، بەڵکو خەڵکی تیا هەبوو داوای ئازادی

پەیوەندیە سێکسواڵیەکانیشی دەکرد!!، کەچی ئەمڕۆ خۆی یەکێکە لەوانەی چەند ژنێك ئەهێنی!، ئەمەیە ناکۆکی لەناو خودی ئینسانی کوردی، ئەمە مانای خۆ دزینەوەیە لەدۆزی گەنجانەو تێنەگەیشتنە لە گوتاری گەنجانە... بە بڕوای من گوتاری گەنجانە مانای بونیادنانی جیهانبینیەکی ڕوون و ئاشکرایە دەربارەی کۆمەڵگا دەربارەی ئەدەب و کولتور.
بابڵێین ئەگەر هاتوو نەوەیەکی نوێ بوونی هەبیت!!، ئەمە گرفتەکەیە، گرفتێکی بەردەوامە، گەنج لە کوێدایە و پیر لەکوێدایە و کەی پیرەکان گەنج دەبنەوە؟!، کێشەکە لەوەدایە هەرگیزاو هەرگیز پیرەکانی ئێمە نایانەوی گەنج ببنەوە کێشەی ئێمە لەوەدایە گەنجەکان بەرەو پیریەکی رەمزی و سایکۆلۆژی و فیکری! هەنگاو هەڵدێنن، ئەگەر هاتوو سەرەتا گوتارێکی گەنجانەیان هەبووبێت، ئەوا کێشەکە لەوەدایە لەنێو خودی خۆیدا ڕێڕەوێکی پێچەوانەشی هەیە، بۆ گەڕانەوە بۆ گوتاری تەقلیدیەت بۆ موحافزکارانە بۆ کۆنخوازی بگەڕێتەوە. تەنانەت لەبواری ئەدەبدا ئەگەر سەیری بکەین زۆر چیرۆکنوسمان هەبوون، سەرەتا زۆر باش نوسیویانە، زۆریشیان قەڵس بوون بەو ئەدیبە رەسمیانەی پەنا دەسەڵاتی ئەو زەمەنە، بەمانای ئەوان دژایەتی ئەدەبێکی ڕەسمی مەسلەکیان دەکرد،لەبەر ئەوەی ئەدیبی رەسمی ئەدیبێکە دەزگاوی بووە و جادووی دەسەڵات توانای داهێنانی مراندووە، ئەوە جگە لەوەی دژی هەموو داهێنانێکی نوێیە.. کەچی ئێستا ئەوانە خۆیان بوون بەئەدیبی مەسلەکی و ڕەسمی، ئەوەندەی بەشداری و دەرکەوتن و عەلاوەکان گرنگیان هەیە لەلایان، ئەوەندە داهێنان



بۆ ئەوان کێشە ئامێز نیە!!.ئەمە بەشێکی بچوکە لە ململانێی ئیدیای گەنج وپیر لەنێوەندە ئەدەبی و سیاسیەکەی ئێمە. کێشەکە لەوەدایە دەبێت ئێمە جارێکی تر، ئەو پێناسانە دیاری بکەینەوە ، ئەم پەیوەندی و زۆرانبازیەی نێوان گوتاری گەنج و پیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پەیوەندیەکی زۆر تێك ڕژاوە و ئالۆزە.

ئارام سدیق : جیهانگیری و هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانێکی بەسەر شوناسی پیرو گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لەسوودی کامیانە؟

ئیسماعیل حەمە ئەمین : من گومانم لە گوتاری نەوەیەکی گەنج هەیە، گومانێکی فیکری و زانستیانە، چونکە ئەگەر هاتوو نەوەیەکی گەنج بوونی هەبووایە، ئەم هەموو ناشرینیە لەدنیای کوردیدا نەئەبوو. کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆ وەکو پێم گوتی گوتاری گەنجانە مانای جیهانبینیەکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەمڕۆ جیهانبینیەکی ڕوون و ئاشکرا بوونی نیە ، تەنانەت هەوڵدانیش بۆ ئەو جیهانە لەسەر ئاستێکی زۆر شەرمنە، ئەمڕۆ گەنجێك هەیە داوای داخستنی زانکۆیەکی ئەهلی دەکات، بەڵام تاقەتی نیە دوای ئەوە موتابەعەی بکات بزانێ، ئەم زانکۆیە کە دائەخریت و تێکەڵی زانکۆکەی ئەوی دەکەن، رەوشەکە بەرەو کوێ دەڕوات!. ئیرادەیەگەرایەك راستەقینە نیە بۆ گۆڕان، یاخود دەتوانین بەو ڕێژەیە بڵێین: هێشتا ئەم ئیرادەیە کامڵ نەبووە و فۆرمی خۆی وەرنەگرتووە. ئاشکرایە ئەمڕۆ جۆرێك هەیە لەڕازیکردن، لە تەمەڵی و پیر بوون، لەزۆر و بۆری و

بەرهەمهێنانی مرۆڤی مشەخۆر،مشەخۆری هەرەشەیەکە لەسەر گەنج، دەسەڵاتی کوردی گەندەڵی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ نێو گەنجان لەرێگەی بە پرۆسەی (بەمشەخۆرکردنی گەنجان)، رازیکردنێکی بێ بنەماو بێ بەرنامە، ئەمانە کێشەی تازە و مەترسی تازەن لە سەر نەوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوە هەموو گوتارێك کە تەرح ئەکرێت لە ئاستێکی رووکەشی و فۆرمێکی ناتەواودا دەمێنێتەوە ،لەسەر ئاستی کۆمەڵێك وشە و کۆمەڵی گوتاری کورتیلەی رۆژنامەیی زیاتر لەگلەیی دەچن وەك لەوەی نووسینێك بن تەعبیر بن لە ئیرادەیەك بۆ گۆڕان، ئەوەشی دەمێنێتەوە هیچیشی وەر ناگێڕدرێتە سەر زمانی کردەییبوون و جوڵەی ئۆرگانیزەکراو. من پێموایە جوڵەی نەوە تازەکان ئێستا لە کوردستاندا بوارێکی باشتری هەیە بەحوکمی کشانەدواوەی تیرۆری جەستەیی و زەبری کوشندە لەسەر جەستە. هیچ لەم مانگرتنانە نەبوون بەتەرح و هیچی تەرجەمەنابی بەکردار و دەسەڵات ناخاتە بەردەم پرسیاری چارەنوسی و دانوستان !!، لەوانەیە هۆکارێك ئەوەبێت، کەئەو گوتار و جوڵانەوانە و مانگرتنانە لە خولگەی ئێستاکێدا دەخولێنەوە و لەسەر بنچینەی ئێستای رۆژانە دەجوڵێن، بێئاگایە لە رابردوو.. چاوێك نیە کە سەیری ڕابردوو بکات، چاوێك نیە سەیری مەنتیقی خۆی بکات، ئیدی لەمەوە دەتوانم ئەمانە پابەند بکەمەوە بەپرسیارەکەت و بڵێم : راستە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا و کۆمنیکاسیۆنی جیهانگیری لەبەردەمدایە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو خودە نائاگایە بێ کاریگەر دەمێنێتەوە!!.. بۆ ئەوەی ئێمە لەو هاوکێشەی تەکنەلۆژیا و جەوهەری خود



تێبگەین، دەتوانین لەنموونەیەکی زیندوو نزیك بینەوە، بۆ نموونە: من نەمزانی ئایا پەست بوونی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەکردنەوەی زانکۆی (ئایندە) لە بەر ئەوەیە، کە زانکۆیەکی تر هەیە موونافەسەی ئەوان دەکات و سبەینێ هەق لەوان وەرئەگرێتەوە، یاخود دژی ئەوەن کە خەڵك بەبازێك و برێك پارە دێتە زانکۆوە!! وام هەستکرد کە بزوتنەوەیەکە بۆ دەرچوون لەکلێشە پیرەکانی خوێندن و مەنهەج کە گەندەڵی و دەسەڵات لەپشتیانەوە وەستاون،کاردەکەن و پشوو درێژن!!
من چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد پێش و دوای ئەو خۆپیشاندانە چەندەها هەوڵدان و بزوتنەوەیەك هەبوایە بۆ تازەکردنەوەی مەنهەج بۆ گۆڕینی سیستمی زانکۆ هەروەها بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێرو مێ لە زانکۆ و گشت پرۆسەی خوێندندا، بۆ ڕیشەکێشکردنی توندوتیژی لەراڕەوەکانی زانکۆ، و زۆر و بۆری بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرای لەهێلکە تروکاوی دەسەڵاتی حزب، دەبووایە چەندەها گروپی فشار لەنێو خودی خوێندکاراندا لەدەرەوەی بازنەکانی دەسەڵات خۆی رێکخستایە، کەچی هەر یەکە و لەنێو خولگەی دەسەڵاتدا بەدووی چارەسەردا دەگەڕا، گەر ئەو خوێندکارانە لە رێگەی کۆمۆنیکاتسیۆن و ئینتەرنێتەوە ئاگایان لە رابوردوو بووایە، چارەسەری کێشەکانیان نەدەدا بەدەست دەسەڵاتێك ، کەهێشتا بەدەست و بەددان لەنێو کولتوری بەعسیزمدا گاگۆڵکەیەتی.. . بەڵام دوای ئەوەی زانکۆی ئایندە داخراو هەمان خوێنکارەکانی ئەو زانکۆ ئەهلیە لەدەرگای پشتەوەی زانکۆوە کرانەوە بەزانکۆی سلێمانیدا، ئیدی ئەو هەموو هەرایە دامرکایەوە !!، سەیرە وانیە!!، هەر

وەك ئەوەی مەسەلەکە تەنها غیرە و ئیرەیەکی ناهۆشمەندانە بێت، ئەمەش پالّی نا بە نوێنەرە پیرەکانی کۆمەڵگە کەبلّێن گەنجان تەنها لەئیرەیی پێبردنەوە ماندەگرن !!، ئەگینا بە بەراوردکردنی ئەو هەموو ئینتەر نێت و کۆمۆنیکاسیۆنە ، دەبووایە ئەوان (گروپی فشاری بەردەوام) یان پێك بهێنایە، خۆ سەرچاوەکانی زانیاری لەئینتەرنێتدا زەمانەتی ئەوەدەکات، بەوەی هەموو ئەزمونی ئەو جۆرە موتابەعە و تیۆرە و خۆ ئۆرگانیزەکردنینان پێ ببەخشێت. لێرەوە دەمەوێت بلّێم خودێکی مۆدێرن لەجەوهەردا و ئیرادەیەکی مۆدێرن لە جەوهەردا دەتوانێت ئامرازەکانی مۆدێرنە کەلەتەکنۆلۆژیا و کۆمۆنیکاتسیۆندا خۆی دەبینێتەوە، بەکاربهێنێت. کاتێك بەرامبەر گوتارێکی گەنجانەو نەوەیەکی گەنجانە دەبینەوە ،کاتێك ئەمە لەبزوتنەوەیەکی هوشیارانە ئامادەگی دەبێت، ئەو کاتە دەتوانین بلّێین خودێکی هوشیار زائیدەن تەکنەلۆژیا و کۆمۆنیکاتسیۆن و پەیوەندیداری ، لەپەیوەندیەکی کارلێکگەری ئەقلانیدا دەبن. بەلاّم کاتێك ئەمە ئەم ئامادەگی نیە، لەبەر ئەوە نەوەیەکی گەنج ونادیار لەبەرامبەر ئامرازەکانی مۆدێرنە بەشێوەیەکی خراپ بەکار دەباو دەیکات بە گەندەخۆری مۆبایل و ئینتەر نێت و جوکە و نوکە !!، دەیکات بەنەوەیەکی بەرهەم هاتووی (ڤیدیۆ کلیپ) و زانیاری ئاسانی پێناسەیی، ئیدی هۆکارەکانی ونبوونی گەنج لەنێو تۆڕی تەکنەلۆژیادا قسە زیاتر هەڵدەگرێ... پرسیاری من ئەوەیە کە ئێمە ئەبێت هەمیشە لەخودێکی هوشیارانەوە ، گومان بکەین لەبوونی گەنجانەی خۆمان .. جاك درێدا لە گوتارێکیدا باس لەئەوروپای گەنج و



ئەوروپای پیردەکات وە هەولّ ئەدا تێبگات لەوەی ئەوروپای پیر لە کوێدایە و دەپرسێت ئەمە تێپەڕاندنی ئەوروپای پیرمان کردووە؟!، بۆ نموونە پرسیاری کۆڵۆنیالکردنی ولاّتانی دی پرسیاری ڕاسیستی و ڕەگەزپەرستی، پرسیاری بەکەم زانینی ئەوانەی لەدەرەوەی ڕۆژئاوادان !!، دریدا و هەموو فەیلەسوفەکانی وەك و بۆردریاد ولیوتارد و فۆکۆ و دۆلۆز و..هتد ، بەتایبەت ئەو فەیلەسوفانەی زۆرجار بەپۆست مۆدێرنە ناودەبرێن، گومانیان کردووە لەوەی کە ئەوروپایەکی گەنج هەبێت!، مادامێکی هێشتا ئەم پرسیارانە بەکراوەیی ماونەتەوە، مادامێکی هێشتا فەڕەنسا کە هەڵگری پەیامێکە ئەچێت لە ولاّتێکی وەکو ئەفریقا سەرباز دائەبەزێنی و مومارەسەی کاری سەربازی ئەکات،و سیاسەتی حکومەتەکەشی دژی کۆچبەرانە، مادامێکی ولاّتێکی وەکو ئەمریکا کەبەشێکە لە دنیای تازە، بڕوای بەداگیرکردنە. ئەم پرسیارە فەلسەفیانە هەمووی پرسیارێکن لەخودی ئەوروپا و ڕۆژئاوا،بەوەی ئایا بە هەقەت ئەوروپا و ڕۆژئاوا تەجاوزی ئەوروپای پیری کردووە؟!، ئەوروپای پیری کۆلۆنیالّ، هەموومان بینیمان کە دروست کردنی دەولّەتی کۆلۆنیالی و داگیرکردنی ولاّتان و بەش بەشکردنی بردنی سامان بوو ،لەدوای ئەوە پۆست کۆلۆنیالی هات کە حکومەتەکانی سەدام و ئەم حوکمەتانەی لەم ناوچەیە دامەزراند، پشگیریکردنی ئەوان خۆی لەخۆیدا درێژەپێدانی ئەوروپای پیر بوو، دووبارە کۆلۆنیالیزەکردنەوە بوو . لێرەوە ئازیزم ئارام سدیق ، ئەتوانین سەیری کێشەکانی گوتاری گەنج بکەین لەهەموو دنیادا و بلّێین: ئایا بەحەقەت گوتارێکی گەنج هەیە؟!

..هەروەها کاتێك من ئەڵێم: گەنج نەوەیەکی و ونە و گەربوونی هەبێت؟!، ئەوا لەو ئیشکالیەتە فیکری و فەلسەفیانەوەیەوە کەئاماژەم بۆکردن، بەمانای ئەرکی هەموو ڕۆشنبیرێکە هەمیشە ئەو پرسیارەبکات، ئایا بەحەقەت ئێمە گووتارێکی گەنجانەمان هەیە وە ئەگەر هەمان بێت کامەیە؟ هەروەکو لە پرسیارەکەی تریشدا ئاماژەم پێکرد بەڕای من گوتاری گەنجانە مانای جۆرێك لە ڕادیکاڵیەت و حەزکردنێك بە گۆڕان، مانای بوونی هۆشمەندیەکی تەواوە بەرامبەر بەدنیا، ئەکتیڤ بوونێکە لەناو ژیاندا، خاوەنی سەرنج و تێزێکی ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بەدنیا نەك خاوەنی سەرنجێکی بۆڵە بۆڵکار . ئەوە نابێت لەئاستێکدا بوەستێ لە موتابەعەکردن و ئاوڕدانەوەی مەوقیع و پۆزیسیۆنی خۆت و مەوقیعی ئەوانی تر. ئێمە پێویستە هەمیشە گومان لە گەنجێتی خۆمان بکەین، گومانێکی راتسیۆنال و ئەقلانیانە، ئێمەدەبێت هەوڵبدەین بەرگەی گومان لە گەنجێتی بیروڕاکانمان بگرین، بۆ ئەوەی تاوەکو مردنی جەستەیی، خۆمان لەپیرێتی و موحافزکاری هزر و بیروڕا بپارێزین.

من خۆم لەبەر ئەرکێکی سەختدا دەبینمەوە کە هاوکێشەی گەنج و پیر بخەمە ناو هەموو ئەوانەوە، ئەوە شتێکە تۆ زیرەکانە من ئەخەیتە ئەو معادەلەیەوە، ئەو هاوکێشەیە قورسە، بەڵام من هەندێك ڕام هەیە لەسەر جیهانگیری گلۆباڵیزم خۆی لە خۆیدا کێشە بەندی و ئیشکالیەتی گەورەی بۆ ئینسان دروستکردووە. گلۆبالیزم خۆی لە خۆیدا گەورەترین کێشەی جیهانی مۆدێرنەیە ،لەهەمان کاتیشدا تەکنەلۆژیاش پڕۆدێکتی وەبەرهێنانی ئەو گلۆبالیزمەیە، ئەگەر هات و تەکنەلۆژیا پێشنەکەوتایە گلۆبالیزم



و جیهانگیری رووی نەئەدا، لەسەرێکی دیکەوە ئەگەڕێینەوە بۆ تێزێکی زۆر کۆنینە،کە ئێمە وامان تەسەورکرد، وەهامان مەزندە دەکرد، من خۆم بۆنمونە،پێم وابوو کە ئێمە و دنیا تەجاوزی زۆر تێز و کۆنتێکستمان کردووە و ئەوانەکۆمەڵی تیزی کۆنن ،کارڵ مارکس بیروڕایەکی سەیری هەبووە. مارکس لەوبڕوایەدابوو کە شۆڕشی کرێکاری لەهەموو دنیا ڕووئەدا، بەمانای شۆڕشێکی ئینتەرنسیۆناڵیە لەبەرامبەر گلۆباڵێکی کاپیتالیستی کەکێشەکانی مرۆڤ لە دنیادا نزیك دەبنەوە و هاوبەش دەبن ، لەوساتەدا سۆسیالیستی مومکینە!!. ئەو پێی وابوو لەبەر ئەوەی سەرمایەدار (کاپیتالیزم) ئەوەندە گەورە دەبی ئەوەندە پێدەگات وەکو خۆی دەڵێت“ (ئەوەی کە چینی سەرمایەدار کردی لە دنیای نوێدا هیچ چینێکی تر نەیتوانیوە ئەو گۆڕانکاریە بەسەر دنیادابێنێ)، بەڵام سەبارەت بەکاپیتاڵیزم مارکس لە کۆتایی سەدەی هەژدە پێیوابوو، کە سەرمایەدار وای لیدێت سنوری نەتەوەکان ناهێڵی جیهانگیری ئەبێ بەیەك، بابڵێین پارە دەبێ بەیەك، ڕەهەندێکی جیهانی سەرمایەداری لەجیاتی رەهەندێکی ناسیونالیستی سەرمایەداری بوونی ئەبێت.. لەمەو دوا وە لەبەرامبەر ئەودا، مارکس بە بڕوای خۆی چینێکی کرێکار دروست ئەبێت دژی ئەوگلۆبالە کاپیتالیستیە، بەڵام ئەمڕۆ پێش ئەوەی ئەو چینە کرێکارەی مارکس دروست بێت، ئیسلامێکی گلۆباڵ دروست بووە، کەلەسەرێکی دیکەوە بەرهەمهێنی دنیای پۆست مۆدێرنی کاپیتاڵە. پارادۆکس ولاماقول لەوایە کە ئەمڕۆ تیرۆرێك دروست بووە لە شێوەی گلۆبالدا!، دیارە ئێمە باسمان لە مارکس نیە وەکو تیۆریەکی

شۆڕشگێڕانە، ئێمە باس لە مارکس ئەکەین وەکو فەیلەسوفێك کە پێشبینی ئەوەی کردووە، لەداهاتوودا کاپیتالیستێکی جیهانی ئەبێ کە سنورەکان ئەشکێنی و بازاڕەکان زۆر زۆر فروانتر دەبێت، بۆ ئەوە پێویستی بەڕێخۆشکردن هەیە، گەر سەرمایە دارانی جیهان گوتارێکی ناسیۆنالیستیان هەبوایە ، ئەوا نەیاندەتوانی ئەوروپا یەکپێبگرنەوە، ئێستا ئەوە نەماوە، لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە ئاستێك کە پێویستی بە بازاڕی تازەی تر هەیە، بەڵام ئەمانە لە نێو خودی ئەوروپاو ئەمریکادا کە بە (نێوەند) ناودەبرێن ڕیتمێکی نەخشەبۆکێشراوی هەیە، بەڵام کاتێك ئەو شێوازەی گلۆباڵە خۆی دەکات بە ( کەنار)ەکاندا، فەوزایەکی سەیر دەنێتەوە ! !،لێرەوە کێشەبەندی ئێمە و گلۆباڵ دەستپێدەکات، هەموو بەرخۆری و گەندەخۆری و هۆکاری تری بەکاربردنە دەهێنرێتە نێو بازاڕەکانەوە. یەکەمجار ئەوەی کە هاتە ناو سلێمانیەوە مۆبایل و ئینتەرنێت بوو، بەڵام ئەی کوا ئایدیاکانی مۆدێرنیزە کراو، ئەی کوا ئەوبیروڕایانەی کەهەبوون لەگەڵ مۆدێرنە. پرسیارەکە ئەوەیە جیهانگیری چۆن دێتە ناو ئێمەوە و جیهانگیری چۆن دەجووڵێتەوە ؟ !، ئەو کەسانەی لە ئەوروپادا بە ملیۆنەها ئەچنە سەرجادەو دژی هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا لایەنگری جیهانگیرین، خۆپیشاندان دەکەن، خۆ ئەوانە شێت نین، ئەوانە لەو بڕوایەدان کە جیهانگیری هەژارەکان هەژارتر دەکات ودەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر دەکات. ئەمە هاوکێشەیەکی زۆر زۆر ئاسانە کە پێویستە تێیبگەین فەیلەسوفێکی وەکو بۆردیار پێ ی وایە کە



تیرۆر پڕۆدێکتێك و وەبەرهێنەری جیهانگیرییەکی وێنە و میدیایە، شەڕی وێنە و ڤیدۆکلیبەکانە، لەنێو هێلانەی میدیا و کۆمنیکاتسیۆن و ئینتەرنێتدا ئیسلامیستەکان دەتروکێنن و ڤیزۆن و دووری گلۆباڵ بۆخۆیان وەدەست دەهێنن.. ئیسلامیستەکان تەکنەلۆژیای تازەیان، میدیای گلۆباڵیان زۆر باش بەکارهێنا ،ئەویش تەکنەلۆژیای هونەری کامێرایە بۆ بەخشینی ڕەهەندێکی جیهانگیری بە ئیسلام ، بە تیرۆر، با بڵێیم بە تیرۆر زیاتر، چونکە ئەگەر تێبینی بکەی لێدانی بورجی یەکەم و لێدانی بورجی دووەم لە یانزەی سێپتەمبەردا، ماوەیەکی کورتی لەنێواندا بوو،لەم ماوە کورتەدا کامێراکان خۆیان جێگیرکردبوو، کەناڵەکان بە زیندوویی دیمەنەکانی مانهاتنیان نیشاندەدا، کامێراکان هاتن و ئیسلامی تیرۆر بیری دەکردەوە، یان بابڵێین تیرۆریزم بیری لەوە دەکردوە کە لەو ماوە کورتەدا پێویستە کامێراکان ئامادەبن لەبەر ئەوە خۆکێشانی فڕۆکە رفێنراوەکەی (موحەمەد عەتا) لەبەر چاوی هەموو مرۆڤایەتی بە بورجی دووهەمی مانهاتن ، راچڵەکێن و شۆکی هەمووان بوو، بەرامبەر بە دیاردەیەك کەتاوەکو ئێستا بە هێند وەرنەگیرابوو، ئەویش ئیسلامی سیاسی بوو، کە رەهەندی گلۆباڵی خۆی لە میدیای گلۆباڵەوە بۆ خۆ وەدەستهێنا ! !. بەڕای فەیلەسوفێکی وەکو بۆردیارد یازدەی سێپتەمبەر پێش ئەو دیمەنانە بوونی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیای بینینێکە (سیمۆلاتسیۆن)ی پێ دەڵێن، تەکنەلۆژیای بینین، ڕووداوەکە بڕیاردەری بەگلۆباڵبوونی ئیسلامی سیاسی بوو، ئەمانە هەمووی ئەو کاتەبوونی هەیە کە تەکنەلۆژیای میدیاو دەیبینین، دەبینرێ

و سەیر دەکریٚ، بەم شیٚوەیە تیرۆر هەست بە گلۆبالیەتی بینین ئەکات و تەکنەلۆژیای بینین و ئینتەرنیٚت ئەکات بە هۆکاریٚکی سیٚنترالی گرنگ و بەکاری دیٚنیٚت. لەبەر ئەوە یازدەی سیٚپتەمبەر خۆی لەخۆیدا بوونی نەدەبوو بەبیٚ بوونیٚکی بینراو. ئەمە کرۆکی موناقەشەی بۆردیارە لەمەڕ تیرۆریزم. یانزەی سیٚپتەمبەر لە پیٚش، لە ئەفغانستان هەبووە، لە عیٚراق هەبووە، لەزەمەنی ئەنفال و هەلەبجە و بەشداری ئەوەوە هەبووە کۆمپانیا ئەلمانی وئەمریکایی و فەرنسی و نویٚنەرکانیان کە مین و بۆمبی کیمیاوی بوون، هەبوون ، خۆ مینی ڤالمارا و چەندەها ناوی دیکەی بیٚگانە و رۆژئاوایی لەریٚگەی مینەوە بەئیٚمە ئاشنابووە.. لەم ولاتانەی ئیٚمەدایازدەی سیٚپتمبەریٚکی دیٚرین بوونی هەبووە، کیٚشەکان کیٚشەیەکی دورودریٚژن، بەلام ئەوە تەکنەلۆژیایە، ئەوە جیهانگیریە کەرەهەندیٚکی گلۆبالی دەداتیٚ .. لایەنیٚکی دیکەی کیٚشەی گلۆبال و تەکنەلۆژیا لەوەدایە کە کۆمنیکاتسیۆن وئینتەرنیٚت سەرەرای ئەو هەموو خزمەتە گەورانەی کردوویانە،لەروویەکی دیکەوە ئیٚمە زیاتر تەنهاتر دەکات، ئیٚمە زیاتر ئەبستراکت و تەجرید دەکاتەوە. گەنج لیٚرە بەتایبەت گەنجی کوردی توشی دووفاقی و کیٚشە و پەرتبوونیٚکی سایکۆلۆژی زۆر گەورە بووە، بۆ نموونە ئیٚمە لیٚرەین لە سلیٚمانی چات ئەکەین لەگەل کچیٚك لە ئەمریکادایە، بەلام ئیٚمە ئەم کچە نابینین!، کە دیٚمە دەرەوە دیسانەوە دیٚمە سەر ئەو جادەیەی کە ئۆتۆمبیلەکان بەخیٚرای ١٢٠ لیٚدەخورن!، لیٚرەوە تەنهایەکانی ئیٚمە قولتر ئەبیٚتەوە، لیٚرەوە ئیٚمە هەموومان کەسیٚکین لە نیٚوان بینراو نەبینراودا ئەجولیٚینەوە. من قسەم



لەگەل تۆدا کردووە، بەلام من تۆم نەبینیوە ، دەستم لەتۆ نەداوە، لیٚرەوە پەیوەندیەکان چەند زانیاری دەگویٚزنەوە، دە ئەوەندە مۆرالی پەیوەندیەکان دەخەنە نیٚو قەیرانەوە. ئەتوانم بلیٚم مۆرالی پەیوەندیە... گەنج وپیر کیٚشەیان هەیە لەنیٚو ئەم تەکنەلۆژیا و کۆمنیکاتسیۆنەدا، لیٚرەوە گەنجیٚك هەیە لە دنیاکانی ترەوە دیٚتە ناو جیهانی پیری ئیٚمەوە، لەوبڕوایەدام ئەمە بۆ ولاتانیٚکی وەکو ئیٚران، یان وەك بۆ خوارووی عیٚراق کە شیعەی تیٚدایە کاریٚکە دەبیٚتە هۆی ئەوەی، کەئەو تەوژمە ئاینیە جاریٚکی تر بکەویٚتە حالەتیٚکی لاوازەوە، بەلام ئەوانیش (پیرەکان، کۆنزەرڤاتیڤەکان) زیرەکانە دیٚن و دیسانەوە ئەو تەکنەلۆژیایە بەکار ئەهیٚننەوە بۆ زیاتر قولکردنەوەی (پیری حزبی ،پیری شیعە، پیری ئاییني، پیری ئیسلامی، پیری ناسیونالی و قەومەگی ) کە لەناو کۆمەلگەی ئیٚمەدا هەیە، لەبەر ئەوە، تەکنەلۆژیا دۆزی گەنج و پیر ئەخاتەوە بەر ئیشکالەیەتی گەورە، دیسانەوە ئەلیٚم: ئەگەر لەتەنیشت بەکارهیٚنانی ئەم تەکنەلۆژیایەوە تیٚزیٚکی ڕەخنە گرانە نەبیٚت لەلای گەنج، باگراوندیٚکی فەلسەفی و چەندەها نیٚزی ڕۆشنبیری نەبیٚت، لەو بڕوایەدام گەنج تووشی پشیٚویەکی ڕۆحی زۆر گەورە دەبیٚت و ئەم تەکنەلۆژیایە زیاتر پیری دەکات. زیاتر هیلاکی دەکات.
ئیسلامی سیاسی لەڕیٚی ئەو تەکنەلۆژیایەوە نەهامەتیەکانی گەنج ئەقۆزیٚتەوە بە ڤیدیۆ کلیپی سەیر و چیرۆکی سەیر سەیر ..راستە لاپەڕەکانی ئینتەرنیٚت ڕەهەندیٚکی ئیرۆتیکیانەی هەیە، بەلام ئەوە ئیسلامیە کەبە ناراستەوخۆ، ئەو ڕەهەندە ئیرۆتیکیانە لەویٚنەی بەهەشتدا دەهاروژیٚنیٚ، بۆ ئەوەی گەنجیٚك

هانبدات بۆ ئەوەی لەرێگەی خۆ تەقینەوە  و زۆر زوو بگاتە ئەو بەهەشتە ئیرۆتیکیە، کەلەوانەیە لە ئینتەرنێتدا شێوازێکی لەو جۆرەی بینیبێت. بیریشت نەچێت لە پەنا ئەوەوە ڕەهەندێکی تر هەیە بەگەنج  دەڵێت" ئەم هەموو ناشیرنیەی دنیای تۆ، لای من دەرەوێتەوە !، لەبەر ئەوەی ئیسلامیەکان ئەوەندەی ئەوان ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیایان بەکارهێناوە، ئەوەندەی ئەوان خەریکی قوڵکردنەوەی گوتاری پیرێتین لەکۆمەڵگای ئێمەدا و لەکۆمەڵگای عەرەبیدا بەترساندن بە پیشاندانی ڤیدۆکلیپی سەیر سەیر، ئەوەندە گەنج نەیتوانیوە سوودی لێوەربگرێت ،سوود لە بیرە مۆدێرنەکان وەربگرێت، سەیرەکە لەوەدایە، دنیای مۆدێرنە لە ئەزمە یان لە قەیرانێکی گەورەی فەلسەفیایەنەدایە و دووەمیان غیابی و گومبوونی کلتورێکی باڵا و  جیهانبینیەکی روون، پەیوەندی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و گەنج دەخاتە قەیرانەوە.. بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا هەموو دەزگاکان پیرن ، زانکۆ پیرە، نەخۆشخانەکان پیرن ، ڕۆژنامەکان بەگشتی پیرن. وەزارەتی ڕۆشنبیری پیرە، هەمووی پیرە، ئەمانە هەموو گوتارێکی پیرت پێشکەش دەکات و ئەم گوتارە پیرە ، ئەم دەزگا پیر میتۆدانە، ناتوانی گەنجێکت بۆ بەرهەم بهێنێت کە بتوانێ تەکنەلۆژیای تازە و جیهانگیری لە سوودی خۆی بەکاربهێنێت. وەکو لە پرسیاری ئەوروپای گەنج و ئەوروپای پیر گوتمان گلۆبالیزم زۆرجار درێژکراوەی ئەو ئەوروپا پیرەیە کە کاتی خۆی بڕوای بە داگیرکردن هەبوو، دیسانەوە ئەبی ئێمە بڵێن نەبوونی گوتارێکی ڕۆشنبیرانە بەنەبوونی تێزێکی



ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەدنیا ،ونبوونی چاوێکی تیژ دیسانەوە پیر ئەهێنێتەوە ناومان و گەنج توشی پشێویەکی ڕۆحی ئەکات.

. ئارام سدیق :لەهەموو وڵاتێکی دنیادا، بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گەنج خاوەنی خەون و پرسیاری نوێیە، بەڵام لای ئێمە بێ پرسیارترین نەوەی کۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

ئیسماعیل حەمەئەمین:  ئەو نەوەیەی گەنجە؟ ئەو نەوەیەی بە تەمەن گەنجە، کێشەبەندی ئەوان لەیەکەم  ئەزمونیاندا ئەوەیە، کە ئەم نەوەیە لەدوای ڕاپەڕینەوە چاویان کردۆتەوە !،لەدوای ڕاپەڕینەوە تەمەنی هەرزەکاریان پێگەیشتووە بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕین ئێمە لەبەردەمی  کۆمەڵێ شکستی گەورەدا بووین. نەوەی نوێ لەو تەمەندا لەناو گەورەترین شکستیدا لەدایك بووە، لەبەر ئەوە سەیر نیە کەهەموو شتێکی لەلاڕەوا  بێت، بەمانای لامسەلایی و  بێ ئامانج لە ژیان بڕوانێت ، دەشێت هەموو شتێکی بەسەردا تێپەڕێت  و  بێزاربێ لە هەموو شتێك  و هیچ شتێك بەهەند وەرنەگرێ، هەموو ئەوانەی کەنەوەی نوێ بە نەوەیەکی تەمەڵ لەقەڵەم دەدەن و بەوە تاوانباریان دەکەن، دەبێت بڵێین بۆچی تەمەڵن؟ یاخود بۆچی ئەم نەوەیە بەتەمەڵ کراون، بۆچی ئەمانە زۆر و بۆرکراون؟، هەموو شتێکیان لەبەردەمدا زۆر و بۆرکراوە، ئەمانە لەبەردەم ژیانێکدا بوون کە ڕووت بۆتەوە لە هەموومانایەك، گەر تەبعیس و تەعریب و تەهجیر لێدەری یەکەمی نەوەی ئێمە بووبێت لەوەی ژیانێکی دروست بژین، ئەوا بەتەمەڵکردن و  بێ ئامانج کردن و مشەخۆرکردنی نەوەی نوێ، ئەو هەڕەشە نوێیانەن کە نەوەی

تازە دەخاتە بەردەم كێشەبەندی قورسەوە. ئەگەر ئاوڕێك لەزەمەنی خۆمان بدەینەوە و تەمەن بگەڕێنینەوە ، دەتوانم بلێم: نەوەی ئێمە كە نەوەی جەنگ بووین،لەجیهانێكدا دەژیاین كە دابەش بوو بەسەر بەكۆمەلێك جەمسەری زۆرانبازی، بەلام دوو جەمسەری دیارو ئاشكرا بوو، لەلایەكەوە كەش و هەوای دنیای سۆڤیەت هەبوو، لەلایەكی دیكە ئەمریكا هەبوو یەكێكیان بیرێكی سۆسیالستی بوو و یەكێكیشیان بیری ئەمریكانیزم . ئێمە وەكو ولاتێك لەژێر داگیركردنی پان عەرەبیزم وشۆفێنزمی عەربیدا بووین، لەژێر سایەی ئەو كەش و هەوا سیخناخدراوە بە زۆرانبازی سیاسی و جەمسەرە ئایدۆلۆژیكاندا ژیاوین، هاوتەریبیش هەڕەشەی راپێچكردنمان بۆ بەرەكانی جەنگی ئێران وعێراق و كوێت و شەڕی پێشمەرگایەتی وهەلاتن لەسەربازی ، شێوە ژیانی ئێمەی پێكهێنابوو، ئێستاش زۆربەمان لە مەنفا سەختەكاندا ژیان بەسەر دەبەین... ئەو زەمەنە بەردەوام لەگەلّ بیری سۆسیالیستی و بەگژاچوونەوە و شۆڕشگێڕانەدا دەژیاین، تەنانەت سێبەر سەختەكانی ئەو ئایدۆلۆژیەش زیاتر بەسەر ئەدەبدا خۆی راكێشابوو، دیارە ئەمە بەدەر لە ئایدۆلۆژیا و هاوكێشەكانی ، گەڕانەوەی مۆڕالێك بوو، شوناسێك كەخۆی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا دەبینیەوە، مۆڕالێك هەبوو كەپێیان دەگووت مۆڕالّی شۆڕشگێڕانە.

دیارە گەڕانەوەی ئێستامان بۆ ئەو مۆڕالە كارێكی هەلەیە، چونكە ئەو جۆرە مۆرالە و بەو شێوازەی جاران، زەمەنی خۆی ژیاوە و پێویستی مێژوویی بەرگری خولقاندبووی، بەلام شتێك هەبوو پێی دەوترا خۆبەختكردن، پێی دەوترا واز لەسامان و



مالّ و هەموو شتی هێنان لە پێناو مەسەلەیەكی رەوادا، بۆ نموونە شتێك هەبوو پێی ئەوترا ئینتیما و پابەندیی بۆ نیشتیمان، بۆ بەرەنگاربوونەوەكان. بەهەمان شێوە لەناو خودی حزبە سیاسیەكاندا بەرەنگاربوونەوەیەكی ئایدۆلۆژیای تێورەیەكی هەبوو لەفۆرمدا كەحەماس وهەلچوونی گەنجانە پێویستی پیّ بوو، بەلام پیرەكانی شۆڕش خۆیان بڕوایان پیّ نەبوو، بۆنموونە (نەوشیروان موستەفا) لەنوسین و نامیلكە و هەلسو كەوتی سیاسیدا ، سەركردەی ڕۆحی كۆمەلەی ماركسیسیت ـ لینینی كوردستابوو ، كەدوایی ناوی گۆڕا بوو بە (كۆمەلەی ڕەنجدەرانی كوردستان) ، ئەم و زۆربەی ئەو سەركردایەتیە ، گەنجیان بەناوی ماركسیەت و لینینیەت راپێچی شەڕی پێشمەرگایەتی دەكرد، كەچی زۆربەشیان (بەتایبەت بەڕێز نەوشیروان ) هەر لەبنەڕەتەوە و لەو زەمەنەشدا بڕوایان بە ماركسیەت نەبوو! ! ، ئەمە دووفاقیەكی مۆرالّ و دوو دەم وچاویەكی ئەخلاقی بوو، كە دوای بەكوژدانی چەندەها گەنج بەناوی ماركسیست و لینینیەت و كوردایەتیەوە لەلای هەندێك ئاشكرابوو ، ئەمەی من دەیلێم بوختان نیە بۆ (نەوشیروان موستەفا) بەلكو ئەوەی لەكتێبی بیرەوەریەكانیدا نوسیووە و باس لەوە دەكات كە پێش ئەوەی بەئێجگاری بگەڕێتەوە بۆ كوردستان بۆ ئەوەی بەشداربێت لە هەلگیرسانەوەی شۆڕش ، سەردانی مامۆستاكەی كردووە لە ڤێنا (هیلموت كرامەر) ، مامۆستاكەی پێیگووتووە كەتۆ شێتی ، كەچی بەڕێز نەوشیروان لە كتێبەكەیدا (لەكەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) و لە لاپەڕە ٦١ زۆر بە ئاشكرا و بێپەردە دەلێت (تائێستاش دلنیا

نیم لەوەی : بۆچوونەکەی ئەو ڕاست بوو کەمنی بەگەوج ئەزانی ، یان کارەکەی من کەچووم بۆ بەشداری لەدەسپێکردنەوەی شۆڕش دا... ) ! !، لەهەمان کتێبدا باس لەوە دەکات کە ئەو هەرگیز بڕوای بەمارکسیەت و لینینیەت نەبووە ، کەچی سەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی کردووە ! ! ... ئەمانەش دیوێکی دیکەی دوو دەم وچاوی و دووفاقیەتی ئەخلاق و مۆڕاڵ بوو، کەئەو زەمەنە حەماس و شۆڕش و ئایدۆلۆژیا بواری ئاشکرابوونی نەدا ، زەبرو زەنگی بەعس ڕێگەی ئەوەی نەدەداین ، گومان بکەین لەوانەی لەشاخن و بەناوی شۆڕشەوە قسەدەکەن. تاوەکو دوای رووخانی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالستی، ئیدی درۆ گەورەکان ئاشکرا دەبوون و ژیانی سیاسی لە کوردستان و لە سلێمانیشدا بەتایبەت درێژە پێدانی ئەو (پیرە سیاسیانەن) کەبەردەوام لەمومارەسەی شۆڕشەوە بیگرە تاوەکو حکومەت، ڕێگر و هەڕەشە بوون لەسەر بیری گەنج و دۆزی گەنج لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر هاتوو لەدوای ئەم مۆراڵەوە درۆی گەورە لەپشت ئەمانەوە وەستابێ، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام واقیعی حاڵ وەهابوو لەو زەمەنەدا، گەنجی سلێمانی، یان گەنجی ئەم شارانە ئەچوون بۆ لادێکان لەبارێکی زۆر ناخۆشدا دەژیان، پێشمەرگە بوون، شەوان دەهاتنەوە لەم شارەدا بەرەنگاری دیکتاتۆرترین ڕژێم و داپڵۆسێنترین جیهازی ئەمن ئەبوونەوە لێیان ئەکوژرا لێیان دەگیرا، دۆزێکی بەرگری هەبوو کە (گەنجی سیاسی ) جێبەجێی دەکرد و (پیری سیاسی ) تاوەکو ئەمڕۆ سەوداو مامەڵە و بازرگانی پێوەدەکات.. هەموو ئەم دۆزە



مقاومەیە خۆی لەخۆیدا ئێستا حزبی کوردی ئەیکات بەڕیکلامیك بۆ خۆی ئەوە شتێکی دیارە، بەڵام خۆی لەخۆیدائەو زەمەنە و لەرووی سۆسیۆلۆژیەوە، مۆڕاڵێکی دروست کرد بوو ئەخلاقێکی بۆ ئینسان دروست کرد بوو. گەنج لەو زەمەنەدا خۆی لەناو زۆرانبازیەکاندا دەبینیەوە، خۆی لەنێوان هەڵبژاردنی ڕەش وسپیدا دەبینیەوە، هەرچەندە وەکو لەسەرەتادا گووتم ئەم گەنجانەی ئەوسا پاشەکشێیان کردووە لەو شتانەی کردوویانە، گەر هاتوو خیانەتیان لێنەکربێت ! !، ئەوانەی کە ماونەتەوە ئێستا (پیرە هیلاکەکانن). بەداخەوە ئێمە نەمانتوانیوە لە خودی خۆماندا(پیر ) بیانخنکێنین، وەگەنجیش نیە ئێمە بخنکێنێت و ژیان نویێ بکاتەوە، ئەوەی هەیە گەنج درێژەی پیرە و گەنجیش کە پیر بوو نەوەی نویێ دەکات بەدرێژ بوونەوەی خۆی . دیارە من ئەم هاوکێشەیەی گەنج و پیرە لە نێو تەمەندا جیاناکامەو پۆلێن ناکەم، بەڵکو مەبەستم بیروڕاو بۆچوون و مێژووی نویێ و کۆنە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. دیسانەوە ئەڵێم پێویستە (پیری کوردی) بخنکێنرێت، خنکانێکی سومبولیانە، هەناسەی لەبەر ببڕێت ....گەنجی ئێستا لەناو شەڕی ناوخۆدا سەری هەڵدا، لەناو درۆیەکی گەورەدا سەری هەڵدا، هەموو شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ، بیرۆکراتیەکانی ئیمڕۆن، ئێوەی بەتەمەن هەرزەکاری ئەو زەمەنە بینیتان دراوسێ تەلەفزیۆنی دراوسێکەی تری فەرهود دەکات، لەبەر ئەوەی پارتی یاوەکو یەکێتیە. خەڵکی شار چیتر خەڵکی شارنەمان و هەمووی بوون بە دوژمنی یەکتر، ئیهانەو کەرامەت شکانی یەکتر بوو بوو بە شتێکی باو، دەوڵەمەندبوونی بە پەلە بووە بە شتێکی باو،

دۆزێك نەبوو ڕاست و چەوت لێك جودا بكاتەوە، ڕەش و سپی نەماوە لەبەر ئەمە گەنج لەناو ئەمە كەش و هەوایە پەروەردە دەبوو كە هەموو شتێكی لەلا ڕەوایە، هەموو شتێك بووە و هەموو شتێك لەناو قەدەرێكی زۆر سەخیف و بێمانادا خۆی دەبینێتەوە. كەواتە ئەمە پرۆسەی بێماناكردنی ژیانە، لە ناو بێماناكردنی ژیاندا گەنجێك پەروەردە بووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەنی دووەم لایەنی زمانە ، ئەم گەنجە دابڕاوە لە ڕۆشنبیری عەرەبی و لە ڕۆشنبری دراوسی، ئەمەش كێشەیەكی گەورەی بۆ كۆكردۆتەوە، ئەزمونی سیاسی و دەسەڵاتی كوردی ئەوەندە بەتەنگ مەسەلەی ڕۆشنبیری و بەتەنگ مەسەلەی ئەدەبەوە نەبوون و ئەدەب و رۆشنبیری بەخەیاڵ و پلاو، تێدەگەن نەك پرۆژەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی ! ، ئەوا دەرگاكانی پەیوەندیش بەهۆی بارودۆخی ناوچە لەبەردەم سەفەر و تێكەڵاوبوون كلۆمدرابوون ، ئەمڕۆكە بۆ چەند ساڵێك دەبێت ڕۆژنامەو گۆڤار هەیەو ئەوسا وەكو ئیمڕۆ كە دەرگایەك هەیە ئەو وەختە ئینتەرنێت نەبوو، ئەم گەنجانە لەناو ئەم ئەتمۆسفێرە، وایان لێهات كە ئیتر توشی گۆشەگیرەیەكی زمانەوانی بن كە تەنانەت كوردی پەیڤینیشیان خراپتربووە، كوردی نوسینیشیان خراپتر بووە، ئەم دەرگا داخرانە هەموو دەرگاكان بەڕووی ئەم گەنجەدا داخرا، ئەم گەنجە توانای ئەوەی نەبوو سنورەكان ببڕێ، چونكە تەمەنی منداڵ بوو وەكو ئێمە نەبوو دەرفەتی سنوربەزاندنی هەبێت، بڕوا وەهێزی ئەوەشی نەبوو ڕابكات، چونكە لە شەڕەسەگەكانی لەمەو پێشدا نەژیاوە و لەناو جیهانێكی زۆر لێڵ و تەم و مژو ڕەش و بێمانادا كە ڕەش و سپی



تیا تێكەڵاوە ژیاوە ، گەنج لەم زۆنگاوەدا پێگەیشت، لەبەر ئەوە بێتوانایەتی ئەبینی، هەر لەبەر ئەوەشە جیهانبینیەكی ڕوونی تێدا نابینرێت.

ئارام سدیق : كەواتە دەتوانین بڵێین لە شەڕی ناوخۆدا زیان لێكەوتوترین نەوەی كۆمەڵگە گەنجە؟

ئیسماعیل حەمەئەمین: وەك و بۆم باسكردی شەڕی ناوخۆ هەموو شتێكی ڕەواكرد، هەموو مانایەكی بێماناكرد، هەتاوەكو ئەمڕۆ من لەو بڕوایەدام شەڕی ناوخۆ درێژبوونەوەی هەیە، ئەوەشی باجەكە ئەدات گەنجی كوردیە، هەم وەك جەستە كە بووە قوربانی، هەم وەكو بیر، ئیمڕۆ پاشماوەكانی لەوە هەیە كە گەنجێك فێربووە پێویستە خۆی بگونجێنێ بەهەر نرخێك بێت، چونكە بینوویەتی چارەنوسە ڕەشەكان بۆ ئەو كەسانەیە كە خۆیان ناگونجێنن. گەنجێك هەیە بەلایەوە گرنگ نیە چۆن ئەگات، گرنگ ئەوەیە بگەیت بەوەی دەتەوێت، تاكە وێنەی باڵا ئەوە بووە كە ئەو تێیدا گەورە بووە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ دەرهێنانی گەنج لەم كێشەیە، ئەركی ڕۆشنبیریە، ئەركی كلتورێكی باڵایە كە جارێكی تر نۆرمەكان و بەهاكان دابڕێژێتەوە و هەموو ئەو بەهایانەی لە شەڕی ناوخۆدا و لەوە وپێشیش لە دەستچووە بگەڕێنینەوە بۆ گەنج، ئەمە لەزمانی فیكرو فەلسەفەدا و بەتایبەت قوتابخانەی فرانكفۆرت بە(كاركردن لە رابوردوو) ناوی دەنێن، لە بیرت نەچێت، ئەمە مانای ئەوەنیە كەلەوەپێش شتێكی باش بوبێتن، لەوەپێشیش وەكو بۆم باسكردی نەوەی جەنگ خاوەنی كێشەبەندی و ئیشكالیەتی خۆیان بوون، بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا هەموویان ڕووخان چیتر

ژیان نەما، چیتر ژیانی (کلتوری زۆرانبازی) نەما، چیتر هەناسەدان نەما، ئالەو پێچەمێژوویەدا گەنجی نوێی کورد لەدایك بوو .. نموونەت بۆ بێنمەوە : ئەو گەنجە ئێستا تەمەنی چەندە؟ لەوانەیە تەمەنی (٢٠) یان (٢٥ ) ساڵ بێت، ئەو زەمەنە تەمەنی دوازدە یان سێزدەساڵ بووە، تەمەنێکی ناسکی هەرزەکاری ، کە لە سایکۆلۆژیادا بە (لەدایکبوونەوەی دووهەم) ناوی دێنن، لە شەڕی ناوخۆدا بووە، کە تاریکترین و تاڵترین و بێ ماناترین کاپیتاڵی ژیانی کوردی بووە، لەو زەمەنەدا ژیانیان ناسیووە، ئێستا ئەوانە ڕەگە زیندووەکانی ئەم کۆمەڵگەیەن، بمانەوێ و نەمانەوێ ، ژیانی کۆمەڵگە لەدەستی ئەواندا دەبێت، کەواتە ئەرکی ئێمە و ئەرکی دەسەڵاتیشە، گەر بەهەقەت دەسەڵات بێت، ئەم نەوەیە لەو کێشەبەندیە هەڵسوڕاوە و تاڵە مێژووییە قوتاربکەین، ئێمەدا دەتوانین زۆر شت بکەین" یەکەمیان بەڕابوردووی خۆماندا بچینەوە و دەبێ کار لەڕابووردودا بکەین ئەو چەمکە فەلسەفی و فیکریانەی کە هەن، وەکو (ئادۆڕنۆ) باسی دەکات (کارکردن لە ڕابوردوودا)، دۆزینەوەی شوناسی خۆمانە، شوناشی ئێمە شوناسێکی ونبووە، لەبەر ئەوە شوناسی گەنج لە قەیراندایە. دووهەمیان بیناکردنەوەی جارێکی دیکەی نۆرمەکان و بەهاکان و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیە. سێیەمیان دوورکەوتنەوە لە مزگەوت لە نۆرمەکانی لە ڕەواخوازیەکانی دەستێوەردانەکانی لە کۆمەڵگەدا. ئەوسێ خاڵە هەرسێکیان ئەتوانین بڵێین حاڵەتێکی باش دێننە بوون، بێگومان شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵی ئیداری و لەگەڵ بیرۆکراتیەتی کوردیدا لەم چوارچێوەیەدا بەئەنجام دەگەیەنرێت،



نەك بەناو لێنانی خۆ بە (ریفۆرمخواز ) و شتی دیکەی عەجایب کە لەناو لێنان و رووکەشی سیاسی نەبێت هیچی دیکە نیە، ئێمە نابی بیریشمان بچێ کە لەناو نەوەکاندا هەموو نەوەی نوێ و نەوەی کۆنینەدا، هەمووی بەگشتی، چی ناودەنێی بینێ. خەڵکی هوشیار هەیە، ڕۆشنبیری ئۆرگانی وچالاك بوونی هەیە و چەندەها ساڵە لە نێو حزب و بوارەکانی ئەدب و ڕۆشنبیری و کۆمەڵدا کاردەکەن و دەیانەوێت ئەم کۆمەڵگەیە لەو قەیرانە یەك بەدوا یەکانە ڕزگاربکەن، بەمانای ئیرادەیەك هەیە بۆ گۆڕان، بەڵام هێشتا تیۆریزە نەبووە و ئۆرگانیزە نەبووە، ئەگەر هات و ئەم پێکهاتەیە پێك بێت و لەو بروایەشدام وا بەرەو پێکهاتن هەنگاو دەنێت ،ئەگەر هات و شەڕێك بکرێت لەنێو کۆمەڵگەوە بۆ نوێخوازی ، لەهەموو لایەکەوە دژی هەموو ئەو ناشرینیانە، دەتوانین بڵێین نەوەی نوێ تاڕادەیەك پەنجەرەیەکی لەسەر ئەکرێتەوە، پەنجەرەیەك بۆ بینینی ژیان. بەدیوێکی دیکەدا، دەڵێم: دەبێت ئێمە لەهەمانکاتدا زیاتر دۆزی ژیان، نەك دۆزی مردن زیندووبکەینەوە، دوور کەوتنەوە لە (دۆزی مردن) لەنێو پێکهاتەی بیرکردنەوەماندا ئەرکی یەکەمی تاکڕەوی و ئیندڤیدوالی هەر یەك لەئێمەیە، دۆزینەوەی خود وەك خودێکی تاك لەبەرامبەر (دۆزی ژیان)دا ، یەکەم هەنگاوە لەهەموو بوارەکاندا، نزیکبوونەوە لە دۆزێکی هیومانیە بەخود دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە سەر داپۆشینی شێوازی (دۆزی ژیان) بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، بێگومان ئەمە کارێکی زۆری و هیلاکیەکی زۆری و زەمەنێکی زۆری دەوێت، بەڵام دیارە ئەمە ئەرکی هەموولایەکە کاری بۆ بکەین.

ئارام سدیق :ئەو ململانێ زۆرەی نێوان باوك و كوڕ لەكوردستاندا، تاچەند بەپۆزەتیڤی دەبینی، ئایندەی ئەم ململانێیە لەڕوانگەی تۆوە بەرەو كوێ دەڕوات؟

ئیسماعیل حەمەئەمین: كوا ململانێیەك هەیە لە نێوان باوك وكوڕدا؟ گەورەترین كێشە ئەوەیە كوڕەكان تا ئەوكاتە بەرگری لە خۆیان ئەكەن كە نابن بە باوكی سیاسی و وەزیفی و مەسلەكی و لەدەرەوەی ئەم بازنەیەدان، من ئەزمونێكی زۆر هەستیارم هەیە ، ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە، ئێمە كۆمەڵێك گەنج بووین كە سایكۆلۆژیامان دەخوێند لە ساڵی چوارەمی زانكۆماندا پراكتیكمان وەرگرت و دەبووایە وەك مامۆستای سایكۆلۆژیا لەپەیمانگاكاندا موحازەرە بڵێینەوە، چووینە پەیمانگاكانەوە بۆ ئەوەی وانەی سایكۆلۆژیاو پەروەردە بڵێینەوە، هەموو ئەوانەی كە لەگەڵ مندابوون لە پێچێك لەپێچەكاندا، كە خۆیان بێزاربوون لە شێوازی تەقلیدی وانەگوتنەوەی سایكۆلۆژیا لەزانكۆكانی ئەوسای عێراقدا، كە لەزۆر لاوە مەنهەجێكی زۆر زۆر رۆتینی و بێزاریان بەسەر ئێمەدا دەسەپاند، كە زۆریان پێ ئەنوسینەوە و كۆپیەكی زۆر بوو لەسەر پرنسیبی پڕكردنی دەماغەكان لەزانیاری ، نەك تێگەیشتن لە جەوهەری زانیاریەكان، لەپاڵیدا كۆمەڵێك پرۆفیسۆری تەقلیدی ئەوسا مومارەسەی ژیانی زانكۆیی شەستەكانیان لە هەشتاكاندا دووبارە دەكردەوە، ئێمە هەمووان لەو جۆرە شێوازی وانەگوتنەوە بێزار بووین ،... .

كەچی لە پێچێكی زۆر ئاساندا و لە سێیەم وانەوە تێبینیم كرد زۆربەی زۆری ئەو خوێندكارانەی كەلای ئەو مامۆستا گەنجانە



دەیانخوێند، بابڵێین ئەوانەی پراكتیكیان ئەكرد، خوێندكاران لێیان بێزاربوون!، ئەوان مومارسەی هەمان میتۆدی ئەو مامۆستایانەیان ئەكرد كە خۆیان پێش چەند مانگێك لێیان بێزاربوون، بەڵام ئێستا ئەوان لە مەوقیعێكی دیكەدان، بەرەكەیان گواستەوە ، ئیدی هیچ تەجاوز و ریز پەری و موغامەرەیەكی زانستی نەبوو، دیسانەوە هەمان قات لەبەركردن و هەمان بۆینباخیان لەبەر ئەكرد، زۆریشیان لەمن دەكرد كە واز لەرینكۆتی درێژ و جینز لەبەركردن بێنم و هەیئەتی مامۆستا بپارێزمّ!! ریش نەهێڵمەو خۆم نەبم وەك دەمەوێت، و لەجەوهەری سایكۆلۆژیا دووركەومەوە و گرنگی بدەم بە شكلیاتی تەقلیدی مامۆستایەتی ،ئەوان خۆیان پێش دووسێ ساڵ تەعلیقیان لەو مامۆستا تەقلیدیانە دەدا، دەیانگووت: بۆچی مامۆستایەك ناتوانێ بەجینزەوە بێتە ژورەوە؟!، كەچی خۆیان لەیەكەم ڕۆژی پراكتیكدا یەك سەر قاتە تەقلیدیەكانیان لەبەركرد، نەك لەبەر ئەوەی حەز لەقات لەبەركردن دەكەن ، بەڵكو سەلماندنی ئینتمایەكە بۆ (مامۆستای پیر) و (مەنهەجی پیر) و (میتۆدی پیر)، كەئێستا بەتایبەت لە بواری پەروەردەی حكومەتەكانی هەرێمی كوردیدا و لە زانكۆدا نوێنەرەكانیان بە وەحشێتیەوە دژی هەموو مامۆستایەكی نوێخواز و رۆشنبیرانی چالاك دەبنەوە.ئەمە جەنگە لەنێوان (پیر و گەنج) و لەوێوە دەتوانین شوناس دیاری بكەین و بزانین لەكوێدا قەیران ئامێزە و لەكوێشدا ڕۆشنە بە هێز و ووزەی نوێ . لێرەوە كێشەكە دەبێتە كێشەی (بڕواكردن بە گوتەزاو گوتارەكانی نەوەكان) ، بەمانای تاچەند بڕوای پی ئەكەی، هەموو ئەو ئەدیبانەی دژی

بیوروکراتی رۆژنامەو گۆڤاری زەمەنی بەعس کە(هاوکاری و بەیان) دا خۆیان ئاوێنەیی دەکردەوە، دژی بیرۆکراتیەتی رۆشنبیری مەسلەکی دەوەستانەوە و دەیانگووت :مەسلەکیەت دژی داهێنانە ! !، ئەمرۆ خۆیان مومارەسەی مەسلەکیەت دەکەن، ئەمرۆ خۆی دەبێتە دەزگایەك هەوڵدەدا بیرۆکراتیەت بخاتە بەردەمی داهێنان و کێشەکە لەوەدایە کوڕەکان تائەوکاتە کوڕن کە شوێنی باوکیان ناگرنەوە، بەلاّم کەشوێنیان گرتەوە ئەو کاتە خۆیان دەبن بە باوك. لەوانەیە کە ئەمە گرێیەکی ئۆدیب بێت لەناو کوردا کە کۆتای نەیەت. زۆرجار کوشتنی باوك کۆتایی نایەت، زۆرجار کوشتنی باوك لەخودی خۆماندا گرنگترە....گابرێل گارسیا مارکێز لەدوا رۆمانیدا (بەیادی سۆزانیە غەمبارەکانم) ، ئەو هاوکێشەی پیرو گەنجایەتیە بەشێوەیەکی دیکە دەخاتەڕوو، دەڵێت : کاتێك پیر دەبیت کەهەست بکەیت تۆ لەباوکت دەچیت ! ! ... ئەمە کرۆکی کێشەکەیە، بێگومان کە ئەمە کێشەبەندیەکی فرۆیدیە زیاتر و ئاماژەگەرانەیە بۆ ئەوەی کە نەوەی نوێ خۆی لە کۆمپلێکس و گرێی باوك ڕزگار بکات، ئیدی خۆی ئەدۆزێتەوە ! !، ئەمە پرسیارێکی دیکەیە. هەموو شەڕێك لە نێوان کوڕ و باوکدا ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر هەموو کۆمەڵگەوە کێشەی ئێمە ئەوەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا، لەسەرەتاوە تا ئێستا شەڕێکی جیدی نێوان کوڕو باوك نەبووە، ئەوانەشی کەهەن کۆمەڵێك کوڕی پەرتەوازەی زۆڵی ئەم کۆمەڵگەیەن، تۆ هەموو دەزگا مەسلەکیەکانی ئەمرۆ بە نوێنەری باوکەکان تێبگە هەر لەسەر ئاستێکی ئەبستراکت و موجەڕەد باوك بهێنێنەوە بەرچاو ، بزانە



چەند رۆشنبیرمان هەیە کە نرخ لەسەر خۆی دانانی چەند، رۆشنبیرمان هەیە کە دژی هەموو ناجسنیەکان ئەوەستێتەوە !.
چەند رۆشنبیرمان هەیە شەڕ ئەکات بەجیدی و پشتگیری لە کوڕێتی ئەکات و دژی باوکیەتیە. ئەوانە شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی بچنە ناو دەزگاکانەوە، ئیدی ئەوان خۆیان ئەبن بەو باوکانەی کە دژی هەموو کرانەوەیەکە. شەڕی نێوان کوڕو باوك بەڕای من لە کۆمەڵگای کوردیدا دەستی پێ نەکردووە و وردە وردە لەناو رۆشنبیراندا واخەریکە دەست پێدەکات، وا کۆمەڵی ڕۆشنبیری جیدی هەن کۆمەڵێ گەنجی جیدی هەن،کۆمەڵی ڕۆژنامەنوسی جدی هەن، کۆمەڵێ سیاسی و کادێری سیاسی جیدی نێو حزبەکان هەن. لێرە و لەوێ کە ئەو شەڕە ئەکەن. ئەو شەڕانە تاوەکو ئێستا لەوانەیە لە هەندێك لاوە توندوتیژ بێ، یان هەندێك شەرمن بێت، بەلاّم ئەمانەن دەموچاوی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی دیاری دەکەن. بۆ ئەوەی ئەم قسانەم بە رەشبینی لەقەڵەم نەدرێت و دەتوانم ئەو رەشبینیە بە رەشبینیەکی ڕەخنەگرانە بچوێنم و لەوێوە داهاتووی ئەو زۆرانبازیە دیاری بکەم،و بڵێم : ئاسۆیەکی گەشبینیانەی تێدا دەبینم. هەر دانیشتنی تۆ لەگەڵ مندا ، ئازیزم ئارام سدیق تۆ کە گەنجێکی رۆژنامە نووسی، خۆی لەخۆیدا قسەکردنی من و تۆ دەربارەی ئەم مەسەلەیە و فۆرمەلەکردنی پرسیارە زیرەکانی تۆ، لەو هەستەوە سەریهەڵداوە، کە هەردووکمان بیردەکەینەوە لەوەی ئێمە چۆن گەنجێتی بیر و راو ژیان لەنێو خودی خۆمان و ئەم کۆمەڵگەیەدا بپارێزین، چۆن ئێمە بە باوکەکان بڵێین: ئیدی ئێوە بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، بائێمە ئیش بکەین، ئەم

زۆرانبازیە لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئێمەدا گەندەڵی ئیداری خەست و تیژی دەکاتەوە، گەندەڵی ئیداری چەندە ئازارمان دەدا لەلایەکی دیکەوە، لایەنی پۆزەتیڤی ئەوەیە کە ئێمە بەرەنگار ئەکاتەوە لە نێوان هەڵبژاردن و خۆ بەدەستەوەداندا، ئیدی لە داهاتووا من ئەو زۆرانبازیە سەختە دەبینم، چ لەناو دەزگا ڕەسمیەکاندا چ لەناو حزبی سیاسی کوردیدا و چ لەناو ڕۆشنبیریدا بەگشتی.

ئارام سدیق : ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبوو لەو کاریگەریانەو زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێت، ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەڵگە، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایین ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟

ئیسماعیل حەمەئەمین: پێویستە مەلاکان بگەڕێنەوە بۆ ناو مزگەوتەکانی خۆیان، پێویستە مزگەوت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. گەڕانەوە مزگەوت بۆ شوێنی خۆی، گەڕانەوەی مەلاکان بۆ مزگەوتەکان بە مانای ڕزگارکردنی ئایینە لەو هەموو سوکایەتیەی کە ئەمڕۆ پێی دەکرێت. ئەمڕۆ بەناوی ئایینەوە،بەناوی کولتوری ئاینیەوە ،ئینسان سەردەبڕن، ئەمڕۆ بەناوی خودا و خواوەندەوە هەرچی بێحورمەتیە بە ئینسان و بەتایبەت بەگەنج دەکرێ. ئەمڕۆ بەناوی ئایینەوە گەنجێك هەیە پێی ئەڵێن ڕێگەکانی بەهەشت لە ڕێی ئەوەوەیە کە تۆخۆت بتەقێنیتەوە!!، تۆ هەتا زوو خۆت بتەقێنیتەوە زووتر ئەگەیتە بەهەشتێکی ئیرۆتیکی پڕ حۆری و ئافرەتی رووت.



بەهەشتێك ڤیزۆنێك و دیدێکی ئیرۆسیانەی هەیە و فوندەمێنتاڵی ئیسلامی بەکاری دەهێنێ . پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوچەمکە تەقلیدییەی کە زۆر باس دەکرێت، ئەم چەمکە چەندە تەقلیدییە چەندە دووبارەمان کردۆتەوە ئەگەر پراکتیزە بکرێ زۆر باشە، ئەویش گەڕانەوەی مزگەوت بۆ شوێنی خۆی!!، گەڕانەوەی کڵێساکان بۆ شوێنی خۆیان، گەڕانەوەی خواوەند و بەهاکانی خواوەند بۆ سەر ئەم زەویە بۆ پیاوەکانی خواوەند. ئێمە کاتێك گەنج قوتار ئەکەین. کاتێك گەنج بەرامبەر گوتارێکی ئاینی بێت کە نزیك بێت لە کێشە ڕۆحیەکانیەوە، گوتارێك بەزۆر نەسەپێت، بەڵکو هەڵبژاردن و هێزی قەناعەت میتۆدی بێت، گوتارێکی دینی نەسەپێنرێ بەسەریدا، لەوکاتەدا لەوانەیە بتوانی یارمەتی گەنج بدات لەتێگەیشتن لە کێشەکانی وجود بەهەموو ڕەهەندە ماتریاڵی و ڕۆحیەکانیەوە، من خۆم وەکو یەکێك کە سایکۆلۆژیام خوێندووە لەو بڕوایەدام، زۆرجار ئایین یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ئێمە لەو پشێویە ڕۆحیانە ڕزگار بین کە تووشی دەبین. پیاوێکی ئاینی دەتوانێ باشتر بێتە نێوان من و خۆشەویستەکەمەوە، من ودراوسێ و هاوڕێکانمەوە و پێمان بڵێ کە خۆشەویستی لە خۆشەویستی خوداوەیە. پێمان بڵێت: کە ڕق شتێکە دژی خوایە. پێمان بڵێ هەموو لایەنە جوانەکانی ئەم دنیایەمان بۆ باس بکات، ئەم جۆرە گوتارە ئاینیە لەناوئێمەدا ونە و غائیبە، بەڵام بەداخەوە هۆکارە مێژوویەکان وایکردووە کە بەتایبەت ئیسلام ،لەناو ئیسلامدا ئەو جیابوونەوەیە لەنێوان دەوڵەت و ئاین ، ئاین و دەسەڵاتی پڕ وفانی و دنیایی روونەدات. بازنەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئاین و دەوڵەت لێکدگیرن،

ئەمەش ڕەهەندە ئیستاتیکی وهیومانیەکانی ئاینی خستۆتە قەیرانەوە. ئەمەش وایکردووە کە ئایین ببێت بە گوتارێکی سیاسیانەی دەسەڵاتخوازیانە و بچێتە وورد و درشتی ژیانی ئێمە، کێشەی ئێمە کێشەی ئاینی ئیسلام بەتایبەتی لەوەدایە کە موجتەهید و موشەرع و فەقیهی زۆر هەیە، ئەم فەقیهە جۆراوجۆرن و بەبەرگی جۆراوجۆرەوە لەهەموو شوێنێکی ئەم کۆمەڵگەیە لێمان پەیدا دەبن و دەسەڵات پشتگیریان لێدەکات. ئەمڕۆ لەدوای گروپەکەی شێخ زانا باس لەدروست بوونی مەرجەعێکی فەتوای کوردی دەکرێت بۆ گەنج، ئەو مەلایانە لەو بڕوایەدان کە نەبوونی ڕۆحێکی بەراوردکاری لەلایەن گەنجەوە وایکردووە کە گوێ لە ئەو مەلا توندڕەوە عەرەبانە بگرن، ئەوان فەتواو ناسیونالیەت پێکەوە گرێدەدەن و دەیانەوێت بەناوی ناسیونالیستی و کوردایەتیەوە ، مەرجەعی دواکەوتوویی (فەتوا) پێکبهێنن، ئەوان ئەڵێن" ئەو مەلا توندڕەوانە لەڕێی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای تازەوە، ئیرشادی گەنجی کورد دەکەن بۆ کاری تیرۆر،دەبا لەجیاتی ئەوان ئێمە بێینە سەر تەلەفزێون. ئەوان بەو پەڕی ئاشکراییەوە بەدەسەڵات دەڵێن: ئێمە غەدرمان لێ کراوە دەبێت مەرجەعێك هەبێت، دەبێت دەزگایەکی فەتوای کوردی هەبێت ... ئەمانە هەوڵدانەکانی گوتاری ئاینیە بۆ ڕێگەگرتن لە پێکهاتنی شوناسێکی راتسیۆنال و ئەقڵانیانەی گەنج . نوکتە لەوەدایە دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی پیاوە ئاینیەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆیان پلەو پایە ئاینیەکەی خۆیان پێ ببەخشێتەوە و دووریان خاتەوە لە دەسەڵات و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی، کەچی دەیان هێنێتە ناو



فەتواوە ... فەتوا گەورەترین کێشەیە لە بەردەمی گەنجی کوردی و کۆمەڵگەی کوردیدا، لە هەولێر بەتایبەت، ئەگەر سەیر بکەین، مزگەوت بەتەواوەتی دەسەڵاتی هەیە ئەگەر هات و کچێك بچوایەتە ناوبازاڕ تەنورەیەکی لەبەربوایە گەر کورتیش نەبووایە لەوانەبوو چەند منداڵ هەبێت دوای کەوێت و هوهایان بۆ کێشن.. ئەگەر بپرسین ئەو منداڵە چەتونانە لە کوێوە هاتوون، کێ پەروەردەی کردوون؟، یاخود ئەگەر هات و گۆرانیبێژی بیەوێت لەستادیۆمێکی گەورەدا وەك هەموو گورانیبێژەکانی دنیا گۆرانیەکی پڕسەما، کە خۆشی بە ژیانەوە ببەخشێت و گەنجێکی کوڕو کچ هەبی لێی نزیك بێتەوە، ئەوا هەزارەها مەلای سەیر لە مزگەوتەکانەوە دژی ئەوەستنەوە، نموونەی کێشەی (زەکەریا)ی موزیکار و هونەرمەند لەگەڵ مەلاکاندا، نموونەی ئەو زۆرانبازیەیە لەنێوان دۆزی گەنج و پیری کۆنزەرڤاتیفی کوردیە .. ئەم قسانەی من دژی ئاین نییە، بەڵکو ئێمە دەڵێین: ئاین دەبێت خەریکی پرسیارە گەورەکانی کۆمەڵگەبێت، پرسیاری خۆشەویستی، پرسیاری پەیوەندی ئینسان بەئینسانەوە، پرسیاری مردن و ئەبەدیەت. ئەگەر تۆزێکیتر بێتە ئەم لاوە باسی کێشە مۆدێرنەکان بکەین، پرسیاری جیناتەکان پرسیاری ئیرهاب ،پرسیاری تیرۆر و پرسیاری ئازاردان ،ئەمانە ئەم پرسیارانەن کەئاین دەبێت ڕەهەندەکانیمان بۆ شیبکاتەوە . من وای دەبینیم کە سیکۆلاریەت (عەلەمانیەت) دژی ئاین نییە، بەڵکو گوتاری ئاینی ئەگەڕێنینەوە بۆ ئەو شوێنە باڵایەی کەهەیەتی، لەمبارەیەوە یورگن هابرماز لەگوتارێکیدا بەناوی (باوەڕ و زانین) دا دەڵێت:

ئەوەی بیەوێت خۆی لەشەڕی کولتورەکان بپارێزێت، پێویستە جارێکی دیکە پڕۆسەی سێکۆلاریەتی رۆژئاوا بهێنێتەوەبیر خۆی ..لێرەوە ئازیزم ئارام سدیق، من تەسەوردەکەم پیاوی ئایینی نابێت کێشەی ئەوەبێت ، من چۆن ئافرەتێکم خۆش بویٚ و چۆن ماچی بکەم بەچ شێوەیەك پێویستە لەگەڵیدا بخەوم!!، پێویستە پێمبڵێت: برای ئایینی تۆ دەبێت خۆشەویستیت هەبێت ، تۆ دەبیٚ ئینسان ئازار نەدەیت، پیاوی ئایینی بەڕای من دەبێت زیاتر باسی لێبوردن و پێکەوە ژیان بکات نەك جیهاد و شمشێر و ئاگر و عەزاب و تۆقاندنی جەهەنەمەکان. نابێت بچێتە ناو هەموو وردەکاریەکانی ژیانەوە، مەبەستم ئەوەیە پێویست ناکات دارەکەی عومەری کوڕی خەتاب بگرێت بەدەستیەوە و خەڵك بەئەدەب بکات..نابێت ئەگەر هات و گۆرانیبێژی گۆرانی چڕی وکوڕ و کچ پێکەوە سەمایانکرد، ئیتر ئەمە لای ئەو قیامەت هەڵبستێت. ئاین پێویستە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، هەرکاتیٚ ئاین گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و ئەمە لە سیستمێکی سێکۆلاردا رووئەدا لە گوتارێکی عەلەمانیدا رووئەدا. من لەو بڕوایەدام لەو کاتەدا گەنج قوتار دەبێت و گەنجی کوردی بە گشتی و گەنجی ئیسلامی بەتایبەت بەڕاستی بەدەست ئیسلامی سیاسی و ئیشتیهادەوە و فەقیهەوە ئەنالێنن. ئێمە پێویستە پیر بخنکێنین کاتێك کە پیری کوردی ئەخنکێنین لەهەمانکاتدا ئەو موحافزکارەش دەخەینە قەیرانەوە کەرێگرە لەبەردەم نوێبوونەوە، بیرت نەچێت لەپشت هەموو کۆنخوازێك گوتارێکی دەسەڵات خوازیانەی ئیسلامی هەیە. هەرکاتێك ئەوە بەو شێوە سومبۆلیە، بەو شێوە ئاماژەگەرایانەی باسمانکرد نەیانخنکێنین



لەناو رۆحماندا، ئێمە ناتوانین باس لە گوتارێکی گەنجانە بکەین...

ئارام سدیق: چەپاندنی سێکسوالی یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنجان دروستکردووە، بەڕای تۆچی بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

ئیسماعیل حەمەئەمین : من تۆزیٚ سۆسیۆلۆژیانە دەڕوانمە چەپاندنی سێکسی ،کەلەهەمان کاتیشدا پرسیارێکی کولتوری گەورەشە. من ناتوانم تێبگەم لە قسەیەك کە بڵێن کۆمەڵگەی ئێمە بڕوای بە ئازادی و مافی مرۆڤ هەیە، ئێمە ئازادین، بەڵام لەهەمان کاتدا من گەنجێك ئەبینم لێواو لێو لەچەپاندن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا . لێرەوە گومان لە ئازادی چەکەرەدەکات، کاتێك شەرمێك ئەبینم لەناو کوڕ و کچاندا، کاتێك دەبینم پەیوەندیەکان هەمووی پەیوەندیەکی ئەفلاتونی و پلاتۆنی رووتن، کاتێك دەبینم لە مومارەسەکردنی شانۆدا گەنج ناتوانێت لەسەر تەختەی شانۆش، کوڕێك یان کچێك ماچ بکات، مامۆستا هەبووە و هەیە کەزۆر زۆر دژی ئەوە بووە کە کوڕو کچ دەست لەیەك بدەن لە شانۆدا. ئەی ئەگەر کوڕو کچ دەست لەیەك نەدەن لە شانۆدا، نێر و میٚ دەست نەدەن لەیەك لە شانۆدا، کەواتە شانۆ هەر نابیٚ بوونی هەبێت . ئەی کەواتە تۆش پێویست ناکات بڕۆ ئیشێکی تر بدۆزەرەوە،وانیە، ئایە فرۆشتنی میوە بێت یا فەرمانبەر بیٚ یان هەرشتێکی تربێت!، بەس ناتوانی شانۆیی بێت .. ئەمە نموونەیەکی بچووکە .. چەپاندن بەمانای دروستکردنی ئینسانێکی تورە ، بەمانای دروستکردنی مرۆڤێك کە لێوان لێویەتی و پڕیەتی لەشەرم و

ترس لە تۆوەکانی ڕق و دیکتاتۆریەت، ئەمە گەورەترین کێشەی ئێمەیە، ئەمانە هەمووی لەچەپاندنەوەیە، هیچ زانستێك لەو بڕوایەدانیم بەدروست بەرهەم بهێنرێت لە زانکۆیەکدا کە لێوان لێو پڕی بێت، لەپەیوەندی ناجۆر کە کوڕوکچ نەتوانن لەگەڵ یەکترا بەسەربەستی قسەبکەن!!. چەپاندن بە دیوێکی دیکەدا دێتە ناو ڕۆشنبیریەوە، نوسەرێکی زۆر ترسنۆکمان بۆ دروست دەکات!!،زۆر زوو کۆنترۆڵ دەکرێت لەلایەن سەلەفیەتی نێوەندە رۆشنبیریەکەوە، چەپاندن تەنها لە سێکس و فۆڕمی سێکس کردندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو دێتە ناو ڕۆح و ناو سایکۆلۆژیتی مرۆڤەکانەوە، دێتە ناو ڕۆشنبیریەوە، چەپاندن دروستکردنی پۆلیسێکی زۆر بەزەبرو زەنگە لەناو ڕۆحی ئێمەدا و لەناو سایکۆلۆژیەتی ئێمەدا. نەهێشتنی چەپاندن دەبێ لەلایەن دەزگای کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەی ئازاد و گەنجەوە خۆی خەباتی بۆ بکرێت و خۆیان قووتارکەن لەکۆت و پەیوەندەکانی..بۆ نموونە دەشێت ئێمە، ووردە ووردە و هەنگاو بە هەنگاو ئەو دەرگا کلۆمدراوانەی چەپاندن بشکێنین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەش بۆی قووت بچێت، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لەدوای پۆلی چواری ئامادەییەوە، یاخود لەدوای سێی ناوەندیەوە قوتابخانەکان بکەین بەیەك، کوڕو کچ تێکەڵ بکەین. ئەگەر بپرسین بۆ قوتابخانەکانی دەرەوەی شار هەموو تێکەڵن هیچیشی کێشەی نیە؟، زۆر کراوەتریشن لەهی ئێرە ، ئێمە ئەزموونی پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان هەیە، کە دوای سێی ناوەندیەوە وەردەگیرێن، زۆر کراوەن لەگەڵ یەکتردا، دیارە ئەمەش ڕێژەیە، بەڵام پردێکە لەنێوان کوڕ و کچ ، لەناو



ئەو پەیوەندیەشدا ئیشکالیەتی گەورە هەیە، بەڵام ئیشکالیەتێ هەیە بالاّترە لە کێشەبەندی چاودێری، زیاتر پابەندن بە خۆیانەوە نەك هێزێکی دەرەکی کۆنترۆڵیان بکات، لەپاڵ ئەمانەدا بۆ نموونە، هەندێك وانە هەیە بوترێتەوە، وانەی پەروەردەی سێکسواڵی، دەشێت ناوی پەروەردەی کۆمەڵایەتی یاوەکو وانەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گشتی لێبنرێت!!، بۆ ئەوەی ئێمە قسەکانمان لە چوارچێوەی تیۆردا نەبێ پێویستە وانەیەك هەبێت بۆ کچ کە باسی ئەوەی بۆ بکات کەسوڕی مانگانە مانای چی؟ پێویستە بەکوڕ بڵێین کە لووتت گەورە ئەبێت، کەتۆ زیپکە لەدەم و چاو پەیدا ئەبێت، کە تۆ دەنگت گڕ ئەبێت و خەونی سێکسی ئەبینی و شەیتانی ئەبی!!. مانای ئەوە نیە شەیتان دێتە خەونت، ئەمانە هیچی پەیوەندیان بە شەیتان وفریشتەوە نیە، شەیتان شتێکە موجتەهیدەکان هێناویانە ، سۆمبۆلەکانی فەقیهە بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی چەپاندن، پێویستە پێی بڵێین: ئەو شەیتانە نیە ئەوە سوڕی پێگەیشتنی لەشی تۆیە، ئەوە چوونە ناو جیهانی جوانی گەنجاتیە.. پێویستە دۆزێکی زانستگەرانە وزانستخوازانە هەبێت بۆ تێکەڵبوونی نێوان کوڕو کچ ،بەداخەوە ئێمە بەشی سایکۆلۆژیا و بەشی کۆمەڵناسیمان هەیە لەناو زانکۆکانماندا، دەبووایە ئەوان بانگەشەی ئەوەیان بکردایە و مەنهەجیان بۆ دابنایە. دەبوایە کۆنگرەی گەورە گەورە بکرایە لەسەر ئەو بنچینەیە، بەڵام بەداخەوە نێوەندی زانکۆ خۆی لەبەر قەیرانەکانی نێوخۆیەوە ئاگای لەهەموو شتێك بێت، ئاگایان لە کێشەکانی کۆمەڵگە نیە، ئەمە باری زانکۆکانمانە بەرامبەر ئەو

هەموو فینۆمینە کۆمەڵایەتیە..چونکە نێوەندی زانکۆ تاڕادەیەکیش مامۆستای مەسلەکی تەقلیدی زانکۆ، نەك مامۆستا پێشکەوتوخوازەکانی ، خۆیان نوێنەرو هەڵگری چەپاندنن، خۆیان وەکو فەقیهەکان مومارەسە توندوتیژی دەکەن...

دیسانەوە دەڵێم ئەمە پێویستی بە تێزێکی ڕەخنەگرانە و زانستیانە هەیە و دوورکەوتنەوەیە لەگوتاری مزگەوتە. دورکەوتنەوە لە فەقیهی نێو ڕۆشنبیریمان و شەڕکردن لەدژی ئارتۆدۆکسیەتی موحافزکارانە و مەسلەکیەت و نوێنەرەکانی خێڵ ، زەمانەتی کرانەوەی کۆمەڵگەن بەسەر ئازادی بەهەموو دووریەکانیەوە و لەهەمانکاتیشدا ژینگەیەکی دروستن بۆ کرانەوەی گەنج بەسەر تێکەڵبوون و بەختەوەری جەستەیی و سۆزداری.. جارێکی تر شەڕکردن لەگەڵ فەقێی نوستووی نێو ڕۆشنبیری و کولتوری کۆمەڵایەتیمان، دەبێنە هۆی ئەوەی چەپاندن لە ڕەگەکانیەوە لاواز کەین. ڕێگەدان بە قسەکردن و بەهەندگرتنی ئەو قسەیە و بە پراکتکردنی ئەو قسەیە خۆی لەخۆیدا نەهێشتنی چەپاندنە. دەتوانین بڵێین کە چەپاندنی سێکسوالی گەورەترین کێشەیە و کێشەیەکە بەڕای من تیرۆر و توندوتیژی دەخوڵقێنێت. کاتێك کۆمەڵگەی ئێمە لە چاپەندنی سێکسواڵی ڕزگاری دەبێت ، قوتاری دەبێت لە مێژوویەکی زۆر زۆر گران و قورس و لە دوژمنکاری خۆی قوتار ئەکات، چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە چەپاندنی سێکسواڵی تیدایە، کۆمەڵگایەکە زۆر زۆر توندوتیژ و ئەقڵانیەت لەغیابدایە.



ئارام سدیق : لەدوایین پرسیاردا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك ڕۆشنبیر کەدەڵێن: گەنجی ئەمڕۆ بێ شوناسەو و ونبووە لەنێو گەمەکانی دەسەڵاتی حزبدا، پێتوایە ئەم بێ شوناسیە تاکەی بەردەوام دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت گەنجی کورد ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟

ئیسماعیل حەمەئەمین: من ناتوانم ناو لە هیچ شوناسێك بنێم و ناشتوانم بڵێم گەنج بێ شوناسە، گەنج خۆی هەرخۆی گوتاری گەنجانە مانای میدیایەکی نوێیە، مانای بیرکردنەوەیەکی نوێیە، هەموو بیرکردنەوەیەکی نوێ، خۆی لەخۆیدا گوتارێکی گەنجانەیە و گەنجیش خۆی لەخۆیدا ئەگەر وەکو نەوە سەیری بکەین یان وەکو تەمەن سەیری بکەین، خاوەنی ئەزموونەکانی خۆیەتی و خاوەنی کێشەبەندی خۆیەتی، خاوەن و هەڵگری شوناسی خۆیەتی، ئەم شوناسە خۆی لە خۆیدا کە دەڵێن گەنج خۆی ئەوە شوناسە.من پێموایە سەرەتا دەبێت ئێمەدا وێنەزەدی و مەفهوم و چەمکی گەنج بگۆڕین ، مەبەستم ئەو وێنەیە کە ساڵاهایە پیری کوردی بۆ چەمکی (گەنج) ی کێشاوە، پێویستە ئەو چەمکە بگۆڕین. گەنج مانای ئەو کەسەنیە کە شوناسێکی تایبەتی نەبێت! !، گەنج ئەو کەسەنیە کە هیچ نازانێ و کاڵفام بێت بەرامبەر ژیان، بەڵکو دیدێکی جیاوازە لەمەڕ ژیان ، گەنج ئەو کەسەیە کە دەیەوێت واقیعێك ڕایەڵێك ژیانێك بە ژیانێکیتر بگۆڕێتەوە لەسەر شێوزای خۆی. لێرەوە هەڵەکاری ڕوودەدا، ئێمە دەبێت لەمەودوا، ئەو هەڵەکاریانە، ئەو کەوتنانە، ئەو هەستانەوانە، بە ناتێگەیشتن و ناشوناسی تێنەگەین، بەڵکو بە ئەزمونێکی نوێ کە دیدێکی نوێی دەدات بە ژیانی وەستاوی

کۆمەڵگە تێبگەین، ئێمە دەبێت ئەو چەمکە بگۆڕین و بڵێین: گەنج ئەزمونێکی نوێیە و تێگەیشتنێکی نوێیە و بیرۆکەیەکی نوێە . لەو بڕوایەدام گەنجی کوردی ئەگەر لە ڕووی تەمەنەوە سەیری بکەین بە ئەزموونی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، حەتمەن دەبێت جیاوازبێت لە ئەزمونی کامڵ و بیروڕا چەسپاوەکان. ناتوانین لە ئەزمونی خۆمانەوە سەیری ئەوان بکەین و هیچ بەراوردێکی نا هاوسەنگانە بکەین، بەقەد ئەوەی دەبێت بەراوردکاری بکەین بۆ سوود وەرگرتن لە ئالیەت و میکانیزمی ژیانی ئەوان و ژیانی ئێمە بۆ ئەوەی لە یەکتری تێبگەین، بیر لەوە نەکەینەوە ئێمە شوناسێکی تەواومان هەیە، نەوەی کۆن (پیر) شوناسێکی تەواوی هەیە گەنج شوناسێکی چوارچێوە ئامێزی وەستاوی نیە، لەبەر ئەوەی هێشتا پیر نەبووە، زۆر جار ئەمە ترس دەخولقێنێ لە نێو خودی گەنجدا، ئەمەیە ئەو بیرۆکەیەی کە گەنج وای لێ ئەکات ڕاکات بۆ ناو باوەشی پیر،چونکە لەوێ هەموو شتێك هەیە بە کاملّی و چوارچێوە جێگیری بوونی هەیە و ئەو تەنها پێویستی بەوە هەیە جێگەیەك بدۆزێتەوە لەناویدا، بەڵام پێویستە گەنج و دۆزی گەنجانی و ئەزموونی نوێ بیرکاتەوە لەوەی ،ئەو پیاوە پیرە و ئەو جێگیرانە کە لە بەردەمیایەتی، چۆن گەیشتۆتە ئەو ئاستە و بووە بەواقعێك ! !، بە چەند ئەزموونـدا ڕۆیشتووە ! ! . ئێمە دەڵێین گەنجایەتی بۆ گەنجی کوردی خۆی لە خۆیدا هەڵگری شوناسی خۆیەتی خۆی لە خۆیدا بونەوەرێکی بیر کەرەوەیە لەدنیا و لە جیهان، بەس ئەوەیە جیاواز بیر دەکاتەوە، ئەو بەشێوەی خۆی بیردەکاتەوە ، ئەو شێوە ژیانێکی تری هەڵبژاردووە، کەلەوانەیە بەئێمە قوت



نەچێت ، وە ئێمە بەبێ شوناسی و بەتاریکی تێبگەین، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ زەمەنی خۆیداو لەگەڵ ڕۆح و ژیان و داهاتووی خۆیدا بگونجێت، ئێمە ئەبێت تێگەیشتنێکی ئەقڵانیانەمان هەبێت بۆ تێگەیشتن لەنەوەی نوێ، لە بەر ئەوەی من لەو بڕوایەدام، ئێمە دەبێت لەوە تێبگەین کە گەنج بێ شوناس نییە، بەس دەبێت بەردەوام ئێمە گومان بکەین لە گەنجێتی و هەمیشە گومان بکەین لە شوناسێکی وەستاو و بڵێین : ئەوە شوناسی ئێمەیە ئیتر تەواو! !، ئێمە گەنجین و هەین، ! ئێمە دەبێت هەمیشە گوتاری گومان ئامێزانەمان ممارەسە بکەین، نەك تەنها بۆ گەنج، بەڵکو بۆ خودی ژیان خۆی، لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدانیم گەنجی کوردی ئەوەندە بێ شوناس بێت، لەگەڵ ئەوەی کێشەی زۆرە، چونکە خاوەنی زەمەنی خۆیەتی و خاوەنی کێشەبەندی و خاوەنی قەیرانی خۆشیەتی، وەك هەموو ئەو نەوانەی کە تێپەڕ بوون، بەڵام کێشەکە لەوەدایە دەبی ئێمە باس لەوە بکەین بۆ ئەوەی گەنج بەگەنجێتی بمێنێتەوە دەبێت گومانێك هەبێت دەبێت گوتارێکی ڕەخنەئامێزانەی هەبێت، بۆ هیچ نا ، تەنها بۆ ئەوەی جارێکی تر مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە و گەنج رانەکاتەوە ناو باوەشی پیرەکان.

**★ ئەم گفتوگۆیە لە سلێمانی لەمانگی ئاوگۆستی ٢٠٠٥ لە کافتیریای هوتێل ئاشتی ئەنجامدراوە.**

# یاسین بانیخێڵانی

# گەنج و شوناس



**یاسین بانیخێڵانی یەکێکە لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و لە کایەی رۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی سەلماندووە و تا هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکە لە چیرۆك و شیعر وو لێکۆڵینەوە و رەخنە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە بێجگە لەوەی خاوەنی دید و بۆچوونی تایبەت بووە لەسەر پرسی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی یاسین_یش بەم شێوەیە بوو.**

*سەرەتا ئەگەر بپرسین گەنج کێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەکە، هەروەها پیر کێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەکە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

-گەنج و پیر ئەگەر لە مانا فیزیاوییەکەی بڕۆینە دەرەوە، دەتوانین لەدو جیهانبینیدا لە دوو هێز و وزەی جیاوازدا پێناسەیان بکەین، کە لەیەکتر دابڕو نین و لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە یەکەوە نییە. ئەوەشی ئەم دوو چەمکە لەیەکتر جیادەکاتەوە تەنها ئەو جیهانبینی و هێز و وزەیە، کە یەکێکیان هەڵگری خەونەکانی داهاتووە و دووەمیان

لەخەونەکانی رابردوودا دەژی. گەنج خاوەنی ناسنامەی یەکەمە و دەیەوێت لەرێگای ئەو هێز و وزەیەی هەیەتی بەخەونەکانی داهاتوو بگات، دەیەوێت ژیان بەردەوامی هەبێت بەرەو جیهان و ژیانێکی نوێتر، دەیەوێت خۆی لە نەریتە باوەکان پاك بکاتەوە، بە کورتیەکەی گەنج ئەو هێز و وزەیە دەیەوێت ئەو کۆت و پێوەندانەی پیرەکان درووستیان کردووە بشکێنێت، ئەمەش بۆ خۆی بەبێ ململانێ تێپەڕ نابێت، یا وا دابنێین ململانێکان لێرەوە دەست پێ دەکەن، کاتێك گەنج دەخوازێت ئەو سنورانەی پیرەکان دایانرێژاوە ببەزێنێت، بۆ ئەوەی تێبگات لەو دیوی ئەو سنورانەوە چی هەیە، گەنج کائینێکی بێ دەنگ و رازی نییە لەو شتانەی تێیان ناگات یان تێیان ناگەیەنن، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە پیرەکان نایانەوێت لەچوار دەوری ئەو دیوارەی بۆ خۆیان دروستیان کردووە برۆنە دەرەوە و دژایەتی هەموو ئەوانەش دەکەن دەیانەوێت سنوری ئەو دیوارانە ببەزێنن. گەنجەکان وەك گوتم" نایانەوێت بێ دەنگ بن لەو شتانەی تێی ناگەن و بەردەوام هەوالّی تێگەیشتن دەدەن و دەیانەوێت لەنهێنی ناو شتە حەرامکراوەکان تێبگەن، بەلاّم بە پێچەوانەوە پیرەکان لەتێگەیشتن دەترسن، لەئاشکراکردنی نێهنییەکان دەترسن، تەنانەت لەخەونی سەرەرۆیی گەنجەکانیش دەترسن.

ئەگەر لەم روانگەی سەرەوە سەیری ململانێکانی نێوان ئەو دوانە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بکەین ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی، پیرەکان دەخوازن دەرگای جیهان بەرووی گەنجەکاندا دابخەن و پەیوەندی نێوانیان لە پەیوەندی نێوان باوك و فەرزەند تێپەڕ



نەکات. پیرەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەك کایەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییان مۆنۆپۆلکردووە، کە کۆمەڵگای کوردی بووە بەقوتابخانەیەك، پیرەکان مامۆستا و گەنجەکان قوتابی، ئەمەش بۆخۆی کوشتنی ئەو هێز و وزانەیە دەشێت گەنج بەگرتینێکەوە بەکۆمەڵگای کوردی ببەخشێت، هەر ئەو گوڕ و تینەشە کۆمەڵگا نوێی دەکاتەوە و بەرەو پێشەوەی دەبات، بەلاّم بەداخەوە خراپترین خاسیەتی کۆمەڵگای رۆژهەلاّتی کوشتنی ئەو هێز و وزە نوێیانەیە لەسەر دەستی پیرەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەك لەسەرەوە گوتم" پیرەکان ناتوانن لەخەلّوەتگا کۆنەکان بێنە دەرەوە، ئەمەش بۆ گەنجی ئەمرۆکە قبوڵ ناکرێت، بۆیە زۆرجار تراژیدیای گەورەی لێ دەکەوێتەوە، کە بەزیانی گەنج دەشکێتەوە.

*جیهانگیری و هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانێکی بەسەر شوناسی پیر و گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لەسودی کامیانە؟.

–وەك لەسەرەوە باسم کرد، گەنج خەون بەجیهانێکی نوێوە دەبینێت، هیچ جیهانێکی نوێش بەبێ پێشکەوتن نایەتەدی، جیهانگیری و تەکنەلۆژیاش بۆ خۆی دیاردەیەکی نوێیە و لەسەر دەستی هێز و وزەی گەنج لەدایك بووە و پیرەکان تا پێیانکراوە دژایەتییان کردووە و بەردەوامن لەدژایەتیکردنی، بۆیە بێگومان لەبەرژەوەندی گەنجە، چونکە بەرهەمی خەونی گەنجە، بەلاّم بۆ پیرەکان زۆرجار مایەی خەمۆکییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵکردنی گەنج لەسەر دەستی پیرەکان روو لەلاوازبوون دەکات، ئەگەر نەڵێم هەر ناهێلێت، لەخۆرئاوا ئەم کۆنترۆڵکردنە دەمێکە لاواز بووە و تاڕادەیەکی زۆر گەنج خاوەن

ناسنامە و شوناسی خۆیەتی، بەڵام لەکوردستان دەشێت بەخاڵی دەستپێکردن ناوی ببەین، لەبەرئەوەی ئەو میکانیزمە بەهێزەی دەشێت رۆڵی گەورە لەم مەسەلەیەدا بگێڕێت ئەو دەزگا دەوڵەتیانەن تایبەت بە بواری پەروەردە و رۆشنبیری، ئەڵبەتە پەروەردە و رۆشنبیری بەو مانایە نا لەکوردستاندا کورت کراوەتەوە بۆ چەند شتێکی لاوەکی، وەك دروستکردنی تەختە رەش، کورسی، دابەشکردنی کتێب بەسەر قوتابخانەکاندا، چاپکردنی کتێب و دەرکردنی گۆڤار نازانم چەندین شتی بێتامی لەو جۆرە، بەڵکو بەو مانایە ئەم دەزگایانە چەند دەتوانن کۆمەڵگا لەڕێگای زانستە نوێکانەوە مۆدێرنیزە بکەن، ئەگەر هەر لێرەوە باس لەجیهانگیریی و تەکنەلۆژیا بکەین با بزانین چەنێك کار لەڕووە پەروەردەیی و زانستییەکەی ئەم دوو چەمکە کراوە، بێگومان هیچ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەزگایانە خاڵین لەڕۆحی گەنج، خاڵین لەجیهانبینی گەنج، خاڵین لەتێگەیشتنی گەنجانە، من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام تا ئەو دەزگا دەوڵەتییانەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەم مەسەلەوە هەیە گەنج نەکرێنەوە گەنجی ئێمە هەر گەنجێکی بێ شوناس دەبێت، هەر ئەو گەنجە دەبێت وەك پیرەکان بیربکاتەوە. وەك لەسەرەوە گوتم" جیهانیگیری و تەکنەلۆژیا بۆ خۆیان نوێن و بەرهەمی خەونی گەنجەکانە بۆیە ئەگەر بتوانرێت لەڕوویەکی پەروەردەی زانستییە لەکۆمەڵگای ئێمەدا پراکتیزە بکرێت، ئەوا شوناسێکی نوێ بەگەنجی کورد دەدەن و لەبەرژەوەندی نەك هەر گەنجی کورددایە بەڵکو لەبەرژەوەندی ئەو نەوە نوێیەی داهاتووشە.



*لەهەموو وڵاتێکی دنیادا، بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گەنج خاوەنی نەوەی خەون و پرسیاری نوێیە، بەڵام لە لای ئێمە بێ پرسیارترین نەوەی کۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟.

—وابزانم لەسەرەوە وەڵامی نیوەی پرسیارەکەم داوەتەوە، بۆ وەڵامی نیوەکەی تری دەڵێم: نەك هەر لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگایەکدا گەنج خاوەنی خەون و پرسیارە، ئەمە خاسیەتی گەنجە، کەدەبێت خاوەنی خەون و پرسیاری نوێ بێت، هەر تاکێك خەون و پرسیاری نوێی نەبێت بۆ من گەنج نییە، گەنجیش وەك گوتم" من لەپێکهاتە فیزیاوییەکەی رووتم کردۆتەوە، واتە هەرکەسێك خاوەنی خەون پرسیاری نوێ بێت، ئەگەر تەمەنی لەهەشتاکانیش تێپەڕی کردبێت هەر گەنجە، رەنگە پرسیارەکەی ئێمە لێرەوە دەست پێ بکات، کە گەنجی ئێمە بۆ خاسیەتی گەنجانەی کەمە؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە بۆ پێناسەکردنەوەی سیستمی دەسەڵات، چونکە سیستمی دەسەڵات بەنمرەی یەکەم رەنگرێژکەری فۆرمی کۆمەڵگایە، ئەگەر ئێمە سیستمی بەعس وەبیر خۆمان بهێنینەوە، دەزانین گەنج خاوەنی چی خەون و بیرکردنەوەیەك بوون، دەبینین رۆڵی گەنج بۆچی مەسەلەیەك کورت کرابوونەوە، لەسەردەمی نازییەتدا بەهەمان شێوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کۆمەڵگای عیراقی یا ئەڵمانی دوو کۆمەڵگای دژە دیموکراسی و کرانەوە بوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاتێك سیستمی بەو فۆرمەی خۆی خوازیاریەتی

کۆمەڵگا ڕەنگڕێژ دەکات، ئەوا ئاگایی بێت یا نائاگایی گەنجیش دەکەوێتە ناو ئەو گەمانەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەدوای ڕاپەڕینەوە گەنجی کورد بەخراپترین و بۆگەنترین ئەزموونـدا گوزەری کرد، ئەویش ئەزموونی شەڕی ناوخۆیە، ڕەنگە ئەمڕۆ کەمتر هەست بەکاریگەرییە نێگەتیفەکانی بکەین، بەڵام ساڵانی داهاتوو پێمان دەڵێت" گەنجی کورد لە چ قەیرانێکی ڕۆحی و فکریدا دەژی. ڕۆژێك گەنجێکی تووڕەی کورد پێی گوتم" (ئێمە وەك گەنج خەساوین، ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە نەك ناجوڵێین و هەوڵ نادەین زۆر مشەخۆر و بەرژەوەندیخوازین) ئەمە قسەی گەنجێکی خوێنەواری کوردە، کە چۆن بارگاوییە بەفەرهەنگی سیاسی، ئەمە قسەی گەنجێکە، کەخوازیاری گۆڕان و جیهانێکی نوێیە بۆ گەنج، کە خەتاکە دەخاتە گەردنی خودی گەنج، بەڵام ئەو ناتوانێت قوڵایی کێشەکە ببینێت و پرسیار لەخۆی بکات: ئەو هێزە چییە گەنجی کوردی خەساندووە؟ بۆ گەنجی کورد ناگەڕێت بەدوای سەربەخۆیی خۆیدا و هەمیشە ئەو سەربەخۆییە لەجێگایەکی دی یا لەناو کۆمەڵە و ڕێکخراوێکدا دەبینێتەوە؟.بەکورتییەکەی گەنجی کورد شوناسێکی پێ دراوە شوناسی خۆی نییە، گەنجی کورد ئەرکێکی پێ سپێردراوە ئەرکی ئەو نییە، گەنجی کورد بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت تێك شکێنراوە و لەفۆرمێکی تردا بەرجەستەکراوەتەوە، بۆیە من پێم وانییە، خاوەنی خەون و پرسیار نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە خاوەنی خەون و پرسیارە، بەڵام نەك خەون پرسیارێکی گەنجانە.



*ئەو ململانێ زۆرەی باوك و کوڕ لەکوردستاندا تا چەند بە پۆزەتیڤی دەبینی و ئایندەی ئەم ململانێیە لەڕوانگەی تۆوە بەرەو کوێ دەڕوات؟.

–بۆ من ململانێ لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکاندا، لەهەر جێگایەك لەجێگاکاندا تا دەگاتە دام و دەزگا و ناو کۆمەڵگا بەرئەنجامی هەڵاوسانی کێشەکانە، بەرئەنجامی تەقینەوەی پرسیارە خەفەکراوەکانە. بێگومان کۆمەڵگای ئێمە لەهەر ڕوویەك لەڕووەکانەوە بیگرین، پڕە لەکێشەی چارەسەرنەکراو، لێوان لێوە لە پرسیاری کوژراو، ئەمانەش تا سەر ناتوانن بەردەوامیان هەبێت و دەبێت هەر ڕۆژێك بێت بتەقێنەوە.

کێشەی نێوان من ناوی نانێم کوڕ و باوك، بەڵکو ناوی دەنێم باوك و فەرزەندە یان باوك و ڕۆڵە، دەشێت لەداهاتوودا ببێتە کێشەیەکی سەرەکی ناو کۆمەڵگای ئێمە، دەشێت ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو کێشانەش گەورەتر بن. ئەوەی ئێوە دەڵێن" "ئەو ململانێ زۆرەی باوك و فەرزەندە" بەڕای من زادەی قەیرانێکی قوڵە ڕیشەیەکی مێژووی لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، کە فەرزەندە بەدرێژایی ئەو مێژووە باجەکەی داوە. ئێمە بمانەوێت یا نا بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لەعێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کۆمەڵگاش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانەش لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، لایەنە باشەکەی ئەوەیە ڕۆژ بەڕۆژ کۆمەڵگای ئێمە بەرەو کرانەوە دەچێت، ڕەنگە کاریگەری کۆچی گەنجی کورد بەرەو دەرەوە و بازاڕی ئازاد و سیتمی نوێی جیهان ڕۆڵی سەرەکیان لەم هاوکێشەدا هەبێت. لایەنە باشەکەی ئەم

کرانەوەیە لەوەدایە گەنجی کورد ئیتر ئەو گەنجە شەرمنەی جاران نەبێت، ئەو گەنجە بێدەسەلات و بەهەموو شتێك رازییەی جاران نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لایەنە باشە قەیرانەكانی گەنج فراوانتر دەکات، بەوەی ناتوانێت لەبوارەكانی ژیاندا پێداویستییەكانی بەدەست بهێنێت، بۆیە بەرای من زۆربەی شەڕەكانی فەرزەندە لەگەڵ باوكدا شەڕی دەرەوەیە لەماڵەوە دەیكات، بۆیە ئەگەر دەوڵەت یا دەسەلات بتوانێت هەموو پێداویستییەكانی گەنج دابین بكات، دڵنیام زۆربەی گەنجی كورد رەنگە بەرێكەوت رێگایان بكەوێتەوە بۆ ماڵەوە، مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر باوك نەبێتە بەرپرسی سەرەكی لەهەموو پێداویستیەكانی ژیانی فەرزەندە. گەورەترین كێشە بۆ گەنج و نەوەی ئێمە، ئەوەیە باوك هەلگری سەرەكی نەك پێداویستییەكان، بەڵكو بژێویشە بۆ ناو خێزان، من نامەوێت وەك ماركسییەكان هەموو كێشەكان لەئابووریدا ببینمەوە، بەڵكو ئەوە راستییەكی حاشا هەڵنەگرە، كە فشاری بژێوی ژیان لەسەر باوك بۆ خۆی كوشتنی هەموو جۆرە خەون و ئارەزوویەكی رۆڵەیە لەناو خێزاندا، لە ولاتێكدا منال خاوە نی هیچ مافێك نەبێت، دەزگایەك نەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لەبەرامبەر مافی منالاندا، رێكخراوێك تایبەت بەچارەسەركردنی كێشە و پێداویستییەكانی منالان نەبێت، لانەیەكی دەولەتی نەبێت، بۆ منالە بێلانەكان، بۆ منالە دەركراوەكان لەناو خێزاندا، رووناكییەك نەبێت تروسكایی بخاتە ناو دڵی ئەو منالانەی خەونی گەورەیان هەیە، لەولاتێكدا سالانە بە ملیۆنەها دۆلار بەشتی تورەهات و بێ مانای حیزبەكانەوە تەرخان دەكرێت، شتێك



نەبێت ناوی بودجەیەكی تایبەت بەمنال و گەنجە بێ دەرامەتەكانەوە، دەزگا و رێكخراوێك نەبێت تایبەت بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیو حەزی گەنجەكان،تۆ چاوەڕوانی چی لەگەنج و نەوەی نوێ دەكەیت، منالان لای ئێمە لەسەر شەقام و لەو جێگایانەی لەزۆربەی ولاتاندا چوونەژوورەوەی منال تێیدا قەدەغەیە تا دەرەنگانی شەو دەستگێڕی دەكەن، ئیتر تۆ چاوەڕوانی چی لەو منالە دەكەیت كاتێك گەورە دەبێت!.

ئەوەی من بۆی دەچم كێشەكانی كۆمەلگای ئێمە لەمنالییەوە دەست پێدەكات و لەگەل گەورە بوونی ئەو منالانەدا كێشەكانیش گەورەتر دەبێت، كێشەی گەنجی ئێمە لەگەل باوكدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانانەی منالان لەناو خێزاندا پێیدا تێپەڕبوون، بۆیە دەڵێم" شەڕی گەنج و باوك شەڕی دەرەوەیە لە ماڵەوە دەیكەن، چونكە تەنها منالانی كۆمەلگا هەژارەكان بە نا ئاسوودەیی و هەژاری و بێ سۆز گەورە دەبن، ئەو منالانەی بێ ناز و بێ خۆشەویستی گەورە دەبن یان دەكرێن، ئەو پیاوە دڵڕەقانەن ئەمڕۆ دەیانبینین.

لەڕوویەكی ترەوە ئەگەر مەبەست لەباوك ئەو باوكە رەمزییە بێت ناوی دەسەلاتە ئەوا هەر قوژبن و سوچێكی كۆمەلگای ئێمە بگەرێیت پڕیەتی. لەخێزانەوە بگرە بۆ ناو قوتابخانە بۆ سەرجادە تا دەگاتە بەرزترین پلەی دەسەلات منالی ئێمە و گەنجی ئێمە لوتی پێیدا دەتەقێت، ئیتر تۆ پێت وانییە لەم جیهانە كراوەی ئەمڕۆدا، لەدونیای ئینتەرنێت، سەتەلایت و تۆڕی پەیوەندییەكان جامی سەبری گەنجی ئێمە پڕ نەبێت و بەسەری باوكەكاندا قلپ نەبێتەوە، من بێگومانم و نەك

چاوەڕوانی ئەوەم ململانێی باوك فەرزەند هەروا وەك کێشەیەکی چارەسەر نەکراو بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بتەقێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جیهانەی ئەمڕۆ ئەو جیهانە داخراوەی جاران نییە، گەنج نەزانێت لەپشتی دیوارەکەی ئەودیوو ماڵیانەوە چی روودەدات. بەداخەوە من زووتر لەسەر ئەم کێشە قسەم کرد. کە دەبێت چی زووترە بزووتنەوەی گەنجان درووست بێت، مەبەستم ئەو بزووتنەوە نییە، سەر بەم پارت یان ئەو حزب بێت، بەڵکو بزووتنەوەیەك گشتگیری، لەسەرانسەری کوردستاندا وەك هێزێك دەرکەون، ئەو کات دەبینیت باوکەکان، لەباوکی ناو خێزانەوە تا دەگاتە باوکی دەسەڵات چۆن ناچاری جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان دەکەن.

*ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبووە لەو کاریگەرییانەو زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێت و ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەڵگە، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایین رۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟.

—دەتوانم بڵێم" ئایین سیتمێکە ئیش لەسەر ناساندنی بوونی ئینسان دەکات لەڕوانگەی چاکە و خراپەوە، بۆ ئەمەش پشت بەفکر و فەلسەفەیەکی میتافیزیکی یان ئیلاهی دەبەستێت، ئەگەر چی لای موسوڵمانەکان بیروباوەڕە و کۆمۆنیشتەکانیش بە ئایدۆلۆژی زۆرجار ناوی دەبەن، بۆیە ناتوانم بە چەمك ناوی



ببەم لەبەر ئەوە لەناو ئاییندا چەندین چەمکی جیاواز هەن کە پێیان دەگوترێت چەمکی ئایینی (ئەمە وەك تێبینی).
مەسەلەی ئایین بەڕاستی مەسەلەیەکی زۆر قوڵ و پڕ کێشەیە، لەوەتەی ئایینن سەری هەڵداوە و بیری مرۆڤ گەشەی کردووە یا بابڵێین لەو کاتەوەی ئایین دەسەڵاتگرتنە دەست بووەتە سیاسەتی و کاری بۆ کردووە تا ئەمڕۆ بەردەوام کێشەی نووسەر، روناکبیر و بیرمەندە گەورەکانی جیهان بووە. قسەکردن لەئایین بۆ خۆی با بەتێکی ئاڵۆز و هەمە لایەنە، بۆیە من لێرەدا خۆم دوورە پەرێز دەگرم و زیاتر قسە لەسەر کاریگەرییەکانی لەکۆمەڵگای کوردیدا دەکەم.
لەکۆمەڵگای ئێمەدا وەك هەر یەکێك لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان، ئایین فۆڕمەکەی گۆڕاوە، هەر بۆیە لە ئەرك و ئیشکردنەکانی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ئێستا بۆ من شتێك نییە ناوی ئایین بێت، تا لەڕێگای تیۆلۆژییەوە (ئایینناسی) شیکردنەوەی تایبەتی بۆ بکەم، یان بەپێی شارەزایی و توانا قسە لەسەر ئەرك و کارو کاریگەرییەکانی بکەم، ئایین لەژێر ناوی هەر گرووپ و رێکخراوەکەیدا دەرکەوێت بۆ من بەشێکە لە سیاسەت، سیاسەتێك بارگاوییە بە فکری ئایینی، سیاسەتێك پەیوەندی ئینسان و خوا لەیەك دەبڕێت و خۆی جێگای ئەو پەیوەندییە دەگرێتەوە، هەر بۆیە تۆ لەگەڵ هەر یەکێك لەو سیاسەتانەدا نەبیت وەك لادەر لەدیین ناوت دەبەن، هەر یەکێکیش لەم سیاسەتانە، کە ئەمڕۆ زیاتر لەژێر ناوی حزب یاریێخراوە خۆیان بەیان دەکەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە، تۆ پێت وا نەبێت ئەوانەی بەناوی ئایینەوە سیاسەت دەکەن، بۆ خۆیان

زۆر بیروباوەڕدا بن!. سیاسەتی زۆرێك لەو حزب و ڕێكخراوە دینیانە تەواو پێچەوانەی قورئان و یاساكانی ئیسلامە، هەر بۆ نموونە توندڕەوی، تۆ ناتوانیت لەناو قورئاندا دێڕێكم سەبارەت بەخۆتەقاندنەوە و خۆكوشتن بۆ بدۆزیتەوە، ئەی كەواتە ئەم گروپ و حزبە ئیسلامییانە ئەم شەرعییەتە لەكوێوە وەردەگرن؟. بێگومان تێكستی تر هەن باس لەجیهاد لەپێناو خوادا دەكات، ئەوان ئەو تێكستانە بە بەرژوەندی خۆیان تەفسیر دەكەن بۆ شتنەوەی مێشكی گەنج، دووەم شتێك كە زۆر گرنگە ئەمڕۆ ئایین هەست بەشكستێكی گەورە لەبەردەم تەكنەلۆژیادا دەكات، ئەمەش زیاتر بەرە لەژێرپێی ئەم گروپ و حزبانە رادەكێشێت و شێتگیریان دەكات، كەوا دونیا پڕ بووە لە نائەخلاقی، دونیا بەرەو فەسادییەكی گەورە دەچێت، مرۆڤ ناوی خودای لەبیر چۆتەوە و نازانم لەو قسە نالۆژیكییانە. بێگومان هەموو گرووپ و رێكخراوە ئایینیەكان زیاتر دەتوانن كار لەسەر گەنج، بە تایبەتی لەناو ئەو كۆمەڵگایانەی گەنج لەقەیرانی رۆحیدا دەژی، بێگومان كۆمەڵگای كوردیش بەدەر نییە لەو قەیرانە و وەك لەسەرەوە باسم كرد حزبە كوردییەكان بەرپرسی سەرەكین لەدروستكردنی ئەو قەیرانە. لەكۆمەڵگایەكدا گەنج خاوەنی هەموو شتێك بێت خۆی نەبێت، لەكۆمەڵگایەكدا گەنج هەموو شوناسێكی خۆی لێ سەندرابێتەوە، لە كۆمەڵگایەكدا گەنج هیچ هیوا و ئومێدێكی نەبێت، بێگومان سەلەفییەت دەتوانێت خۆی بكاتە ئەلتەرناتیڤی ئەو قەیرانە. من پێم وانییە ئەوە خەتای ئایین بێت، گەنج بەرەو سەلەفییەت دەڕوات، بەڵكو ئەوە قەیرانە رۆحییەكانی گەنجە خۆی لەناو سەلەفییەتدا



دەبینێتەوە، تۆ دەزانیت لەكاتی شەڕی ناوخۆ لەو كاتانەی حزبەكان سەرقاڵی وێرانكردنی كوردستان و كوشتنی خەڵكی كورد بوون، رابیتەی ئیسلامی زۆربەی هەرە زۆری خەڵكی بەلای خۆیدا راكێشا!. با ئێمە هەموو خەتاكان نەخەینە ئەستۆی حزب و گروپە ئیسلامییەكان، لەبەر ئەوە زۆرێك لەم گروپ و خزبانە بەدەسیسەی حزبە كوردییەكان دروستكران و ئەوان كۆمەكی پارەیان دەكردن، لەڕوویەكی ترەوە ئەم حزبانەی ئێمە هەر بەناو عیلمانین، بەڵام لە ناوەڕۆكدا وەك حزبە ئیسلامییەكان بیردەكەنەوە، لەكۆمەڵگای وادا بێگومان بڵاوبوونەوەی سەلەفیەت زۆر ئاسانە، لەكۆمەڵگایەكدا رێژەی مزگەوت، تەكیە و خانەقا دەهێندەی قوتابخانە و كتێبخانە و جێگای كات بەسەربردنی گەنجان بێت تۆ چاوەڕوانی چی لەگەنج دەكەیت!. سەبارەت بەوەی چی بكرێت بۆ پێشگرتن لەم دیاردە تەنها و تەنها بزووتنەوەیەكی رادیكاڵی گشتگیریی گەنجان دەتوانێت ناسنامە بۆ گەنجەكان بگەڕێنێتەوە، بەبێ دروست بوونی بزووتنەوەیەكی لەم جۆرە بێگومانم گەنجی كورد ئەوەندەی تر نابووت دەبێت، درووستكردنی یانە بۆ گەنجان دەتوانێت هێزبكاتەوە بە بەرخەون و ئارەزووەكانی گەنجدا، تەنها ئەو سەنتەرانەی تایبەتن بە دونیای گەنج دەتوانێت كۆمەكی گەنج بكات و لەناو تەكیە و خانەقا و مزگەوتەكان بیانهێنێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی گەنج لەبیریی ئایینی وشك دوور بكەوێتەوە پێویستە رۆڵیان پێ بدرێت لەسیاسەتدا ئاكتیڤ بكرێنەوە لەكێشە كۆمەڵاتییەكاندا، دەبێت سەربەخۆییان پێ بدرێتەوە.

٦–کەپتی جنسی یەکێکی ترە لەو کاریگەرییانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنج دروەستکردووە، بەڕای تۆ چی بکرێت ب پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟.

بەڕاستی ئەم پرسیارە بۆ ئەمڕۆی ئێمە زۆر قورسە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشتر باسمان لەکۆمەڵگایەك کرد گەنجەکانی بەرەو سەلەفییەت دەڕوات، باسمان لەکۆمەڵگایەك کرد ڕێژەی مزگەوت و تەکیە لەقوتابخانە زیاترە، باسمان لەکۆمەڵگایەك کرد یاساکانی دەوڵەت شەرعییەت لەئایینەوە وەردەگرێت. زۆر زەحمەتە باسکردنی سێکس لەوڵاتێکدا مەرجەعی دەسەڵات ئایین بێت، من چۆن دەتوانم باسی سێکس لە کۆمەڵگایەکدا خۆشەویشتی تیایدا تاوان بێت بکەم، تۆ دەزانیت لەوڵاتی ئێمە لە ساڵێکدا چەند ئافرەت لەسەر ئەوەی ناوی دەنێن شەرەف و ئەخلاق دەکوژرێت و دەسەڵات و یاسا پشتگیریی لەبکوژ دەکات؟.

ئایا کۆمەڵگای ئێمە گەشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت واز لە وشەی شەرەف بهێنێت؟ تورکیا هەشتا ساڵە بە حیساب عیلمانییە و زۆرێك لەئازادییە فەردییەکانی تێدایە و وڵاتێکە نەك دراوسێی ڕۆژئاوایە و لەزۆر ڕووەوە دەیەوێت لاسایی ئەوان بکاتەوە، بەڵکو بەشێکی کەوتۆتە قارەی ئەورووپاوە و نەوەیەکیان "٥٠" ساڵە لە ئەورووپا ژیان بەسەر دەبەن، کەچی هێشتا نەیانتوانیوە دەستبەرداری وشەی شەرەف بن، تەنها لەبەر ئەوەی کولتورەکەیان کولتورێکی عەرەبی ئیسلامییە، بۆیە بەبێ قسەکردن لەسەر ئەو کلتوورە قسەکردن لەسەر سێکس هیچ



مانایەکی نییە، بەبێ لەناوبردنی ئەو کلتوورە زۆر زەحمەتە قسە لەسەر سێکس بکەیت.

٧–لەدواین پرسیاردا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك ڕۆشنبیر کە دەڵێن" گەنجی ئەمڕۆ بێ شووناسە و ونبووە لەنێو گەمەکانی دەسەڵات و حزبدا، پێتوایە ئەم بێ شوناسییە تاکەی بەردەوام دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت گەنجی کورد ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟.

وا بزانم منیش هەمان رام هەیە و لەسەرەوە باسم لەو پەیوەندییە کرد و وەڵامیشم داوەتەوە، بەوەی بەبێ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی گەنجان هیچ ناکرێت، کاك ئارام زۆربەی گۆڕانەکانی ڕۆژئاوا لەسەر دەستی گەنج کراون، ئەو مافانەی ئەمڕۆ گەنج لەڕۆژئاوا هەیانە لەخۆوە نەهاتۆتە دی، تۆ بڕۆ بە تەنها مێژووی بزووتنەوەی گەنجانی ئەڵمانیا بخوێنەوە، یا بزووتنەوەی قوتابیانی زانکۆ (Studentenbewegung) کە بەبزووتنەوەی شەستەکان ناسراوە، بەڵام ئایا قوتابیانی زانکۆی ئێمە خاوەنی چین؟. لەهەموو جیهاندا قوتابیانی زانکۆ پێشڕەوی گۆڕانن، لەهەموو جیهاندا قوتابیانی زانکۆ سەنگ و قورساییەکیان هەیە دەسەڵات لێی دەترسێت، بەڵام کامەیە سەنگ و قورسایی ئەوانەی ئێمە، کامەیە دەنگ و ڕەنگیان، من ڕۆژانە چاوم بەچەندین ئیهانە و سوکایەتی بەقوتابیانی زانکۆوە دەکەوێت، کەسێك نییە وەڵام بداتەوە، مامۆستایەکی زانکۆی کۆنە بەعسی قوتابی لەبەرچاوی هاوڕێکانی دەداتە بەر شەق، چونکە بەرپرسێکی لەپشتە کەسێك ناوێرێت دەنگ بکات. لەجیهاندا زانکۆ ئەو حەرەمەیە دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵات

ناوێرن قاچ بخەنە ناویەوە، بەڵام لەوڵاتی ئێمە بەرپرسەکان ڕۆژ تا ئێوارە فیتو فاتیانە تێیدا، لەوڵاتی ئێمە زانکۆ بووە بەجێگای سیخوڕی و ئاسایشی حزبی و کەسێك ناوێرێت بڵێت بۆ!. ئایا ئەمە لەبێ شوناسی گەنج و قوتابی ئێمە زیاتر چییە، بەنامەی بەرپرسێك قوتابییەك دەردەچێت یا ساقگ دەبێت، لە چاوپێکەتنێکی "فەرهاد پیربال"دا باس لەوە دەکات قوتابییەك هەموو نمرەکانی (نایاب، زۆرباش)ن، بەڵام دەرنەچووە. تۆ ئەمانە ناو دەنێیت چی؟. من پێم وابێت هەتا گەنج و قوتابیانی ئێمە ئەو بوونەوەرە بێدەنگ و شەرمنە بن لەبەردەم دەسەڵاتدا، هەرەشەکەیان لەوە باشتر نابێت، برا گیان گۆڕان لەخۆوە نایەتە دی، ئەگەر مرۆڤ کارو خەباتی بۆ نەکات، کارو خەباتیش قوربانی دەوێت، تۆ سەیر بکە ئەم ڕۆژگارە کێ دروستی کرد؟ کێ قوربانی بۆدا؟ گەنج ئەو هەموو خوێنەی بۆ ئەمڕۆژە کردە قوربانی، کەچی خۆی لێی بێ بەشە. من پێم وابێت گەنجی کورد لەبەردەم شۆڕشێکی نوێدایە، تەنها بە شۆڕش و هەڵسان دەتوانن مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، ئەگینا ڕەوش و پرسی گەنج وەك خۆی بگرە بەرەو خراپتر دەڕوات.

## عەدالەت عەبدوڵڵا

## گەنج و شوناس



**عەدالەت عەبدوڵڵا یەکێکە لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی چەند ساڵێکە لە کاییەی ڕۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی سەلماندووە و تا هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکە لە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە بێجگە لەوەی خاوەنی دید و بۆچوونی تایبەت بووە لەسەر پرسی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لەو بارەیەشەوە چەندین وتار و نوسینی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی عەدالەت_یش بەم شێوەیە بوو.**

* سەرەتا ئەگەر بپرسین گەنج کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، هەروەها پیر کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

دیاریکردنی ماهییەو ناسنامەی ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەی کە پێی دەوترێ گەنج، یان ئەوەیتر کە پێی دەوترێ پیر ، کارێکی ئاسان و سادە و ساکار نییە، بەشبەحاڵی خۆشم، هەموو کاتێك ئەوەندەی ئیش لەسەر دۆزینەوەی ئیشکالییەتەکانی ئەو ناساندن و ماهییەتانە دەکەم، ئەوەندە بەشداری لە

پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە لە داوەری ناکەم کە زۆرجار دێت و بە رۆشنبیرییەکی میللییانەی نا ڕێکخراو ، یان بە وشەسازییەکی ئینشائییانە، یان بە لۆژیکێکی رۆشنبیریی هەتیو و بێ مەرجەع و بێبنەما و بێ باکگراوەند، ناسنامەیەکی دیاریکراو، یان جەوهەرێکی نەگۆڕ، یان ماهییەتێکی ئامادەکراو، یان چەمکێکی تراندستاڵ ( متعال) بەسەر دنیای دیاردەو رووداو و دەرکەوتەکاندا ، یان بوونەوەر و ناو و ناونیشانەکاندا دەبڕێت. بە مانایەکی تر، من هەرگیز بە وەزیفەی فکری و مەعریفیی خۆمی نازانم بە دیدێکی جەوهەرگەرا، یان بە زمانێکی موتڵەقگەرا ،یان بە هۆشیارییەکی دۆگما و چەقبەستوو، سنووری پۆلاین، یان دابەشکردنی دوالیستانە، لە نێوان ناونیشان و ناسنامەکاندا بکەم، ئەمە ئەوەندەی ئەرکی ئەوانەیە کە لە ڕووی فەلسەفی و ڕەخنەیی و مەعریفیەوە بیرناکەنەوە و دەستکورتن و موقارەبەی دنیای شتەکان ناکەن ، ئەوەندەش پیشەی ئەو خەڵکانەمانە کە تا ئێستا خاوەن تیۆرێک، یان بیرۆکەیەکی زیندوو نین بەرامبەر بەو شتەی پێی دەوترێت مێژوو یان واقع و ئاڵۆزییەکانی ، یان گرفت و وەرچەرخانەکانی. بەم مانایە، تۆ لە بری ئەوەی لێم بپرسی گەنج، یان پیر، کێیە و هەڵگری چ شوناسێکی کۆمەڵایەتی و مرۆییە، باشتر وایە بپرسی تا چەند ئەم دوو بوونەوەرە خاوەن شوناسێکی دیاریکراون و ماهییەتێکی نەگۆڕ و لێك جیاوازیان هەیە؟ ، ئەم دوو بوونەوەرە لە چیدا لە یەك ناچن و لە کۆیدا تەواوکەری یەکترن ، خاڵی جیاکەرەوە و خاڵی کۆکەرەوەی نێوانیان چییە ؟



ئەگەر بمانەوێ ، لە ڕووی فکرییەوە، وەڵامێکی ئەم پرسیارە گریمانەکراوانە بدەینەوە، ئەوە باشتر وایە بیرمان بکەوێتەوە کە گەنج هەڵگری شوناسێکی دیاریکراو نییە وەك چۆن پیر–یش ئەم شوناسەی نییە. گەنج بریتییە لە کائینێك کە لە ناو کاروانێکی مێژوویی پڕ لە جموجوڵی فیسیۆلۆژی و بایەلۆژیدا دەژێت ، لێرەدا کۆی ئەو ئامارەو دەلالە بایەلۆژی و فسیۆلۆژییانەی کە شوناسی ئەو، وەك کائینێکی عومری و تەمەندار ، دیاریدەکەن لەنەشونمایەکی بەردەوامدان، واتە گەنج ، لەم بارەدا شوناسی مێژوویەکی عومریی ڕاوەستاو و پەنگخواردوو نییە. بە دیوێکی تردا، گەنج بوونەوەرێکە لە ناو کۆمەڵە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی جیاجیادایە و رۆژانە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکانی دی، ئەم پەیوەندی و تێکەڵاوبوونەوەش، وەك زانستی سۆسیۆژیا پێمان دەڵێت، بە کۆمەڵێك چوارچێوە و قۆناغی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا دەیبات و لە ئەنجامدا کۆی هەڵس و کەوت و رەفتارەکانی، یان ژیری و بیرکردنەوەکانی، یان پەروەردە و پێگەیشتنەکانی، لە فەزای ململانێ یان گونجانێکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەدەبات، واتە گەنج هەڵگری هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ و تایبەت نییە، بەڵکو خێزان وەك یەکەمین یەکەی کۆمەڵایەتی، دواتر قوتابخانەو قۆناغەکانی، پاشان دەزگا و دەمەزراوە دەوڵەتی و مەدەنی و ئەهلییەکان و کۆی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانەی تریش کە وەزیفە و پێگە و ناسنامەی ئەویان تیا دەردەکەوێت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییانەی گەنج و دەست نیشانکردنی هۆشیاری و رۆشنبیریی ئەو. لە

ئاستێکی تردا، هەموو گەنجێك خاوەن سایکۆلۆژییەتێکی چوونیەك نییە و دۆخی سایکۆلۆژیی گەنج هەموو کاتێك وابەستەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی ، ئەو پێگەیەی کە زۆرجار توانا ئابوورییەکانی ، یان پلەوپایە مەعریفییەکانی دیاریی دەکات. لێرەوە ئەو گەنجەی کە دەتوانێت ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە و مەرجە بنەڕەتییەکانی بۆ خۆی مسۆگەربکات، خاوەن سایکۆلۆژییەتێکی جیاوازە لەو گەنجەی لەم بوارەدا سەرکەوتوو نابێت. بیرکردنەوەی و هۆشیاریی گەنجێکی دەوڵەمەند و خواپێداو و خۆشنوود، تەواو جیاوازە لە بیرکردنەوە و هۆشیاریی گەنجێکی تری هەژار و دەست کورت و بێ سەرمایەی مادی. گەنجێکی خوێندەواری خاوەن زانست و زانیاری و هەلی خوێندن و خودرۆشنبیرکردن، جیاوازە لە گەنجێکی نەخوێندەوار و نەزان و بێ بەش لە خوێندن. هەر لەبەر ئەمەش، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە و پێداویستییەکانییەوە، ئەو ویست و خواستانەی ، یان حەز و ئارەزووانەی ، یان رەفتار و هەڵس و کەوتانەی کە لە نێوان ئەم دوو کائینە جیاوازەدا هەیە ، کە بە گریمانە وا دانراون هەڵگری یەك شوناس بن، چوونیەك نین و جیاوازیی بەرچاویان لە نێواندا هەیە. بە مانایەکی تر، گەنج ، لانی کەم ، لەم سێ ئاستەدا : ئاستی تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاستی سایکۆلۆژی، هەڵگری هیچ ماهییەت و شوناسێکی نەگۆڕ و کۆنکرێتی نییە ، ئەمە جگە لەوەی بێگومانم لەوەی ئەگەر بێت و بە لێکدانەوەی شیتاڵگەرییانەی ( تفکیکی) زیاتر و زانستی تر ، لە شوناسی گەنج بکۆڵینەوە، ئەوە لە چەندین ئاستی تردا ئەو وەهمە



گەورەیە کەشف دەکەین کە گەنج بە شێوەیەکی موتڵەق و جەوهەری دەکاتە دووانە لەگەڵ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی تری وەکو" پیر" دا ، ئەو بوونەوەرەی کە دەشێت لە ناو هەمان ئەم سیستمەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا لە ناسنامەو ماهییەتی بکۆڵینەوە.

* جیهانگیریو هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانێکی بەسەر شوناسی پیرو گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لەسودی کامیانە؟

جیهانگیری و تەکنەلۆژیا دوو دیاردەی تەواو سەربەخۆ و جیاواز نین ، بەڵکو ڕاستتر وایە تەکنەلۆژیا بە یەکێك لە دیاردە ماتەرییەکانی باهۆزی جیهانگیریی لەقەڵەم بدەین. تەکنەلۆژیا و دەسکەوتەکانی ، دیاردەیەکی شارستانین و مرۆڤ بە گشتی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەتوانێت ، بە پێی توانا مادییەکانی خۆی، سوودیان لێ وەربگرێت، چونکە بەرهەمە ماتەرییەکان، لە ئاستە پیشەسازییەکاندا بێت یان تەکنەلۆژییەکان، بەرهەمی کیشوەرێك یان وڵاتێك یان نەتەوەیەك یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی نین ، تەنها نابنە موڵکی گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو یان دەوڵەتێك و یەکێکی دی نا، بەڵکو زۆرجار ئەم بەرهەمانە وەك کاڵاگەلێکی گەردوونی بە دنیا بڵاوە دەکات و دەگوێزرێتەوە و ساغ دەکرێتەوە، بەتایبەت لە سەردەمی جیهانگیری و ئامرازە خێراکانی گواستنەوەیدا، بۆیە لای خۆمەوە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکم لەو بارەیەوە نەکردووە ئاخۆ تەکنەلۆژیا دەبێ لە چیدا دەستکاری شوناسی گەنج و پیر بکات و لە چیدا وەکو خۆی بیهێڵێتەوە ، چونکە ئەگەر تۆ لە خێزانێکی خواپێدا و و دەسترۆ بیت ،لەگەڵ ئەوەشدا لە

خانەوادەیەکی خاوەن زانست و خوێندەوار بیت ، خۆت و باوك و باپیریشت دەتوانن چون یەك سوود لە ئەنتەرنێت و مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و سەتەلایتو زۆر دەسکەوتی تری تەکنەلۆژی و ئەلکترۆنی ببینن بەبێ ئەوەی کەمترین پەیوەندیی بە تەمەنتانەوە هەبێت . هەرچی جیهانگیرییە، رووداوێکی ئالۆزو فرە ڕەهەندە و ناتوانرێت بە موجەرەدی لێی تێبگەین، بەڵکو ئەم رووداوە وابەستەیـچەندین دیاردە و دەرکەوتی ماتەری و رۆشنبیری و رەمزیی ترە.

* لەهەموو ولاتێکی دنیادا، بەتایبەتی ولاتانی پێشکەوتوو گەنج خاوەنی خەونو پرسیاری نوێیە، بەلام لای ئێمە بێ پرسیارترین نەوەی کۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

ئەم بۆچوونە تەنها گریمانە و گۆشەنیگایەکە و هیچی تر، ئەشێت خەڵکانێك هەبن پشتیوانیت بکەن و گەنج بە کائینێکی بە تاڵ بزانن لە هەر پرسیارێکی وجودی و مرۆیی، دەشێت خەڵکانێکی دیکەش هەبن ئەم بۆچوونە بە رەها و بێ بەڵگە و ئارگیۆمێنت لێك بدەنەوە، من لەو کەسانەم کە پێم وایە، وەك زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا–ش سەلماندوویەتی، هیچ کائینێکی مرۆیی نییە بێ پرسیاربێت ، تەنانەت شێت و دێوانەکانیش لە واقعێکی تایبەتیی خۆیاندا دەژین کە بەتاڵ نییە لە پرسیارکردن، بەم مانایە دەبێ پێشوەخت لەسەر ئەوە مشتومڕ نەکەین کە گەنج کائینێکی پرسیارکەرە یان نا؟ بەڵکو گفتوگۆمان لەسەر ئەوەبێت کام جۆری پرسیار هەڵگری ئەو ئەگەرەیە قوورسایی و کارایی کۆمەلایەتیی گەنج دەستەبەر دەکات، کام جۆر لە پرسیار دەتوانێت گەنج پەلکێشی جیهانێك بکات کە تیایدا پێداویستییە قۆناغییەکانی و ئیمکانیاتە دیاریکراوەکانی و واقعی تایبەتیی خۆی بناسێت و بزانێت، چونکە بەبێ ناسین و زانین هیچ بیرۆکە و نەخشەیەك نییە بتوانێت سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکمان بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری بۆ مسۆگەر بکات. ئەوەندەی من تێبینیم کردبێت گەنج لە ولاتی ئێمەدا هەڵگری پرسیاری گۆڕانە و بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە بە چ شێوەیەك گۆڕانکاری بکات ، بەلام ئەم پرسیار و بیرکردنەوانە لەسەر بنەمای فەرامۆشکردنی دوو مەسەلەی گرنگ بەڕێوەدەچن ، یەکەم : فەرامۆشکردنی ئەوەی چۆن توانا ئابوورییەکانم بەهێز بکەم، دووەم : چۆن کێشەو گیروگرفتەکانم بناسم و بزانم . بە مانایەکی تر، گەنج لە دنیای ئێمەدا ئەگەر بێ پرسیار بێت تەنها لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە ناتوانێت لە ژیاندا بایەخی سامان و زانین بنرخێنێت، یان ناتوانێت رێوشوێن و ئامرازەکانی ئەو دوو ڕەگەزە گرنگەی ژیان بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەو زۆرجار خۆی دەداتە دەست حەز و ئارەزووەکانییەوەو — کە دڵنیام لەوەی حەز و ئارەزووی ڕەوان — بە ناوی گەنجێتییەوە خۆی لە هەموو بەرپرسیارێتییەك دەدزێتەوە، لانی کەم، بەرپرسیاربوونی بەرامبەر بە چارەنووس و پاشەرۆژی خۆی، بێگومان ئەمەش لە ئاکامدا دووچاری سەرگەردانییەکی فکری و سایکۆلۆژی و ناکاراییەکی کۆمەلایەتیی کوشندەی دەکات .

* ئەو ململانێ زۆرەی نێوان باوك‌و کوڕ لەکوردستاندا تاچەند بەپۆزەتیڤی دەبینی‌و ئایندەی ئەم ململانێیە لەڕوانگەی تۆوە بەرەو کوێ دەڕوات؟

هیچ توێژینەوەیەکی دیاریکراوم لە بەردەستدا نییە بۆم بسەلمێنێت شتێك هەیە ناوی ململانێی نێوان کوڕ و باوك بێت و ئەم ململانێیە بووبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا ئەم ساتەوەختە مێژووییەی تێیدا دەژین زۆربەی گەنجانی وولاتی ئێمە کائینێکی فەرمانپێکراو و خەسێنراون، یان چاودێریکراوو کۆنترۆڵکراون، یان تەمبێ کراو و گۆشکراون و کەم جار هەیە ئەو ناڕەزایی و ختەوبۆڵە و بێزارییەی لە نێوان باوك و کوڕی هەندێ لە خێزانەکانماندا هەیە وەربچەرخێت بۆ ململانێی نێوان دوو رۆشنبیری و دوو هۆشیاریی کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز، بەڵکو ئەو هەڵوێستانە زۆربەی کات لەسەر گرفت و کێشە مادییەکانی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی خێزانەکانمانە نەك پەیوەندیی بە ئامادەبوونی دوو سیستمی جیاوازی بەهاخوازی و بیرکردنەوە بێت.

* ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبوو لەو کاریگەریانەو زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێت‌و ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەڵگە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایین رۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟

ئێمە تا ئێستا تێگەیشتنێکی تەواو هەڵە و داخراومان هەیە لەبەرامبەر ئایندا. من کەسێکی تا سەرئیسقان عەلمانیم و کەم و



زۆر باوەڕم بە توندوتیژی ئاینی و پەرگیری و دەمارگیریی تائیفی نییە، بەڵام پێم وایە ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگایەکی عەلمانی بێن و گەنجەکانمان لە ژێر کاریگەرێتییە نێگەتیڤەکانی ئاین بێنەدەرێ، ئەوە پێش هەر شتێك ئەبێ دەستکاری دیدو ستراکتۆری بیرکردنەوەمان بکەین لە ئاست ئاین و چەمکی ئایندا. ئاین بریتییە لە کۆبەندی تێکستە پیرۆزکراوەکان و فەرموودە پەیامبەرییەکان و پێوەرە فقهی و عەقڵانییەکان و کۆدەنگییە کۆمەڵایەتی و فکرییەکان. ئەم ڕەگەزانەشن دواتر یاسایەك بۆ پەیڕەوی ئاینی لای مرۆڤ بەتایبەت موسڵمان دادەڕێژن کە پێی دەوترێت شەریعەت، بەڵام ئێمە زۆرجار بیرمان دەچێت شەریعەت شتێك نییە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارێ ، کتێبێکی تایبەتی نییە لەلایەن خواوەندەوە دابەزیبێتە سەر زەوی، بەڵکو بەرهەمی راڤەکردن و لێکدانەوەو شیکردنەوەی مرۆڤە، واتە مۆرکێکی ناسۆتی/مرۆیی هەیە نەك ئیلاهی و لاهۆتی. بەمانایەکی دی، شەریعەت دەستکردی تەئویل و تەفسیری مرۆڤەکانە بۆ دەقی کتیبە پیرۆزەکان و فەرموودە پەیامبەرییەکان و پاشان زادەی قیاس و ئیجماع ، واتە شتێك نییە جەوهەرێکی ئیلاهیی پەتیی هەبێت، بەڵکو مرۆڤ بەشدارییەکی بنەڕەتیی هەیە لە داهێنان و دروستکردنیدا، باشترین بەڵگەش ئەو هەموو ریفۆرم و گۆڕان و گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر سیستمی تەفسیرەکاندا، یان فتوا و تێگەیشتنەکاندا دێت لە ناو ئاینەکاندا، یان ئەو هەموو گروه و مەزهەب و تەریقەتە دینییانەی کە هەر یەکەو ڕێبازی دیاریکراوی خۆیان هەیە بۆ پەیڕەوی ئاینی. لێرەوە من بۆیە باسی ریفۆرمی

مەعریفی و فکری و عەقیدەیی دەکەم لە ئاست ئایندا، بۆ ئەوەی هەم گەنجە خوێن گەرمەکانمان لەو وەهمە ئاگاداربکەمەوە کە وەهمی ئەداکردنی هەموو رەفتار و هەڵسوکەوت و سیاسەتێکی توندو تیژییە بە ناوی خواوەندەوە، هەم ئەو گەنجانەی تریشمان هۆشیاربینەوە کە هەموو مومارەسەکردنی رەهەندی روحیی خۆیان فەرامۆش کردووە و هیچ پەیوەندییەکیان بەم بەشە گرنگەی ژیانی مرۆیی خۆیانەوە نەماوە و لانی کەم هیچ قەلەقییەکی وجودی نییە. هەروا بۆ ئەوەمە هەردوو نموونەی گەنجی ئێمە : پەڕگیر و بێ باوەڕ ، هەڵگری دید و دنیابینییەکی رێژەییانە و عەقڵانییانە بن بەرامبەر بە ئاین، چونکە ئەگەر بەم سیستمە بیربکەنەوە و رەففتاربکەن، ئەوە دڵنیام ئاین ئەگەر رەهەندێکی هاوکار و یارمەتیدەر نەبێت بۆ بەهێزکردنی مۆراڵی مرۆیی و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵگاکاندا، ئەوە لانی کەم، نابێتە هۆی ئەوەی هیچ رۆڵێکی نێگەتیڤیان لەسەر بەجێبهێڵێت.

* کەپتی جنسی یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنجان دروستکردووە، بەڕای تۆچی بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

هیچ وەڵامێکی ئامادەکراوم لا نییە بۆ ئەم پرسیارە، تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێم: ئەم شێوازە لە چەپاندن کە پتر بەرهەمی ترادسیۆن و کولتووری کۆمەڵگا تەقلیدییەکانە، بە گەنجی بەو جۆرە رکێف و جڵەو نەکردووە کە تێگەیشتنێکی تری لا بێنێتە گۆڕێ بەرامبەر پێداویستییە سێکسییەکان، بەڵکو ئەم غەریزەیە لای بەشێکی دیاریکراوی گەنجی وڵاتی ئێمە ئەمڕۆ بە چەندین



شێوە و شێوازی جیا جیا پەیڕەو دەکرێت کە هەندێکیان دەبنە مایەی کارەساتی تراژیدی بۆ گەنجەکانمان، مەبەستم لە باجی کوشندەی ئەو جووتبوونە سێکسییە نهێنییانەی نێوان گەنجانی هەردوو ڕەگەزەکەیە لە دەرەوەی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە باوانەی کە کولتووری کۆمەڵگا سوونەتییەکان بۆ ئەو غەریزەیەیان داناوە، ئەو باجەی کە زۆرجار بە کوشتنی کوڕان و کچانی کۆمەڵی ئێمە تەواو دەبن.. لە ئاستێکی تردا ، یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم چەپاندنە ئەوەیە کە بەشێك لە گەنجەکانمان بە نهێنی و لەگەڵ تۆڕە مافیاکان و بازرگانیکەرانی جنسییەوە حەز و ئارەزووە جنسییەکانیان دادەمرکێننەوە، ئەم دیاردەیەش رۆژ بە رۆژ لە زیادبوونایە، واتە هیچ هێزێکی دیاریکراو نەیتوانیوە بە تەواوەتی ئەم غەریزە مرۆییە لە ناو روحی گەنجەکانماندا بکوژێت، نەیتوانیوە بیگەیەنێتە حاڵەتێك لە سازش بەرامبەر بە شتێك کە پێویستییە، ئەمە بەو مانایە نییە بە هیچ جۆرێك چەپاندن لە گۆڕێ دا نییە ، بەڵکو باسکردنە لە ئاکامەکانی چەپاندن و پەرچەکرداری زۆربەی گەنجەکانمان لە ئاستیدا.. هەر لەبەر ئەوە دەبێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەخشەیەکی تری کۆمەڵایەتی و یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی ئەم پێداویستییە مرۆییە چارەسەر بکرێت ، لەم ڕووەوە بەندە هیچ تێزێکی ئامادەکراوم لە هزردا نییە ، بەڵام لانی کەم تێدەگەم کە لەو سیاسەتەی چەپاندندا نە کۆمەڵگای ئێمە بردوویەتییەوە و نە گەنجەکانمان دۆڕاوی تەواون ..

* لەدوایین پرسیاردا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك رۆشنبیر کەدەڵێن: گەنجی ئەمڕۆ بێ شوناسەو ونبووە لەنێو

گەمەکانی دەسەڵاتو حزبدا، پێتوایە ئەم بێ شوناسیە تاکەی بەردەوام دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت گەنجی کورد ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟

ئەوەی دەڵێ گەنج بێ شوناسە باوەڕی وایە کۆمەڵێك پێوەری ئەزەلی و بەڵگەنەویست هەیە بۆ ناسینی ئەو خەڵکانەی کە دەبێت ناویان گەنج بێت. من تەواو ناکۆکم لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا و لە سەرەتاشدا بوونی ماهییەتێکی پەتیی و چەمکێکی موتەعالم ڕەخنەکرد و هەڵوەشاندەوە بۆ ناسینی گەنج ، گەنج پتر لە شوناسێکی هەیە، گەنج هەیە پیرە و پیر هەیە گەنجە ، گەنج هەیە منداڵە و منداڵ هەیە ڕەفتاری لەسەرو تەمەنی خۆیەتی، ئەمە بەبێ ئەوەی ئەمەی دەیڵێین شتێکی تر بێت جگە لەو گەمە زمانەوانییەی کە زۆرجار فێڵ لە تێگەیشتن و هۆشیاریمان دەکەن و فێرمان دەکات بە لۆژیکی دوالیستییانەو جەوهەرگەرا ناسنامەکان و ناو و ناونیشانەکان دیاری بکەین. من باوەڕم وایە هەر گەنجێك خاوەن شوناسێکی تایبەتیی خۆیەتی و برێك لە تایبەتمەندێتی و فەردایەتی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی تێدایە و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا ناسڕێتەوە، گەنجان هەموو خاوەن یەك کێشەی دیاریکراونین ، بەڵکو هەریەکەو کێشەی تایبەتیی خۆیشی هەیە ، لەبەر هەموو ئەمانە با دوای ئەو وەهمە نەکەوین کە گەنج شوناسێکی دیاریکراوی هەیە.

## ڕەزا مەنو چیهری

## گەنج و شوناس



ڕەزا مەنوچیهری یەکێکە لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی چەند ساڵێکە لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی وەکو نوسەر و وەرگێڕێك سەلماندووە و تا هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکە لە وەرگێڕان و چەندوتارێکی ڕەخنەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها خاوەنی کتێبی (تەوتەم و تابۆ)ی فرۆیدە کە وەریگێڕاوە، ئەمە بێجگە لە کتێبی "ئایا مرۆڤ سەردەکەوێت"ی ئەریك فرۆم و چەند بەرهەمێکی ناوازەی تر. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی مەنوچیهری _یش بەم شێوەیە بوو.

* سەرەتا ئەگەر بپرسین گەنج کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، هەروەها پیر کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

گەنج بونەوەرێکی مرۆییە لەو تەمەنەدا دنیایەکی جیاواز و بیرو ڕاو هەست و یۆتۆپیای جیاوازی هەیە، هەرچەندە تەنها مەرج نیە لەڕووی فسیۆلۆژیاو دیاری کراوە بڵێیت پێوانەکانی گەنج

لەتەمەنێکی جەستەی دیاری کراودایە یان لەوتەمەنەدا دەمێنیتەوە. ئەم بونەوەرە پڕ لە حەساسەت و یۆتۆپیایە و وزەو خەونەکانی وای لێدەکەن ڕێبازەکانی ژیانی شێتگیرانە بگرێتە پێش. بونەوەرێکە لەهیچ شتێك سڵ ناکاتەوە تەنانەت بەشتە کۆنەکان قەناعەت ناکات بەدوای شتی تازەو ڕامانی تازەو بەگشتی ژیانی نوێدا دەگەڕێت. گەنج وزەی داهێنان و نوێگەرییە و باوەشی ئاوەلآیە بۆ قەڵەمبازی لەپێناو یۆتۆپیاکاندا. وەك فسیۆلۆژیا دەست نیشان کراوە پیر ئەوبونەوەرەیە کەپێش تێپەڕاندنی قۆناغەکانی گەیشتۆتە ئەو قۆناغە. پیر بەگوێرەی ئەزموون و چەرمەسەریەکانی ژیان و ئەو ژینگەی کەپێکهاتەی زمان و مێشکی تێدا دروست بووە ئیدی حەزناکات گۆڕان دروست بێت، چونکە لەگۆڕان دەترسێت گۆڕانکاری بەپەراوێزخستن و پەکخستنی خۆی دەزانێت، هەرچەندە دەزانێت وزەو یۆتاپیاو توانستەکانی لەئاست گەنجدا نییە، بەلاّم بەربەرەکانی دەکات لەواتایەکی دیکەدا پارێزگاری ئەزموون و ڕامان و بەها کۆنەکانی کۆمەڵگایە و دەبێتە بەربەستیگۆڕانکاری و تەنانەت پێشکەوتن خوازی و نوێگەری دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەرکەس لەڕووی فسیۆلۆژیاوە گەیشتە تەمەنی پیری نابێت بە بەربەست، یان کۆنەپارێزی بزانین، بەلاّم بەگشتی گەنج وپیر دوو جەمسەرن لەرووی یەکدا و بەرەنگاری یەکتری دەکەن. تۆرگینۆف ڕۆمانی هەرە گەورەو بەناوبانگی خۆی بەناونیشان (باوکان و کوڕان) داناوە بەدوو لایەنی کۆن و نوێیان دەزانن. بەگشتی ئەم جۆرە دابەشکردنە بۆتە شێوەیەکی هەمەکی. لەکۆمەڵگای کوردیدا گەنج



لەسەرەتای خەونەکان یۆتاپیاکانی خۆیدایەتی هێشتا ئێستا تازە بەتازە خۆی لەو دابەش کردنەدا دەبینێتەوە، کەئاماژەی پێکرا، گەنجی کورد قەیرانی زۆرە و ژیان و کۆمەڵگا بەقورسی ڕوبەڕوی دەبنەوە لەوانەیە زۆربەی گەنجەکانمان پیربن و لەسەر ڕێچکەی پیریەتی بڕۆن پێناسەکەرانی گەنج لەنێو کۆمەڵگایەکی هەژموون پیردا قورسە. پیری کورد زیاتر لەخۆی هیچ قبوڵ ناکات و واز لە بالاّ دەستیەکانی ناهێنێ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. لەم شێوە ژیانەدا چەند پیر تاوانبار بکرێت ئەوەندەش گەنج بۆ خۆی تاوان بارە. گەنجی کورد خۆی داوەتە دەست هەژمونیەك کەلەناخەوە دژایەتی دەکات. پاوان خوازی خێڵەکی، کۆمەڵگا، هەژموونی حیزبی و سیاسی و ئیداری، گەنجی کورد بێ خەون و یوتاپیا و سەرچاوەکانی ژیانی لێ چۆڕە بڕکردووە.

* جیهانگیریو هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانێکی بەسەر شوناسی پیرو گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لەسودی کامیانە؟

جیهانگیری بۆ خۆی پاش کومەڵێك بەرزی و نشێوی هاتۆتە ئاراوە و تەکنەلۆژیایش بەرهەمی داهێنانی مرۆڤە، تەکنە لۆژیا بۆخۆی کلتوری خۆی هەیە و باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و نوێگەری لەپێشەوەیە، بێگومان بەرهەمی داهێنانەکانی مرۆڤ دەتوانێت لە خزمەتی مرۆڤدا بێت و گەشی ژیانی ئابوری و ئاسودەی مرۆڤی لێبکەوێتەوە. و مرۆڤ ڕووبەڕووی نامۆبوون لەخۆی کردۆتەوە و تەنانەت مرۆڤ لەناواخنی مرۆی بەتاڵ دەکاتەوە. قەیرانەکانی تەکنە لۆژیا لە لای مارکۆزە و گریماڵدی زق بوونەتەوە، لەکۆمەڵگای مشەخۆری ئێمەدا تەکنەلۆژیاو باکگراوندی نوێگەری ناناسرێت و تەنها یەك دوو ڕەهەندی گشتی

هاتۆتە لای گەنج و پیری ئێمە. ئەو گۆڕانانەی تەکنەلۆژیا دروستی دەکات بەگشتی گەنج پێشوازی لێدەکات بۆ نمونە زۆربەی ئەوپیرانەی دەرزیان خوێندوە و ئێستا پۆستێکی بالآیان هەیە، یان بۆ فێربونی کۆمپیوتەر دەچنە ۆرك شۆپەکانی گەنجان، یان داوا لە کورە گەنجەکان دەکەن فێری ئەم تەکنەلۆژیایانەیان بکەن تاکو لەوکاروانانەی کەمەبەستیانە دوانەکەون.

* لەهەموو وڵاتێکی دنیادا، بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گەنج خاوەنی خەونو پرسیاری نوێیە، بەڵام لای ئێمە بێ پرسیارترین نەوەی کۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی وێرانەو بۆ خۆی هەزاران قەیرانی هەیە هەندێکیان لاوەکی و هەندێکیان گرنگ و هەندێکیشیان بەبێ چارەسەریان دیارن لەکۆمەڵگایەکی وێران و نەخۆشدا گەنجی وێران و نەخۆش بەرهەم دێت، تەنانەت داهێنان نییە ئەگەریش هەبێت وێران و سەقەتە. گەنجەکان خۆیان داوەتە بەر شەپۆلێك کەدەیان خنکێنن ولە ئەنجامدا گەنجینەکەیان لێدەسێنێتەوە. کۆمەڵگاکەمان نەیتوانیوە بەسەر قەیرانەکان یاندا زاڵ بێت لەڕاستیدا چۆکیان پێ دادراوە و گەنجیش شکستی هێناوە. کۆمەڵگاکەمان دەیان دیاردەی نامۆو نامرۆی و ناگەنجیەتی بەسەردا سەپیوە. کۆمەڵگا و دامو دەزگاکانی مشەخۆر و گەندەڵ بوون و ئەم میراتیەش تائێستا ماوەتەوە. بەپێچەوانەی وڵاتانی تری دنیاوە کۆمەڵگاکەمان نەیتوانیوە بەسەر ئەم کێشانەدا سەرکەوێت، بۆیە بێ هیوای وبێ پەرەنسیپی وبێ باوەڕی وهەوڵ دان بۆ هەلێکی باشی مشەخۆری بونەتە مەبدەئی گشتی لەکۆمەڵگاکەماندا ولەلایەکی



دیکەشەوە هەموو لایەك یەکتری بەشتی دزێو ناشرین تۆمەتبار دەکەن و زۆر خێرا بڕیار لەسەر دەورو بەرو ئەم و ئەو دەدرێت و بەڕەها لەسەر شتەکان بیر دەکرێتەوە ئیدی ئەم دیاردانە ڕەحمی بە گەنج و پیر نەکردووە، بەڵام گەنج قوربانیە هەرە سەرەکیەو گرنگە کەیەتی.

* ئەو ململانێ زۆرەی نێوان باوكو کوڕ لەکوردستاندا تاچەند بەپۆزەتیڤی دەبینیو ئایندەی ئەم ململانێیە لەڕوانگەی تۆوە بەرەو کوێ دەڕوات؟

ململانێ لەنێوان باوك و کوڕ وەك ململانیێ دوو توێژی کۆن و نوێ ململانێیەکی پیرۆزە و دەبێت بەچاوێکی ئاوەڵاوە کراوەوە سەیری بکرێت، بێگومان لەسەرەتادا نوێ دژ بەری زۆرەو دیاردەی نوێ لەلایەن کۆمەڵگا و پیرەکان و خێڵەکیەکانەوە دژایەتی دەکرێت، بەڵام پاش ململانێیەکی زۆر کە سەرکەوت هەموویان بەهی خۆیانی دەزانن و زۆرتریش لەگەنجەکان بەکاری دەهێنن. هەر لەئاکامدا نوێ بەسەر کۆندا سەر دەکەوێت، بەڵام بەگوێرەی شوێن و کۆمەڵگاو پێگەو باکگراوندەکان دیرو زویی پێدەبێت. ئەم ململانێیە لەکوردستاندا زۆر لەمێژە نیە سەری هەڵداوە و زۆری ماوە بۆ سەرکەوتن و لەزۆر لە ڕووبەڕوبونەوەکاندا چەند هەنگاوێکی هاویشتووە، بەڵام لەئاکامداو هەرچۆنێ بێت سەرکەوتن هی لاوانە.

* ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبوو لەو کاریگەریانەو زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێتو ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەڵگە چی

بکرێت بۆ ئەوەی ئایین ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟

ئاین هەژمونێکی قورس و گرانە لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و بەدرێژای مێژوو ئاین هەژمونی خۆی پاراستوە، ئاین گۆڕاوە، بەلاّم هەژمونی وەك خۆی ماوەتەوە، لەکۆمەڵگاو ئابوری، دەوڵەت و کوێخایەتی و جەنگو ژیانی تاکە کەسیدا ئاین هەژمون و بالاّدەستە. لەم سالاّنەی دوایدا و پاش دەرکەوتنی حزبە ئیسلامیەکان لەجیهانی ئەدەبیو ئیسلامیدا ئاین و مەبەستە سیاسی و حیزبیەکان بەجۆرێکی دیکە لەستراتیژ ژیان و کۆمەڵگاو گەنج دەڕوانن. ئیدی حوجرەو مەلاو حونجرە پێشوە قبوڵ ناکەن و ئەمە بەشێکی زۆر سەرە تای و ناوەکی دەزانن، دەروێش و سۆفی وبەشتی کۆن و دەرچووی مێژوو دەزانن، چونکە ئەوان ستراتیژ و حزب و بانگەشەیان جیاواز بووە یان نەیان بووە. وەك پێشتر ئاماژەم پێدا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی وێران و ڕوخاوە و بۆشای زۆری هەیە بۆشاییەکان ئابووری، سیاسی، مەعریفیو مۆڕالّی و هزرین. ئەم بۆشایە لەلایەن ئەم هەژمونەوە پڕ دەکرێتەوە نمونەیەکی مێژویی: کاتێك ئیسلام ڕوی لەئێران کردو ویستی ئیمپراتۆریەتی ساسانی داگیربکات بانگەشەی رزگارکردن لە کۆیلەیەتی و چەوساندنەوەی دەکران وبەڵینی دادپەروەری و پاشەڕۆژێکی گەشی پێدان پاش گرتنی ئێران بەزەبری شمشێر ئەم هەژموونە توانی جێگای هەژموونی زەردەشتی بگرێتەوە. بەراوردکرانێکی بۆشایەکانی کۆمەڵگای ساسانی ئەو سەردەمەو کۆمەڵگای خۆمان واتە کۆمەڵگای کوردە واری و قەیرانە کانیان و ئەو پیرانەی خۆیان



بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبوو و بیریان لەنوێگەری و داهێنان واتە گەنج نەدەکردەوە قەیرانوو بۆشایەکان بەو شێوەیەی ئێستا دەبڕێن پڕکرانەوە. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردەواریدا بەسەدان قەیران و بۆشایی هەیە کە سەلەفیەت دەیەوێت پڕی بکاتەوە، بۆیە گەنجێکی روون و لەکۆمەڵگایەکی ڕوخاو، بێ هیوای کە بڕوای بەهیچ نییە ئەگەر مەعریفەکەی لە لایەن سەلەفیەتەوە پڕ بکرێت ئەوا دوو لەسەلەفیەت دەکات و لەو کاتەدا ئەو گەنجە تاوان بارنیە لەکۆمەڵگایەکی جیاوازدا نابێت پەیڕەوەکان لەوە زیاتر چاوەڕوان بن، خوێندنەوەی ئاینی ئیسلام وەك ئاینێك بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگاو دورکەوتنەوەی لەسیاسەت ولایەنە تولوڕاڵیەکانی ئیسلام لەبەرچاو بگیرێت دەتوانێت نەك گەنجێك بەرەو سەلەفیەت نابات، بەڵکو پێش بەسەلەفیەت بوونیان بگرێت.

* کەپتی جنسی یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنجان دروستکردووە، بەڕای تۆچی بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

کێشەی سیکس نەك لەلای گەنجان بەتەنها، بەڵکو لەلایەن هەموو کۆمەڵگاوە بە کێشەیەکی کۆن و مێژووییو مرۆی و جەستەی و سایکۆلۆژی دەزانرێت. لەو کۆمەڵگایەدا کەئاماژەی پێدرا ڕێگاکانی بەردەم داهێنان و گەنجیەتی داخراون و تەنانەت لەهەندێك شوێندا دەرگا لەژیان ناکرێتەوە. ئەم کۆمەڵگایە کەبەدەیان کێشە بونەتە نەخۆشی لێ ئالاّون، بێگومان کردنەوەی دەرگای جنس وەك کێشەیەکی دەقیقی بەبڤەو تاوان و شتێکی درزێو دەزانرێت لەهەمان کاتدا کێشەکە لەئارادایە و هەموان

لەگەڵ ژیان دەکەن و تەنانەت بەدەستیەوە دەناڵێنن، چونکە لەکۆمەڵگای ئێمە و زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەدا کێشەی سێکسی بوتە (تابوو) کەس بۆی نییە باسی بکات. کاتێك ڕێگە نەدرا باس لەکێشەکە بکرێت بۆ خۆی پەند هێندە قوڵ دەبێتەوە و ڕێگاچارەی بۆ نا دۆزرێتەوە، پاشان بۆشایەکی قوڵ و نامۆ و دزێو دێنێتە نێو کۆمەڵگاو لەبابەتی چارەسەرکردن و دیتنەوەی ڕێگا چارەسەر بەئاڕاستەیەکی دیکەدا دەڕوات کە لەباتی پڕکردنەوەی بۆشایەکە لە لەنێو بۆشایەکدا دەخنکێن. تێڕامان لەلای گەنجان بە گشتی کاتێك دێتە ئاراوە کە بەلایەنی کەمەوە کێشە سەرەتایەکانیان چارەسەر کرابێت و گەنجیش بۆخۆی دەبێت هەوڵ بدات بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەو بۆشایانە. بەڵام کەسیش لەخۆڕاو بەخۆڕای مشەخۆر ئاسا نایکەن بە قورگیا. لەزۆربەی شوێندا خۆدزینەوە لە کێشەکە کارەساتی لێکەوتۆتەوە و ئەم کێشەیە لەنێو بنەماڵەی کوردیدا بواری پێ نادرێت و ڕێگا بە باس کران و ڕێگە چارە دانانرێت. کە لەئەنجامدا قوربانی لێکەوتۆتەوە، ئاسای کرانەوەی ژیان بۆشایەکان پڕ دەکەنەوە و بەچاویەکی ئاسایی و سروشتی چاو لە کێشەکان بکرێن فرۆیدو یونگ، فرۆمورایش زۆریان لەسەر ئەم کێشە ژیانیە وتوە. دەرباز بوون لەکۆمەڵگایەکی نەخۆش نەك هەژموون و بەدور لەدەسەلاتی کەسانی نەشارەزا و مشەخۆر ئاسان کردن و ئاسایی کردنەوەی ژیان و گەڕان بەدوای چارەسەریدا ئەو بۆشاییە سەپێنراوە پڕ دەکاتەوە.

* لەدواین پرسیاردا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك ڕشنبیر کەدەڵێن گەنجی ئەمڕۆ بێ شوناسەو ونبووە لەنێو



گەمەکانی دەسەڵاتو حزبداپێت وایە ئەم بێ شوناسیە تاکەی بەردەوام دەبێت یان چاوەڕوان دەکرێت ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟

منیش لەو بڕوایەدام گەنج لەگۆڕەپانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی ونبووە و مەجالی نادرێت خۆی بناسێت لەزمانی خۆیەوە باسی کێشەکانی بکات کوێخاو دەمڕستی زۆرن خۆشیان بەسەریدا دەسەپێنن. شوناسەکەی ئاڵۆزو تەماوییەو تەنانەت دەم ڕاستەکانی ناتوانن شوناسەکەی پێناسە بکەن و ڕێگاکانیشیان لەبەردەمی داخستووە بەدوای پێناسە کەرانی شوناسی خۆیدا بگەڕێت. بەرەو مەدەنی بوون و بەمەدەنی کردنی بیرکردنەوەکان و کردنەوەی دەرگاکانی دیموکراسی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گەنج لەم قەیرانە دەرباز دەکات. کاتێك ڕۆڵەکان بدرێن بە گەنجەکان بۆخۆیان. ڕۆڵیان لەهەموو قۆناغەکانی ژیان و بەشەکانی کۆمەڵگاو دامو دەزگاکانی وەك ڕۆڵی خۆیان بێت و گەنجەکان لەنێو ئەو ڕۆڵانەدا پێویستە زیرەك بن و خۆیان ون نەکەن و بەدوای شوناس و گەنجیەتیدا بگەڕێن و خۆیان و بۆخۆیان نەبنە بەربەستی سەرکەوتنی گەنجەکانی دیکە. بەئەو ڕۆڵە خەیاڵیانە مەدەنیانەو دیموکراسی نەبن.

## فازیل هیمەت

## گەنج وشوناس



**فــازل هیمـــەت یەکێکـــە لـــەو نووســـەر و رۆشـــنبیرانەی چـــەند ســـاڵێکە لـــە کاییـــەی رۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی وەکو نوسەر و وەرگێڕێك سەلماندووە و تـا هەنووکـە خـاوەنی چـەند بەرهەمێکـە لـە وەرگێـڕان و چـــەند وتـــارێکی رەخنـــەیی لـــە بـــوارە جۆراوجۆرەکانـــدا و بـــە تایبـــەتیش بـــواری پـــــەروەردەکردنی گـــــەنج بەشـــــێوەیەکی تەندروست و تۆکمـە بـە رۆشـنبیری سێکسی و هاوکات چـەند کتێبێکیش دەربـارەی خێـزان و چـۆنێتی پـــەروەردەکردنی گـــەنج تـــا ببێتـــە نەوەیـەکی تەندروست لـە کۆمەڵگەدا و چـەند بەرهەمێکی ناوازەی تـر. بـۆ قسەکردنی زیـاتر لەســـەر تـــەوەرەی (گـــەنج و شـــوناس) بـــە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئـەم تەوەرەیـە و وەڵامەکانی بەرێزیشی بەم شێوەیە بوو.**

*سەرەتا ئەگەر بپرسـین گـەنج کێیـە و هـەڵگری چ ناسـنامەیەکە، هـەروەهاپیر کێیـە و هـەڵگری چ ناسـنامەیەکە، ململانێـی نێـوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

–پێم باش بوو بۆ وەڵامی ئەم تەوەرەیە، یان بابەتـەی بەشـێوەی پرسیار ئامادەکراوە چەند سەرنج و تێبینییـەکی خـۆم تێکـەڵ بـە

بابەتەکە بکەم و راو بۆچوونی خۆمی لەسەر دەربڕم. کەئەشێت چەند پرسیارێکم لەلا گەلاڵە بووبێت وەك ئەوەی دەپرسم بۆچی دوو چینی کۆمەڵی وەك پیرو گەنج وا بەراورد بکرێن؟ لەسەر چ شوناسێك ئەو دوو توێژە پێناس بکرێن؟ پەیوەندییەکی گرنگ لەنێو ئەو دوو پێکهاتەدا یان هەڵسەنگاندیان لە چ ڕوویەکەوە گرنگی هەیە بۆ کۆمەڵ، یان لەسەر چ بنچینەیەك پێناس و بەراورد بکرێن؟ ئەبوایە لەم راپرسییەدا تەنها لایەنێك لەو دوو لایەنە یان چینە سەربەخۆ باس بکرایە. چونکە ئەم بابەتانە زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێ کە لەچەند لاپەڕەیەکدا باس بکرێت، لەلایەکی تریشەوە هەڵسەنگاندنی ئەو دوو توێژە دەبێت لەسەر دوو ئاست بێت یەکەم ئاستی مرۆیی یان ئاستی فیکری، وە لەهەر بارێکیشدا مانا و لێدانەوە و بەراوردەکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە لەسەر ئاستی مرۆیی دەکرێت هەردوولا وەك یەك تەماشا بکرێن و مافیان دەستبەر بکرێن و ڕێزیان لێبکرێت، بەلاّم لەسەر بنەمای فیکری بێت ئەوا دوو جیهانی زۆر گەورە و جیاوازن، مەودایەکی فراوان لەنێو ئەو توێژەدا هەیە.

گەنج: ئەو هێزە جەستەیی و ڕۆحی و ئیرادەیەیە کە ئەتوانێ ئەوەی پێشبینی نەکەیت و وێنای نەکەیت ئەنجامی بدات، سەرچاوەی هێزێکی بیرکرنەوە وداهێنانە. سەرچاوەی عەشق و ئەوینی و زیندەگییە، ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر و بەهێزتر و بەبڕواترە، ئەگەرچی خاوەنی ئەزموون نیە، بەلاّم ئەمەش مانای وا نیە گەنج دەستە وەستان لەبەر دەم کێشە و کۆسپ و تەگەرەکانی ژیاندا رادەوەستێت، چونکە گەنج ڕۆحی بەرگری و کۆڵنەدان و خۆڕاگری تێدایە، زۆر بەزەحمەت تێکدەشکێت،



گەنج ئەو هێزە فیکرییە کە هەمیشە دژی کۆنەپەرستی و دواکەوتویی و دەسەلاّتی باوکە، پێی وایە خۆی ئەتوانێ بەرنامەی ئێستا و ئایندەی خۆی دەستنیشان بکات و خواست و حەز و ئارەزووەکانی ئەو زۆر جیاوازە لەگەڵ باوك یان پیردا. بۆیە ململانێی نێو ئەو لایەنە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەتوانم بڵێم گەنج بەمانای داهێنان، داهێنانیش مەودایەکی فراوانە ئەتوانێ گۆڕانکاریبەسەر زۆر لایەنی ژیاندا بهێنێت.بەلاّم ئەگەر ڕێگە لەگەنج نەگیرێت و ئازادی تەواوی هەبێت و نەچەوسێنرێتەوە.

پیر هێزێکی لەکارکەوتووی خاوەن ئەزموونی سەردەمی خۆیەتی، نەك ئێستا و ئاینده، هێزێکی خامۆش بووی بێ ئیرادەیە. چونکە هێزی بێئیرادە و بێ هیوا پوکاوەیە و هیچی پێ ئەنجام نادرێت. خاوەنی فیکرێکە لەوانەیە بەشێکی زۆر کەمی بۆ ئایندەی نەوەکانی خۆی بەکار بێت لەڕووی داهێنانەوە، بەڵێ خاوەنی ئەزموونە تەنهاش لەهەندێ بار و هەندێ کاتدا دەتوانرێت ئەو ئەزموونانە سودی لێ وەربگیرێت. کێشەیەکی نێوان ئەو دوو فیکرە ئەوەیە کە هیچ کامیان ئیعتراف بەوی تر ناکات، گەنج پێی وایە ئەو هێز و عەقڵە کۆتایی هاتووە، پیر پێی وایە گەنج ئەو هێزە سەرکەش و بێ ئەزموونەیە کە ناتوانێ هیچ شتێك ئەنجام بدات، هەرچیش بکات سەرکەوتوو نابێت، بڕوای بەعەقڵ و فیکری گەنج نییە،هیچ حسابێك بۆ خواست و ئارەزووەکانی ناکات، پێی وایە ئەبێت ئەویش وەك خۆی بیر بکاتەوە، وە ئەگینا تووشی هەڵە دەبێت. بەلاّم لەڕووی هەندێ لایەنەوە ناکرێت پیر بەشێوازێك پەراوێز بکرێ کە هەست بە بوونی خۆی

نەكات و وەك سەرچاوەیەك سود لەهەندێ لایەنە ئەزموونییەكانی وەرنەگیرێت.

*جیهانگیری و هاتنی تەكنەلۆژیا چ گۆڕانێكی بەسەر شوناسی پیر و گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لە سودی كامیانە؟

بێگومانیش لەوەی جیهانگیری و پێشكەوتنی تێكنۆلۆژیا نەك لەسەر چینێك، بەڵكو لەسەر هەموو كۆمەڵگەی هەر وڵاتێك بەتایبەتی و جیهان بەگشتی، گۆڕانكارییەكی زۆر گەورە بەسەر جیهاندا هاتووە، بەرچاوترین و دیاریترین ئەو گۆڕانكاریانە خۆی لە مافی مرۆڤ و یەكسانی و تێكەڵبوونی سیستمە جیهانیەكان و هاوبەش بوون لە زۆر رووەوە بەجۆرێك هەندێ لە كلتور و دابو نەریتیش دەخاتە ژێر پێوە و زۆر گۆڕانكاری نوێی هەمەڕەنگ لەبوارە جیاجیاكاندا دەخولقێنێت. لەهەمان كاتیشدا پێشكەوتنی تێكنۆلۆژیا كاریگەری زۆر بەرچاوی لەسەر گەنج هەیە، لەجۆرێك لەسەرەتاوە توانایەكی جەستەیی گەورەی گەنجانی تیا لەفەنا ئەچوو، ئا لەو كاتەشدا پیرو بێهێزەكان لەكارگە و شوێنەكانی كاركردندا دوورانەوە، چونكە تەنها هێزی بازوو ئەیتوانی نان و بژێوی بەرهەم بهێنن، وە هیچ حسابێكیش بۆ ئەو كەسانە نەكرا كە چەندین ساڵ بوو هێز وگەنجێتی خۆیان لەو شوێنانەدا بەهەدرە بدەن، بەڵام لەپاش وەرچەرخانێكی تر و قۆناغێكی تر جارێكی تر تێكنۆلۆژیا شوێنی هێز و عەقڵی مرۆڤ گرتەوە، رۆبۆتەكان بوون بە پاسەوان و كرێكار و چاودێر و بەڕێوەبەری كارگە و شوێنەكانی كاركردن. بەو شێوەیە قۆناغێكی تر هاتە كایەوە. لە وەڵامی ئەوەی سودی بۆ كامیانە ئەشێت سودو زیانیشی هەبێت بۆ هەریەكێكیان، بەڵام زیاتر



لەبەرژەوەندی گەنجانە، چونكە چەندین لایەنی گرنگی بۆ دابینكردووە.

*لە هەموو وڵاتێكی دنیادا، بەتایبەتی وڵاتانی پێشكەوتوو گەنج خاوەنی خەون و پرسیاری نوێیە، بەڵام لای ئێمە بێ پرسیار ترین نەوەی كۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆكارە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

بەشێوەیەكی گشتی وڵاتانی رۆژهەڵات زۆریان ماوە تا لە كۆمەڵگەی رۆژئاوا نزیك ببنەوە، بەتایبەتیش كۆمەڵگەی كوردستان چونكە هێشتا لەم كۆمەڵگەیانەدا لایەنی كلتور و ئایین و كۆمەڵایەتی زۆر بەسەر چینەكانی كۆمەڵدا زاڵە و تاك هێشتا ئازاد نیە، تا ئازادیش بەدەست نەهێنێت ناتوانێ خاوەنی خەونی خۆی بێت، خاوەنی شوناسی خۆی بێت.

*ئەو ململانێ زۆرەی نێوان باوك و كوڕ لە كوردستاندا تا چەند بە پۆزەتیڤی دەبینی و ئایندەی ئەم ململانێیە لە روانگەی تۆوە بەرەو كوێ دەڕوات؟

–ئێستا لە وڵات و كۆمەڵگەی ئێمەدا چەندین فاكتەری جیاواز گەنجی خستۆتە چوارچێوە و سنورێكی گومان و ترسەوە، كە ناتوانێ خۆی خاوەنی خۆی بێت. بەڵی گەنج خاوەنی هێز و توانایەكی زۆر گەورەی لەبن نەهاتووە و داهێنانە، بەڵام میانێكی وەها نەڕەخساوە گەنج وەك پێویست شوێنی خۆی هەبێت و رۆڵی خۆی ببینێت.

مەرج نییە لە كوردستاندا یان لەهەر شوێنێی تری جیهان كێشە یان ململانێی نێوان كوڕ و باوك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە، بەڵكو ئەوە بۆ سروشتی گەنجێك كە خۆی گیانی

یاخی بوون و بەرگری و موجازەفە و گیانی تاکڕەوی و خودپەرستی و خۆناسین و بەدەستهێنانی ئازادی. ئەمانەهەموو فاکتەرن بۆ ئەوەی کێشەیەك یانە ململانێیەکی بەرەدەوام لەنێوان باوك وکوڕدا هەبێت. کوڕ هەرچۆنێك بێت لەبیرکردنەوەدا زیرەك یان تەمەڵ هەوڵی سەربەخۆیی و ئازادی خۆی ئەدات و ئەیەوێ خۆی خاوەنی بڕیار بێت و دەسەڵاتی بەدەست بێت پێیوایە گەورەکان وەك ئەو بیر ناکەنەوە و گوێ بەدەنگ و خواستەکانی ئەوان نادەن، چونکە ئەوان بڕوایان بە چینی تازە نیە، لەبەر ئەوەی دوو بیرۆکە هەیە ئەوەی یەکەم ئەویە کە پیر پێی وایە گەنج بێ ئەزموونە، و ئەبێت لەژێر ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەواندا بن و بەبەردەوامی چاودێری بکرێن، جگە لەوەش بروایان پێناکەن.. هەرچی بیرۆکەی دووەمیشە ئەوەیە کە گەنج بەهەمیشەیی بڕوای بەعەقڵی پیر نییە و پێی وایە دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چونکە ئەو بیرکردنەوانە لەگەڵ ئێستا و ئاییندەدا ناوگونجێت. هەموو ململانێکان ئەنجامێکی گەورەی هەیە، یاخی بوون و بەرگری، کە زۆرجاریش ئەم جەنگە درێژە ئەکێشێت  کوڕ و باوك لەم جەنگەدا لەوانەیە هەردووکیان بیدۆڕێنن، چونکە هیچیان عەقڵی ئەوی تر پەسەند ناکات، هەر یەکەیان لەبارێکی دەروونی دژواردا دەژین. لەوانەشە لایەکیان بدۆڕێت کە زۆربەی جار باوکە، بەلاّم لەگەڵ ئەو دۆڕانەشدا گەرای بیروبۆچوونی خۆی لەتافی منالّیدا دەڕێژێت و کوڕ جارێکی تر دەوری باوك ئەبینێتەوە، بۆیە تا ئەم ساتەش بەشێوەیەکی گشتی خێزان بریتیە لەو دەزگای بەرهەمهێنەی عەقلی باوك. کە لە ولاّتانی رۆژئاوا ئەو ململانێیە



بەدیناکرێت لەبەر ئەوەی ژینگەی گەنج دوور لە رکێفی باوك و خێزان و بە شێوازێکی باشتر ئازادە.

*ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبووە لەو کاریگەریانە و زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێت و ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەلّگە. چیبکرێت بۆ ئەوەی ئایین رۆلّێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟

ئایین ئەو چەمکە کاریگەرەیە کە هەر یەك لە توێژەکانی کۆمەڵ دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوە، بەجۆرێك شوناس لە ئاییندا نییە و بەتەواوەتی ئەسڕێتەوە، چونکە شوناس تەنها بۆ بوونێکە کە ئەبەدییە و لەم ژیانەشدا جگە لە عەبدێك تۆ هیچ ئیمتیازاتێکی مادییت نیە، جگە لەرۆحییەتەی کە تەنها ئامانجێکی هەیە و هیچی تر، کاتێکیش تۆ دەستبەرداری هەموو لەزەتەکان و بەهاکان و شتە مادی و مەعنەویکانی ئەم دنیایە ئەبیت، ژیان ئەو مانایەی نابێت کە تۆ وەك کەسێکی بێئیمان بۆی ئەڕوانی. ئایین دیاردەیەکی رۆحی و دەروونیە، کاتێك بەتەواوەتی تیا رۆئەچیت، ژیان هیچ مانایەکی نامێنێت و جگە لە برای موسلّمانی خۆی هەموو کەسێك کوفر و کافرە و شایستەی ئەوەیە کە لەناوببرێن و بسڕێنەوە، چونکە ئەوانە خۆیان واتەنی کۆسپن. دەرچوون لەو سنورە لەو بیرو باوەڕە یان نزیك بوونەوەی بە شێوازێکی کەمکردنەوەی بەهاکەی کەسەکە دەخاتە حالّەتێکی هێستری هەلّچووەوە، کە زۆر بەزەحمەت ئەتوانین شتێك بخەیتە مێشکیەوە کە لە مەنهەج و

باوەڕی ئاینەکەوە هەڵنەقولاً بێت. کەسانی ڕۆشنبیری ئایینی زیاتر میانڕەوتر ئەبن. بەپێچەوانەوە کەسانی توندڕەو هەمیشە ئەو کەسانەن کە کەمترین ئاستی ڕۆشنبیریان هەیە، ئەشێت خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزیش بێت. پێشەوا و رابەر میانڕەو ڕۆشنبیرە ئاینییەکان ئەتوانن ڕۆڵی بەرچاو ببینن لەوەی کە ئایین بە لۆژێك و عەقیدەیەکی ترەوە لەخەڵك یان گەنج بگەیەنێت. ئێستاش ئەو گەنجانەی کە زۆر وابەستەن بەئایینەوە ئەوەیە لە رووی ئەوەی نابێت هیچ شتێك لەبارەی ئایینەوە باس بکەیت، بەلاًم بۆخۆیشی ئەتوانێ هەندێك لە هیواکانی ئەم دنیایەش بەدەستبهێنێت.

*کەپتی جنسی یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنجان درووستکردووە، بەڕای تۆ چی بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

سێکس بۆخۆی کێشەیەکی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە وهەر لەدێر زەمانەوە واتە لەسەرهەڵدانی مرۆڤ لەسەر زەوی جێگەی لێکۆڵینەوە و تێڕامان و چەندین کێشەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەوەش سروشتی سێکس وایە و ئەمەش جگە لەوەی کە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگەیەی بنەمای سەرەکی و جۆری کێشەکە دەستنیشان ئەکات، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کلتوریی، کە هەندێ کۆمەڵگە هیچ حیسابێك بۆ سێکس ناکەن. بەلاًم پاڵنەری سێکسیش لەهەموو ئەو کۆسپ تەگەرانە بەهێزترە بەهەر شێوازێك کاریگەری خۆی دەکات و ئاسەواری ئەوەش لە ڕەفتار و کردارەکانی هەر تاکێکدا دەردەکەوێت. بەتایبەتی لای گەنج . چونکە گەنج دەکەوێتە ژێر فشاری دوو هێزی گەورەی



جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە، لەلایەك ئەو هێزەی کە بەپاڵنەری سێکس دەژمێردرێت کە هێندە بەهێز نازانێت چۆن ڕەفتاری لەگەڵ بکات، لەهەمان کاتیشدا ئەو سنورەی کۆمەڵ بۆی کێشاوە تووشی خورپە و ئیزدیواژیەتێکی ئەوتۆی ئەکات کە کەبتی سێکس سیمای ئەو کەوتنە نێو دووبەرداشەوەیە. گەنجیش بەپێی بۆشایی فیکریی و بۆشایی کارکردن یان نەبوونی دەزگای چالاکییە وەرزشی و فیکری و ڕۆشنبیرییەکان لەوانەیە زیاتر کاریگەری ئەو پاڵنەرەی لەسەر دەرکەوێت ، چونکە هێزی سێکسیی لەپەڕی هەڵچوون و بەرزبوونەوەدایە بەوەی کۆئەندامی زاوزێ لەگەشەکردنێکی بەردەوامدایە، گەنج لە ولاتی ئێمەدا بەهۆی نەبوونی سیستمێکی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە گەنج لەبیرکردنەوەیەکی بەردەوامی سێکسدایە و زۆربەی کاتی لەوەدا بەسەر ئەبات یان بۆی تەرخان ئەکات کە چۆن خۆی بەتاڵ بکاتەوە؟ چۆن ڕەفتار بکات، چۆن خۆی لەرەگەزی بەرامبەر نزیك بکاتەوە، و چ شێوازێك باشترین و گونجاوترینە بۆ بەتاڵکردنەوە کە کۆمەڵ رێگەی بدات، زۆرجاریش هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی و خۆ رزگار کردن لە داب و نەریت و ئایین، بەشێوازێك یان تەواو مل کەچی واقیعەکە ئەبێت یاخود بەگیانی بەرگری و یاخی بوونەوە دەمێنێتەوە.

* لە دوایین پرسیاردا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك ڕۆشنبیر کە دەڵێن" گەنجی ئەمڕۆ بێشوناسە و ونبووە لە نێو گەمەکانی دەسەلاًت و حزبدا، پێتوایە ئەم بێ شوناسیە تاکەی بەردەوام دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت گەنجی کورد ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟

-لەگەڵ ئەوەدام کە ئەشێت گەنج وەك پێویست خاوەنی شوناسی خۆی نەبێت، بەلاّم کەش و هەوای ئێستا و ئەو چەند ساڵەی پێشوو ئەو واقیعەی دروست کردووە، بکەوێتە نێو گەمەی دەسەلاّت و حزبایەتییەوە، پابەست و ئینتمایی گەنجی کورد بۆ سیاسەت و بۆ حزب بۆ چەندین فاکتەر ئەگەڕێتەوە، لەوانە بوونی گیانی نیشتمانپەروەری و چەوساندنەوەی بەردەوامی رژێمە داگیرکەر و ناسیۆنالیستە دڕندەکانی بەغدا ئەوانەی حوکمی عێرقیان کردووە، ئەو بۆشاییە عاتفییەی بۆ نیشتمان هەیەتی یان هەیبوو وای کرد کە زۆرینەی گەنجی کورد روو لەسیاسەت بکات و ئینتمای حزبایەتی هەبێت و ئێستاش زۆر زەحمەتە گەنج خۆی لەو عاتیفەی بۆ حیزبێك هەیەتی رزگار بکات، چونکە لەکاتی بۆشایی عاتیفەدا بەهەرچی پڕبووەوە ئەوا زۆر هۆگری ئەبێت، چەند هەوڵ بدات بۆ دەرچوونی تەماشا ئەکات هەر لەناخەوە وابەستە بەو لایەنەوە، دەبینن گەنجێك دەجار حزب و رێکخراوەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەلاّم لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە ناوی، زۆرجاریش رەخنە لە حزب و سیاسەتی حزبەکەی ئەگرێت و بەهەڵەی ئەزانێت، بەلاّم هەر لەدووریشەوە بەشێك لەفیکری داگیر ئەکات و بیری لیّ ئەکاتەوە.

بەلاّم گەنجێکی تازە پێگەیشتوو تەنها بەعاتیفە دەچێتە حزبەوە، بە زکماکی ئینیمای خێزانەکەی دەچێتە حزبەوە، چونکە دایك و باوکی سەربەو حیزبەن، گەنج بە لۆژێکی نەبوونی دەزگایەکی رۆشنبیریی و یانەی چالاکی ئینتمای بۆ حزب ئەبێت، بەلاّم لەوانەیە رۆژێك رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و رۆشنبیرییەکان جێگەی حزب بگرنەوە. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە



گەنج ئەبێت وەك شوناسی مەدەنی (شوناسەکەی لەگیرفانیدا بێت) لەبەرئەوەی گەنج خۆی بەدوای شوناسی کەسێتی خۆدا دەگەڕێت تا لە یەکێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا دەیدۆزێتەوە، مەرج نیە بەچوونە قۆناغی گەنجێتیەوە هەموو گەنجێك شوناسی هەبێت. ئاراستەکردنی گەنجان بۆ هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە پێکهاتە و فیکری گەنج لەو قۆناغەدا دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی دەسەلاّت(حکومەت). بۆیە دەبینین گەنج لە حزب و رێکخراوە سیایەکاندا هەر بۆشاییەکی هەیە و لەئاست خواست و داخوازییەکانی ئەودا نییە، هەست بە بوونی بۆشاییەکە دەکات، بەلاّم نازانێت چۆن رەفتاری لەگەڵ بکات چۆن پڕی بکاتەوە، بەلاّم ئەشێت لەهەندێ رووەوە ئەو لایەنە بەشێك یان دەروازەیەك بێت بۆ خۆ دەرخستن و خۆناساندنی بەدەرەوە ئەمەش بەپێی بۆچوونی خۆی.

## مامۆستا عەلی باپیر

# گەنج و شوناس



مامۆستا عەلی باپیر یەکێکە لەو نووسەر و رۆشنبیرە ئیسلامیانەی چەند ساڵێکە لە کاییەی رۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی هەم وەکو نوسەرێك هەم وەکو کادرێکی ئیسلامی چالاك و ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کاری کردووە و هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکە لە نوسین چەند وتارێکی رەخنەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بە تایبەتیش بواری پەروەردەکردنی گەنج بەشێوەیەکی تەندروست و تۆکمە بە رۆشنبیری ئیسلامی و هاوکات چەند کتێبێکیش دەربارەی خێزان و چۆنێتی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا چاپ بووە. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی وەکو رایەکی تایبەت و جیاواز لە هەموو ئەو کەسانەی تر کە تا ئێستا لەم تەوەرەیەدا قسەیانکردووە بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی بەرێزیشی بەم شێوەیە بوو.

*گەنج كێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەكە، وەپیر كێیە و هەڵگری چ ناسنامەیەكە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێكهێنەری كۆمەڵگای كوردی چۆن دەبینی؟

م. عەلی باپیر:بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، الحمدالله و الصلاه و السلام علی رسول الله، پێشەكی بەخێرهاتنتان دەكەم، پێناسەی گەنج كێیە وەپیر كێیە، ئەوە زیاتر زانایانی كۆمەڵناسی و دەروونناسی لەوە دەكۆڵنەوە، ئەوەش مەرج نییە یەك رای دیاریكراوی لەسەر بێت، یەعنی شتێكی لەسەر بێ كە نەگونجێ دەستكاری بكرێ، من پێم وایە هەم گەنجێتی و هەم پیرێتی سنوورەكانیان تێكەڵن، وە لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە ئەو سنورە هەڵكشان و داكشانی تێدەكەوێ، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین كە گەنجێتی لەدوای قۆناغی هەرزەكاری (قۆناغی باڵغ بوون بەزاراوە شەرعیەكەی) كە دەكاتە دوای قۆناغی پازدە ساڵی، لەوێوە گەنجێتی دەست پێدەكات هەتاكو چل ساڵی، وە لەقۆتاغی چل ساڵی بەبۆچوونی من و بەو پێیەی كەتەماشای كتێبەكانی كۆمەڵناسی و دەروونناسیم كردووە و لەهەندێك دەقی شەرعیش ئەوە دەلالەت دەكەن كە لەچل ساڵی مرۆڤ دەگاتە قۆناغی گەیشتن و كامڵ بوون.

دیارە لەچل ساڵیش بەدواوە جۆرێك لەوەستان تاكو پەنجا و بۆ هەندێك كەس تاكو زیاتریش بەردەوام دەبێت، كەواتە قۆناغی گەنجێتی وەكو زەمەن لەپازدە ساڵیەوە تاكو چل ساڵی بەردەوام دەبێت، پیریش لە دوای كامڵ بوونەوە (لەدوای پەنجا ساڵیەوە) چونكە من پێم وایە لەنێوان چل بۆ پەنجا جۆرێك



لەوەستان دەبێت، بۆیە لەوە بەدواوە، یاخو زۆر كەسیش هەیە هەر لەسی ساڵیەوە پیرێتی دەست پێدەكات، بێگومان ئەمەش لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەك یاخود لەژینگەیەكەوە بۆ ژینگەیەكی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی پیرێتی لەپەنجا ساڵی بەدواوە دەست پێدەكات و بەمردن كۆتایی دێت.

دیارە گەنجیش بۆ خۆی كۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، ئەو تایبەتمەندیانەش هەندێكیان خاڵی بەهێزن بۆ گەنج، هەندێكیشیان خاڵی زوعفن (بێ هێزن)، وە گەر ئاگای لەخۆی نەبێ ئەوە بە هۆی ئەو خاڵە لاوازانەوە تووشی هەڵە و پەشیمانی دەبێ.

لەخاڵە بەهێزەكانی قۆناغی گەنجێتی ئەوەیە كە بیرو زەینێكی كراوەی هەیە، ئامادەی وەرگرتنی شتی نوێی زیاتر هەیە، هەر بۆیە شوێن كەوتووانی هەر ئایدۆلۆژیایەك، هەر فیكرە و بەرنامەیەك دەبینین بەزۆری گەنجن، تەنانەت لەزمانی پێغەمبەریشەوە گێڕدراوەتەوە كە فەرموویەتی: (حالفنی شباب و خالفنی شیوخ) واتە (گەنجەكان بڕوایان پێ هێنام و هۆگرم بوون، پیرەكان سەرپێچیان كردم)، خۆی ئەو تایبەتمەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا گەنج وەكو پەڕەیەكی سپی وایە و جارێك شتی تێدا نەنووسراوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە بەهۆی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانەوە زۆر نەچۆتەوە نێو ژیان و كۆمەڵگا و ژێر كاریگەری عاداتی كۆمەڵگاوە و ئەو فیكر و سیاسەتانەی لەكۆمەڵگادا باون، هەروەك گەنجێتی هەرەتی تین و تاقەت و گەرم و گوڕی و چالاكییە، هەروەكو چۆن لەڕووی زەینەوە كراوەیە بۆ وەرگرتنی شتی نوێ، ئاواش لەڕووی

بەدەنییەوە کەمتر هەست بە بێ تاقەتی و ماندوویێتی دەکات، وە لەڕووی ڕۆحیشەوە دیسان گەنج پاکی و بێ گەردییەکی زیاتری تێدایە، واتە لیخن نەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی گەنجێتی وەك چۆن کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی تێدایە، ئاواش کۆمەڵێك خاڵی سلبی تێدایە، یەکێ لەخاڵە لاوازەکانی بریتیە لەوە کە کەم ئەزموونە و تەجروبەی کەمە، پوختە نەبووەو نەگەیشتووە، لەبەرئەوە دەکەوێتە ژێرکاریگەری، جا ئەگەر ژینگە و دەوروبەرێکی باشی لێ هەڵکەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ژینگە و دەوروبەرە باشە و بەرەو باشە دەڕوات ، ئەگەر ژینگە و دەوربەرێ کی خراپی لێهەڵکەوێت، یان ڕەفیقی خراپی لێ هەڵکەوێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو خراپەیەش، واتە ئەوە وەکو سیلاحێکی (زوجدین)ە. وەکو (تیغێکی دوو دەم وایە) بەهەدوو دیواندا دەبڕێ، ئەو حاڵەتی ئەوە کە گەنج زوو دەکەوێتە ژێرکاریگەری، دیارە وەکو گوتم هەم دەگونجێ بکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەرێکی باش، ڕەفیقێکی باش، فیکرەیەکی باش وە دەشگونجێ بەپێچەوانەوە بێ ئەوەش لێرە وەکو پێغەمبەر (ص) ئاماژەی پێکردووە، کەدەفەرمووێ (هەموو ئینسانێ لەسەر سروشتی خواپەرستی لەدایك دەبێ، بەڵام دوایی (باوك و دایکی) (کەلێرەدا مەبەست پێی دەوربەروکۆمەڵگایە) دەیکەن بە (جولەکە یاخود دەیکەن بەدیان یاخود دەیکەن بەمەجوسی) واتە ئینحرافی پێدەکەن، پێی لادەدەن. دیارە ئەوە لەکاتێك داکە دەوروبەرێکی خراپی لێ هەڵکەوێت، بەڵام ئەگەر دەوروبەری چاکیشی لێ هەڵکەوێ لەسەر ئەو الفترەتە کەخوا



لەسەری سروشتاندووە دەمێنێتەوە ئەوە بەنیسبەت گەنجێتی بەنیسبەت پیریەتی دیارە ئەتوانین زۆرشت باس کەین لەخاڵی ئیجابی کاتێ ئینسان دەکەوێتە قۆناغی پیریەتی و کامڵ بوونەوە، یەکێك لەوانە بریتیە لەئەزموون دیدەیی واتە ئینسانی بەساڵدا چوو دیارە ژیانی بەڕێ کردووە و بەکۆمەڵێ قۆناغ و بەکۆمەڵێ ئەزموندا تێپەڕێوە، پووختەبووە.

وەکو گەنجێك نییە کە لەگەڵ شتێکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ڕەنگە وەك پێویست نەتوانێ خێروشەڕی لێك جیابکاتەوە یاخود، یەکسەر ملی لایەکیان بگرێ، بەڵام پیر وردەبێتەوە، هەر بۆیە ژیان و کۆمەڵگا هەم پێویستی بەنیشات و حەماسەت و دڵ سافی و زەین ڕوونی و ئازادی فیکری گەنجان هەیە، هەم پێویستی بەئەزموون و دونیا دیدەیی و حیکمەتی پیرانیش هەیە، یەکێکی دیکە لەخاڵە بەهێزەکانی پیر ئەوەیە کە زو خۆبەدەستەوە نادات، واتە زوو تەسلیمی فیکرەیەك ڕێبازێك بەرنامەیەك نابێت، جاری وا هەیە ئەگەر ئەوە لەبەرامبەر حەقێك دابێ، دیارە بەنوقتە زەعف تەواو دەبێ وەکو ئەوەی گەنجێتی، ئەگەر لەبەرامبەر ناحەق دابێ بەخاڵێکی ئیجابی تەواو دەبێ. خاڵی لاوازی پریش ئەوەیە بریتیە لەوەی کە تەقەبولی شتی نوێ کەمتر دەکا، شتی تازە، زیاتر لەسەر ئەوەیە کەلەسەری ڕاهاتووە، لەسەری دەڕوا، هەربۆیەش هەم شوێنکەوتوانی پێغەمبەر (د.خ) پێغەمبەری خۆشمان بەتەمەترین هاوەڵی بریتییە لە ئەبوبەکر، کەتەمەنی (٣٨) ساڵە بووە واتە جارێ هەر لەقۆناغی گەنجێتیا بووە، ئەوانی کەش دیارە تەمەنیان کەمتربووە، هەروەها شوێنکەوتوانی هەر فیکرە و بەرنامەیەك

لەهەروڵاتێك (فیكرە و بەرنامەیەك كەبێتە نێومەیدانی ژیانەوە) بەزۆری چینی گەنجە، (پیر كەمتر وایە تەقەبولی شتی نوێ بكەن) كەوەكو وتم نوقتەی زوعفە، بەڵام ئەگەر ئەو شتە نوێیە شتی خراپ بێ بەخاڵی بەهێز دادەنرێ، چونكە ئەگەر تەماشای قورئان بكەین خوای گەورە لۆمە و سەرزەنشتی كافرەكان دەكات، كە لەبەرامبەر پێغەمبەران (د.خ) كەهاتوون بۆ تازەگەری بۆ نوێ كردنەوەی بۆ دەربازكردنی خەڵك لەوكۆت و پێوەند و زنجیرە فیكری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیانەی كە دەست و پێی بەستوون، عەقڵی گرێدراون، خوای گەورە سەرزەنشتی كافرەكان دەكات كە هەمیشە گوتوویانە (ئێمە باوباپیرانمان لەسەر رێبازێك بوون هەر لەسەر ئەو رێبازەش دەڕۆین). واتە ئامادە نەبوون دەست لەو شتە پوچانە هەڵبگرن، جا بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ (ئەی ئەگەر باوباپیرانتان لەگومڕایدابوون) چۆن لەشتی هەڵەدا دەبێ بەدوای پێشینان كەوی؟!!.

لەشتی باشدا باشە و شوێنی كەوە، گوڵ بژێری بكە، بەڵام ئەوەی كەیەكێك نایەت (رەنگە بەكەڵكی قۆناغی خۆی هاتبێ)، بەڵام بەكەڵكی قۆناغی تۆنایەت نەك لەسەر ئەوە كەلە ئەسڵدا باتیڵە، بەڵكو هەندێ شت زەمان و مەكان كاریگەری تێدەكا، جاری وایە شتێك بۆ كاتێك شیاوە، باخود بەكەڵك بووە، بەڵام ئێستا بەكەڵك نەماوە، ئێستا دەبێ شوێنی ئەو بەشتی تر پڕبكەیتەوە دەتوانین بەكورتی بڵێین ئەوە پێناسەیەك بۆ هەركام لە گەنج و پیربوو بەكورتی و گوشراوی.



*جیهانگیری و هاتنی تەكنۆلۆجیا چ كاریگەریەكیان لەسەر شوناسی پیر و گەنجدا هێناوە. هەندێك كەس دەڵێن كە گوایە شوناسی پیری سڕیوەتەوە، چونكە پیرەكان ناتوانن تەقەبولی زۆر لەئامێرەكانی تەكنۆلۆجیا بكەن. ئەگەر گۆڕانی هێناوە بە بۆچوونی تۆ لەبەرژەوەندی كامیانە؟

م. عەلی باپیر: من ناتوانم ئەوە بەڕاست بزانم، پشتگیری ئەوە ناكەم كەجیهانگیری. (ناویان لێناوە جیهانگیری)، بەڵام بەبڕوای من ئەگەر بگوترێ (بەئەمریكایی) كردنی دونیا. نەك بەجیهانی كردن.

*ببوورە مامۆستا من مەبەستم بچوككردنەوەی دونیایە لەڕێگەی تەكنۆلۆجیاوە؟

م.عەلی باپیر: بەڵێ ئەو بچوك بوونەوەی دونیایە بەهۆی تەكنۆلۆجیاوە بەتایبەتی بەهۆی دەزگاكانی راگەیاندنەوە بەتەئكید كاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی بەشەر بەگشتی لەسەر گۆی زەوی، بەڵام ئەوە دیارە كە چینی تازە پێگەیشتوو (گەنج) لەژێركاریگەری ئەو جیهانگیریەدایە، وەزیاتریش ئەوان تەفاعولی لەگەڵدا دەكەن، ئەوانیش زیاتر لێی بەهرەمەند دەبن وەلێی زەرەرمەند دەبن، چونكە ئەو جیهانگیریە هەم بەهرە بەخشە وەهەم زەرەر بەخشیشە ئەوەش وەكو گوتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەی كە كردمان بۆ گەنج، چونكە گەنج كراوەترە زیاتر تەقەبولی شتی نوێ دەكات، بەدوای شتێ كەنەیدیبێ، یان نەی زانی بێت دەگەڕێت كەئەمەش شتێكی سروشتییە لەئینساندا، ئینسان دایم پێی خۆشە ئەوشتەی كەنەیزانێ بیزانێ ئەو شتەی كەنەیدیووە بیبینێ (حوب) حەز دەكا شت بزانێ، جا بەتەئكید

ئەو جیهانگیریەی کە ئێستا هەیە زەمینەی چاك دەڕەخسێنێ بۆ ئینسان ئەوەی کەنایزانێ بیزانێ، گەڕان پەیدا بکات بۆ زەوی، بۆ ئاسمان بۆ تەواوی دونیا.

ئەوەش لەبەر ئەوەی گوتم کەچینی گەنج و لاو کراوەترە و ئامادەیی زیاتری هەیە بۆ وەرگرتنی شتی نوێ لەبەرئەوە گەنج و زیاتر تەفاعول دەکات لەگەڵ ئەو جیهانگیریە وە ئەو وەسائیلانەی کە جیهانگیری رەخساندوویەتی بۆ ئەوە کەئینسان زیاتر شارەزایی پەیدا بکات لەسەر دەورووبەر.

*بەڕای بەڕێزت سوودەکانی زیاترە ئەم هاتنی تەکنۆلۆجیاو جیهانگیریە یان زیانەکانی؟

م.عەلی باپیر: بەدڵنیاییەوە سوودەکانی زیاترە، بەڵام زەرەرەکانی ئەمن پێم وایە لەخودی خۆیەوە هەڵناقوڵێ واتە کەوتم گەنجێتی خاڵی لاوازی تێدایە، ئەوە لەحاڵێکدا بوو کەدەوروبەر موحیتێکی خراپی لێ هەڵدەکەوێ توشی خراپە و ئیحراف دێت، ئەگەر نا ئەو حاڵەتەی کە گەنج، دەیەوێ شتی نوێ وەربگرێ نوقتەی قوەتە لەکاتێکدا کەبەباری چاکەدا بەکاربێت، جیهانگیریش بەتایبەتی ئەوەی کەپێی دەگوترێ (شۆڕشی زانیاری) هۆیەکانی راگەیاندن بەهەموو شێوازەکانیانەوە، لەڕاستیدا دەگونجێ کەتووشی شەڕ و زیان نەبین لێوەی، بەمەرجێ لەدەست خەڵکی باشەوە بن بۆ ئامانجی باش بەکار بێ، بەڵام تۆ تەماشا دەکەی ئەمریکا رۆژئاوا یامەسەلەن لەنێوخۆماندا (حزبێکی دەسەڵاتدار) هەر ئەو ئامڕاز و ئامێرانە کە لەزاتی خۆیاندا بێلایەنن، یاخود لەزاتی خۆیاندا بەرهەمی زانست خۆی لەخۆیدا شتی باشە، بەڵام چونکە



بەدەست خەڵکی خراپەوە دەبێ بۆ خراپ بەکاردێت تەماشا دەکەی شەڕ و خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆ وێنە کاتێ کە راگەیاندن بۆ چەواشەکاری بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بۆ رەواج پێدانی شتی خراپ بەکاردێت، بۆ وێنە (ئافرەت) بەجۆرەها شێوە وێنە دەگیرێ لەسەر کاڵاکانی بازرگانی لەسەر"تایت" و...هتد پێم وایە ئەوە بەڵێ بەرهەمی تەکنۆلۆجیای ئیعلامیە، بەڵام خۆ ئەوە دەگونجێ ئەو ئیهانە و سوکایەتییە بەئافرەت نەکرێ، چونکە خۆ شمەك لەخزمەتی ئینساندایە نەك ئینسان لەخزمەتی شمەك دابێ، ئێستا لەو حاڵەتەدا ئینسان (مێینەیی) ئەو ئافرەتە کراوە بەرەو وەسیلەیەك بۆ پێدانی شمەك، واتە ئینسان خراوەتە خزمەتی شمەکەوە. مەبەستم ئەوەیە لێرەدا ئەو شێوە بەکارهێنانەی ئیعلام هۆیەکانی ئیعلام یاخود هۆیەکانی جیهانگیری. جا لەڕووی ئابووریەوە یان لەڕووی سیاسیەوە یاخود پەیوەندیەکان ئەو زیان و زەرەراتەی لێی دەکەوێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەدەست خەڵکی خراپەوەیە یان بۆ مەبەستی خراپ بەکاربێت.

*مامۆستا پێت وانییە گەنجی کورد ئامادەساز نییە لەبەرامبەر ئەو پێشکەوتنەی کەباسمان کرد یاخود گەنجی کورد ئەم پێشکەوتنەی وەکو مۆدێلێك وەرگرتووە یاخود وەك نەتیجەیەکی زانستی؟.

م. عەلی باپیر: من پێموایە زیاتر وەکو چاولێکەری وەری گرتووە، وێنەتان بۆ دێنمەوە تۆ تەماشادەکەی کچێکی کورد لەسلێمانی (کەئینسان بەبازاڕدا دەڕوات) چاوی لەخەڵك هەڵدەکەوێ بەرگ و پۆشاکی ئەوەندە سەیر و سەمەرە دەبینی

پێت سەیرە بەتایبەتیش کە ئێستا بیستوومە هەردوو ئیدارەکە ئافرەتانیان ئازادکردووە، لەجۆری جلوبەرگ هەتا بۆ زانکۆش چی لەبەردەکەن لەبەری کەن، لەحاڵێکدا کەئەوە زەرەو زیانێکی کۆمەڵایەتی زۆری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەوە کچە دەوڵەمەندەکان دەتوانن هەر ڕۆژە بەمۆدێلی خۆیان برازێننەوە، ئەی کچە هەژارەکان چی بکەن؟ یان دەبێ قورساییەکی زۆر بخەنە سەرماڵی باوکیان یان دەبێ دڵیان بەخۆیان بسووتێ، جگە لەوەی کەلەڕووی تەندروستیەوە زەرەریان لێدەدات، چونکە ئەو ئافرەتە ئەگەر سەری خۆی داپۆشێت پێویستی بەوە نییە هەر جارە سەری خۆی بەجۆرێك دابێنێ و هەرجارە جۆرە ماکیاجێك لەخۆی بدات هەرجارە جۆرە بەرگێك بپۆشێ، ئەگەر خۆی داپۆشێ ئەو هەموو وەختەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو هەموو مەسرەفەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو هەموو چاوبەرەو ژێرەی خەڵکی لەکۆڵ دەبێتەوە، مەبەستم لەوەیە بۆچی دەبێ کچێکی کورد تەنیا لەو شتانەدا سەیری کچی ڕۆژئاوا بکات. ئەی باشە بۆ تەماشای ئافرەتانی ڕۆژئاوا ناکا لەوەدا کە تۆ سەرنج بدە ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دێت من زۆر ڕۆژنامەنووس هاتوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم لە (ئەڵمانی، بەریتانی فەرەنسی، ئیسپانی) دێت ئەسڵەن دەستی بەخۆیدا نەهێناوە نەخۆی میکیاج کردووە نەهیچ. وەکو مرۆڤێك دێت نەك وەکو مێینەیەك ئینسانیەتی خۆی دەردەخات، ئینجا تەماشا دەکەی هەتا لەڕووی جلوبەرگەوە زۆر ئەهمیەت بەخۆیان نادەن، بەڵام تەماشا دەکەی لەمیهنەکەی خۆیدا، مەسەلەی ڕۆژنامەنووسیە، یاخود هەواڵنێرێکە چییە؟ زۆر بەدەقیقی کاری خۆی دەکات،



یاخود جاسووسیە بۆ دەوڵەتەکەی خۆی دەیکا، واتە زۆر میهەنیانە ئیشی خۆی دەکا ئێ باشە ئەو کچانەی ئێمە با لەشتە باشەکاندا تەماشای خەڵك بکەن و سوودی لێ ببینن، بەڵام لەشتی باشدا من تەماشا دەکەم لەشتەخراپەکاندا لاساییان دەکەنەوە، بەڵام شتێ باشیان لێوەرناگرن، هەروەها گەنجی کورد (کوڕەکان) دەچێت بۆ ئەورووپا چیمان بەدیاری بۆ دەهێنێتەوە، جۆرێك لەسەر چاککردن، جۆرێك لەبەرگ و پۆشاك پۆشین، جۆرێك لەئاخاوتن و قسەکردن جۆرێك عادات و نەریتی خراپ، ئەی باشە ئەو ئەورووپایە هەر ئەو شتانەی لێ بوو؟! ئێمە بۆچی تەیری گوڵ بین عاشق بەداری ژەقنەبووت بین، بۆچی دەبێ مێشە ڕەش بین بەدوای نوقتەی ڕەشدا بگەڕێین؟!!!

با هەنگ بین شیلە بمژین. ئەو هەموو سەقافەت و تەکنۆلۆجیاو ئەو هەموو شتە ئیداری و سیاسی و کلتور و فەرهەنگە زۆرچاکەی لێیە بۆ ئەو شتانە ناهێننەوە، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ (حیکمەن واتە زانیاری بەسود شتێکە لەئینسانی بڕوادار بزربووە ون بووە، لەهەر شوێنێ بێت ئەیدۆزێتەوە، لەهەموو کەس زیاتر حەقی پێوەیەتی) واتە بەدوای شتی باشدا بگەڕێن، جا ئەورووپا بێ لەڕۆژهەڵاتە لەڕۆژئاوایە. لەبنی دنیایە موهیم ئەوە شتی باش بێ، ئیسلام خۆڕێی نەگرتووە لەوە کەتۆ شتی باش وەربگری، بەڵام دەڵێ لەشتی خراپدا لاسایی کەس مەکەوە، کە بەتەئکید ئەوەی جەنابت باست کرد ئەو شێوە هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ تەکنۆلۆجیای ڕاگەیاندنی سەردەمدا. ئایا ئەساسێکی زانستیانەی هەیە، یاخود زیاتر چاولێکەریە؟ من دەڵێم زیاتر چاولێکەریە، خەڵکی ئێمە گەنجەکانمان دەیانەوێ وا

خۆیـان پیـشاندەن کەپێـشکەوتوون ڕۆشـنبیرن، زیـرەکن، زیـاتر ئەوەیـە کـە خۆیـان واپیـشاندا کـە وەکـو خەڵکـە، بـەڵام دەبـێ تەماشا بکەیت لە ئەورووپا کەبەو شێوەیەیە لـەوێ زەمینـەی ئـەو شتانە نەڕەخساوە، یاخود عـادات و نـەریتی ئەوانـە و ڕەنگـە بـۆ خۆیان باشە، بـەڵام مـەرج نییـە بـۆ ئێـرە بـاش بـێ. یـا کۆمـەڵێك بیرکردنەوە هەیـە هـەڵقوڵاوی واقیعەکـەی ئەوانـە، بـەڵام بـۆ ئێـرە ڕەنگـە زۆر نـەگونجاوبێ، وەکـو ئـەوە وایـە لەبەسـرەوە دارخورمـا بێنـی بـۆ ئێـرە، ئـاخر لێـرە سـەوزنابێ، ژینگەکـەو شـوێنەکەی جودایە، ئێمە دەبێ ئیستفادە لەشتی باشـی خـەڵك بکـەین، بـەڵام ئەسـاڵەت و ڕەسـەنایەتی خۆمـان لەدەسـت نـەدەین و ڕەگ و ریـشەکەی خۆمـان لەدەسـت نـەدەین واتـە دەبـێ ئێمـە لـەبیرمان نەچێ کە کوردین، موسڵمانین لەم وڵاتـەداین لەکۆمەڵگایـەکی جیـا لەم کۆمەڵگاکانی فەڕەنسا و بـەریتانیادایـن، لەبەرئـەوە تـۆ دەبـێ تەماشا بکەی کۆمەڵگای تۆ چـی پێویـستە و کۆمـەڵگای تـۆ چـۆن بەرەو پێشەوە دەچێ و تۆ وەکو گەنجێك لەم کۆمەڵگایـەدا ، لـەم کات و شوێنەدا، لەم ژینگە و قۆناغەدا تـۆ چـیت پێویـستە، نـەك لەوێ چۆن دەکا تۆش لێرە وابکەی. (من لەیـەکێك لەکتێبەکانمـدا باسم کردووە.) کەوەکو ئەوە وایـە کـە کابرایـەك ددانـی ژان بکـات دیـارە سـەر رادەوشـێنێ و ناڕەحـەت دەبێـت و ئەوانـە یـەکێکی کەش بـەبێ ئـەوەی کـەبزانێ ئـەو ددانـی ژان دەکـا. ئـەویش بێـت لاسـایی ئـەو بکاتـەوە و سـەر رابوەشـێنێ مـن هێنـدێ عـادات و نەریت چ لەڕووی جلوبـەرگ و لـەڕووی هـەڵس و کـەوت و هەنـدێك بیروبۆچـوون و هێنـدێك قـسەوزاراوە. دەبیـنم مەسـەلەن کـابرا بـەکاری دێنـێ زیـاتر وەکـو چـاولێکەری خـەڵکی دیکـە بۆئـەوەی



ئەویش وەکـو ئـەوان پێـشکەوتوو دیاربـێ، بـێ خەبـەر لـەوەی کـە ئەو پێشکەوتنانەی خەڵکی ئـەورووپا. بـەو شـتە رواڵەتیانـە نییـە بـەو شـتە رووکەشـیانە نییـە، بـەڵکو بەشـتی جەوهەریـە. ئـەو زانایانـەی کـە لەتاقیگاکانـدا شـەوناخەون. ئەوانـەی کـەبن دەریـا دەپشکنن کەکاری خۆیان زۆر بەجدی دەکەن، زۆر بەمیهـەنی لێـی دەکۆڵنـەوە، عـومری خۆیـان لـەوەدا سـەرف دەکـەن لەیـەکێك لەیاساکانی خوا لەسروشتدا دەیدۆزنەوە، ئینجـا زۆر ڕێـز لـەوەقت دەگرن کاتیان زۆر بەلاوە گرنگە، لای ئێمە تەماشـا دەکـەی کـابرا دادەنیشێ چوار سـەعات قـسەی بـەلاش و یـا لەبـەر ئاوێنـە خـۆی دەڕازێنێتەوە یان بەبازاڕدا دێت و دەچێ خـۆی عـەرزدەکات، خـۆ ئـەورووپا بـەوە پـێش نەکـەوتووە، ئـەوان لەحەفتـەدا ڕۆژێکـی دیاریکراویان هەیە، یـان چـەند سـەعاتێك، یـان هەیـە بـۆ تفـریح و گەشت و گەڕان بـاقی تـر خـەریکی کـارن، خـەریکی لێکۆڵینـەوەن هـەر لەمەصـاڵحی خۆیـدا، کەواتـە مـن پـشتگیری قـسەی جـەنابت دەکـەم، یـاخود پـشتگیری پرسـیارەکە دەکـەم. کـەدەڵێت وەڵامەکـەی ئەوەیـە ئـەو شـێوە هـەڵس و کـەوت کردنـەی چـینی گـەنجی ئێمـە هەڵـسوکەوتێکی لاسـایی کەرەوانەیـە بـۆ زیـاتر خۆڕازاندنە بەشێوەیەکی ئەوروپیانە ئەتۆ تەماشا بکـە باشـە جـل و بـەرگی کـوردی چ عـەیبی هەیـە، ئێـستا تەماشـا دەکـەی جلوبەرگی کوردی خەریکە دەبێتە نـامۆ. مـن ماوەیـەك لەمەوبـەر (گۆڤاری هەرێم) چاوپێکەوتنی لەگەڵاکردم. وتی تێبینـی دەکـەین جـەنابت هـەر جلوبـەرگی کـوردی لەبەردەکـەی. وتم ئەسـڵەن لەکوردستان هەر جلوبەرگی کوردی دەپۆشم بـەڵێ، بـەڵام ئەگـەر چـوومە دەرێ. ئەگـەر شـوێنی عـەرەب نـشین بـێ ئاسـایی

جلوبەرگی ئەوان لەبەرکەم، یاخود قاتی چاکەت و پانتۆڵ لەبەرکەم، بەڵام لەناو وڵاتەکەی خۆمدا، بۆچی بەرگی میللەتەکەم نەپۆشم، وتی هەندێ کەس ئەوە بەوە تەفسیر دەکات، ئەی وتم بەچی تەفسیری دەکا، ئایا جلوبەرگی کوردی رێگە دەگرێ لەوەی کەمن عەقڵم عیلم وەربگرێ، رێگە دەگرێ لەوەی کە دڵم نییەتی باشی تێدابێ، شتی باشی تێدابێ.

ئایا دەستی بەستووم لەهیچ کارێکی باش نەخێر؟ ئەی کەواتە قەزیەکە هەرئەوەیە لەئەنجامی کەوتنە ژێرکاریگەری فەرهەنگی غەرب وەك بڵێی بێزم لەخۆم دەبێتەوە، بێزم لەجلوبەرگەکەم دەبێتەوە لەوڵاتەکەشم دەبێتەوە، لەدین و موعتەقەداتیشم دەبێتەوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا غەڵەتە، چونکە تۆتەماشا بکە ئەگەر جلوبەرگی کوردی ناپۆشی بیری لێبکەرەوە بزانە لەبەرچی نەیپۆشی ئایا رێی سەرما ناگرێ، گەرمات لێناگرێتەوە، یاخود رێی جموجوڵت تەسك دەبێتەوە، یان کاتێ کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئینسان هەڵسوکەوت دەکات، دەبێ بزانێ فەلسەفەی چییە؟ و چ سودێکت پێدەگات لەوەدا، کەواتە وەك گوتم زیاتر مەسەلەی چاولێکەری و لاسایکرنەوەیە ئەوەش لەئەنجامی کەوتنە ژێرکاریگەری فەرهەنگی غەرب، لەئەنجامی ئەوەدا کەئێمە تەماشا دەکەین ئەورووپا و رۆژئاوا بەسەردونیادا. (دەسەڵاتدارن) وادەزانین، چونکە لەرووی تەکنۆلۆجیایان لەپێش ئێمەوەن لەدینیشدا و لەعەقڵیشدا لەئێمە چاکترن و لەپێشترن.



کەمەرج نییە وابێ، بەڵێ لەوشتانەدا کەلەپێش ئێمەوەن دەکرێ سودیان لێوەرگرین، بەڵام مەرج نییە هەموو شتێکی ئەوان لەشتی ئێمە چاکتر بێت، بۆچی یەکجار واخۆمان لەبەرچاوبگرین.

*ئێمە لەسەرەتاوە وتمان دوو پێکهێنەری کۆمەڵگا هەیە (نەوەی گەنج و نەوەی پیر) ئەگەر ئەم ململانێیە کورت بکەینەوە، بۆ ناوخێزانێك (کوڕ و کچ) ئەوا ئەبینین، ململانێیەك هەیە لەنێوان ئەم دوو نەوەیەدا، تاچەند ئەم ململانێیە بە (پۆزەتیڤ) ئەبینی، ئەگەر لەسەر شتە باشەکان بێ وە ئەگەر لەسەر هەرچی یەك لەروانگەی تۆوە، ئایندەی ئەم ململانێیە بەکوێ دەگات؟ هەتا لەچەند دەقێکدا باس لەکوشتنی باوك دەکرێ لەبەرئەوەی کەرێگرە لەبەردەم بیرکردنەوەکانی گەنج و لەبەردەم ئازادیەکانی گەنجدا؟

م. عەلی باپیر : من پێموایە تێکگیرانی چینی گەنج و پیر، شتێکی ئاساییە، چونکە چینی گەنج کۆمەڵێ شت دەبینێ تازەیە، ئەو پیرە کۆمەڵێ شتی دیکەی بینیوە، ئەوە لەمێشکیدا تەبع بووە لای بووەتە عەقیدەیەك،فیکریەك، لای بووەتە یەکێك لەپێکهێنەرەکانی شەخسیەتی ئەو دەستی پێ لەشتەکانی خۆی هەڵناگرێ بەزۆری وایە چ چاك بن، چ خراپ بن.

ئەو گەنجەش ئەو شتەی کە لەواقیعی خۆیدا هەیە لەبەرئەوە ئەو تێك گیرانە شتێکی سروشتیە، بەڵام چارەسەر لەوەدایە، کە خاڵی هاوبەش دیاری بکرێت، خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە هەموو شتێکی باش (باش بۆ جسم، باش بۆ تاك، خێزان، بۆ دونیا بۆ دوارۆژ، باش بۆ کۆمەڵگا) دەبێ داکۆکی لەسەر شتی باش بکرێ، چ ئێستا پەیدا بووبێ، یاخود لەکۆندا بووبێ، واتە عەودالی شتی

باش بین نەك شتی نوێ بلێین هەرچی نوێ بەباشە هەرچی کۆن بێخراپە، نەخێر مەرج نییە هەرچی کۆن بێ خراپ بێ، هەروەکو مەرج نییە هەرچی نوێ بێت باش بێ، ئەوە خاڵێکی گرنگە ئەوکاتە پیرەکەش ئامادەیە کەئەو شتانەی تازە پەیدا دەبن، لەگەنجەکە وەری بگرێ، دەبێ گەنجەکەش ئامادەبێ شتە باشەکانی کەلای پیرەکە هەیە لەئەنجامی تەجروبەی چەند ساڵەدا لەنەوەی پێش ئەودابووە لێی وەربگرێ. واتە تەفاهوم و حیوار و گفتوگۆ و شت لێوەرگرتن لەسەر ئەساسی حەق لەکوێیە، چاکە چییە، لەخیلالی سەیرورەی حەرەکەتی ئینسان و مێژوودا، خوای پەروەردگار وەکو فەلسەفەی تەئریخ هەمووی لەو ئایەتەدا خولاسەدەکات و دەفەرموێ (ئەوەی سودی هەیە بۆ خەڵك دەمێنێتەوە ئەوەی کەسودی نییە دەڕوات) وەکو پوش و پەڵاش بەدەم باوە دەڕوات دەبێ چینی گەنج و پیر هەردووکیان بەدوای شتی باشدا بگەڕێن. پیرەکەش عەقڵی خۆی بکاتەوە و گەنجەکەش پێی وانەبێ هەرچی تازە پەیدابووە هەمووی باشە، پیرەکەش پێی وانەبێ هەرچی کۆنە باشە بەڵکو لەکۆنیشدا چاك و خراپ هەیە. هەروەك لەشتە نوێیەکەشدا وایە. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) (منداڵەکانتان بۆ ئێستا پەروەردە مەکەن. بۆ دوای خۆتانیان پەروەردە بکەن)، چونکە ئەوان لەزەمانێك لەدایکبوون غەیری زەمانی خۆتان، واتە موراعاتی ئەو قۆناغە مێژوویە بکەن کە ئەو تێیدا دەژیت و گەشە دەکات، ئەو قۆناغێکی دیکەیە ئەتۆ لەقۆناغێکی دیکەدابووی، ئێستا من تێبینی ئەوە دەکەم هەندێ دایك و باوك ئەیانەوێ منداڵەکانیان نوسخەی فۆتۆکۆپی خۆیان بێ، تێگیرانە کەلێرەدا دروست دەبێ، ناتوانی ئەو



(فوتۆکۆپی) تۆبێ، گەنج و لاویش کەسەیر دەکا (باب و دایکی)، چونکە ناتوانێ وەکو ئەو گەنجە تەفاعول بکات لەگەڵ ئەو واقیع و شتە تازانەی کەئێستا هەیە پێی وایە حەقی ژیانی نییە، ئەوەش غەڵەتە دەبێ گەنجەکەش (عوزر) بۆ ئەو پیرە بێنێتەوە، لەقۆناغێکی دیکەدا بووە عادەتی گرتووە بەچەند شتێکەوە، بەنەرمی و لەباری، وە ئەویش دەبێ (عوزر) بۆ ئەو گەنجە بێنێتەوە بەحیوار و بەلێك حاڵی بوون، جا چ دایك و باوك بن، چ دایك و کچ بن، چ پیر و گەنج بن لەنێو کۆمەڵگادا چ مامۆستا و قوتابی بن، ئەوانە هەمووی لەئەنجامی لێك تێگەیشتن لەئەنجامی ئەوەی کەهەموویان (تجرد) بکەن بۆ دۆزینەوەی حەق، دۆزینەوەی شتی باش، چ لەعالەمی فیکردا، لەعالەکی رۆشنبیریدا لەجیهانی سیاسەتدا لەڕووی ئەخلاقیەوە، لەڕووی هەڵس و کەوتەکانی ناو کۆمەڵگاوە، بەدوای شتی باشدا بگەڕێن هەردوولایان. نەك هەر لایەکیان دەرگای عەقڵی خۆی داخا، گەنجەکە دەرگای عەقڵی خۆی داخات بەرامبەر هەرشتێکی کۆندا و بڵێ هیچی بەکەڵك نایەت، بەدڵنیاییەوە لەنێو شتە کۆنەکان و شتە نوێکانیشدا شتی باش و خراپ هەیە، ئیمام شافیعی تا لەعیراق بووە کۆمەڵێك فەتواو ئیجتیهاداتی بووە، کەدوای زانایان ناویان لێناوە واتە (رێڕەوە کۆنەکانی) کەچووە بۆ میسر لەبەرئەوەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی دیکەیە و ژینگەیەکی کەیە، بەجۆرێکی تر فەتوای داوە ئەمن پێموایە ئیمامی شافیعی (د.خ) ئەگەر چووبایەتە شوێنێکی کەش لەوێش مەزهەبێکی کەی دادەنا، بۆ؟ چونکە عادات و عەڵس و کەوتەکان کە دەگۆڕێن دەبێ هەڵوێست وەرگرتنیش لەبەرامبەریان بگۆڕێ،

بەڵی ئێمە دەبێ کۆمەڵێ شتی (نەگۆڕمان) هەبێ کە ئەسڵەن ناگۆڕدرێن، لەبەرامبەر شتی (متغیرات) (گۆڕدراوەکان)مان هەبێ بەپێی عادەت و هەڵومەرجەکان وەگەشەکردنی کۆمەڵگا وەبەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاوە گۆڕانی لەڕووەهادیەکەیەوە.

* ئەگەر تۆ سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکەیت بەشێوەیەکی گشتی، لەپەراوێزی ئەو ململانێیەشدا کەباسمان کرد (پیرو گەنج) یاخود (کوڕ و باوك) پێت وایە گەنجی کورد خاوەن پرۆژەیەکی نوێخوازی جدیە یاخود ململانێکە، ململانێیەکی نادروستە؟

م. عەلی باپیر: ئەمن پێموایە ئێستا هەندێ هەنگاوی سەرەتایی هەیە دەنرێت (جا چاوپۆشی لەوە بکە داخوا من پێم راستن یاخود پێم هەڵەیە، یان چەندیم پێ راستەو چەندیم پێ هەڵەیە) هەستدەکەم چینی گەنج و لاو دەیەوێ ئێسپات وجودی خۆی بکات، رەخنەی هەیە لە چینی پێش خۆی، لەپیادە سیاسییەکانی لە ئەهلی فیکری، رەخنەی هەیە تێبینی هەیە، گلەیی هەیە لەوەی ناخوێنرێتەوە، کەریعایەت ناکرێ، کە تەقاهەمی لەگەڵدا ناکرێ، ئەوەشی باشە.

بەلام، ئەوە سەرەتایەکی کرچ و کاڵە، واتە زۆری ماوە بگات، وەیەکێك لەهۆکارەکانیش ئەوەیە خەڵکی ئێمە گەنج و شەبابی ئێمە (بەتاییەت) دەویسترێ لە کەوڵی شەخس و کەسایەتی خۆی بهێنرێتە دەرەوە واتە کەوڵ بکرێ، یەکجاری کەوڵێکی کەی بە بەردابکرێ (لەڕووی دینی لەڕووی ئەخلاقی، کلتوری، هەتا لەڕووی هەڵس و کەوتی کۆمەلایەتی) دەویسترێ بەرگێکی کەی بە بەردا بکرێ.



ئەمەش (هیچ کاتێك نابێت دیوار لەسەر بناغەی خەڵك دابنێی قەت بۆت تەواو ناکرێ دەبێ لەسەر بناغەی خۆت لەسەر زەوی خۆت دیواربکەی، ئێمە دەبێ چاو بەماڵی خۆماندا بگێڕین وەکو مەسەلە کوردیەکە دەڵێ ماڵیان پڕبوو لەڕازیانە منداڵیشیان بەزگ ئێشە دەمرد) ئێمە دینەکەمان ئەم شەرعیەتەی کەخوا بۆی ناردووین ئایا هیچی وای تێدا نییە ئێمە بێ ئیحتیاج بکات لەسواڵ و سەدەقەی رۆژئاوا بەتاییەتی لەڕووی عەقیدەیی، لەڕووی جیهانبینی وەدەبێ ئێمە بزانین کە چ دەپەرستین وە چی دەکەین وە ئایا چۆن هەڵس و کەوت بکەین؟ ئایا دەسەلاتدار و رەعیەت چۆن مامەڵە بکەن؟ تێبینیم بۆ گەنج ئەوەیە بەتاییەتی ئەوانەی کەدەنوسن هیچ شارەزایی یەکیان نییە لەئیسلام، هەروا دەزانێ کە مەسەلەی دیموکراسی و عەلمانیەت هەموو شتێکە، بەڕاستی ئەوە نۆقتەی زوعفی ئەو جوڵە لاوی و گەنجەیەکە پێموایە ناتوانێ بەئاکامێکی باش بگا هەتا نەگەڕێتەوە سەر ئەسالەت و رەسەنایەتی خۆی وە دەبێ مێشکی خۆی ئازادکا دەست و پێی خۆی بکاتەوە لەو زنجیرەی کە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەکۆمەڵێك خورافات و شتی غەڵەت و پەڵەت دەست و پێی پێچراوە بەهەمان شێوە دەبێ خۆشی ئازادکا لەوەی کەدەبێ لەژێر کاریگەری فەرهەنگی غەربیشدا نەبێت، هەموو شتێکی ئەوانی لە لاپەسەند و راست بێ، چونکە ئەوان بۆ خۆشیان (نووسەرەکانیان، بلیمەتەکانیان، کۆمەڵناسەکانیان) ئێستا هاواریانە دەڵێن ئێمە بەرەو رووخان دەچین، خێزان هەڵوەشاوەتۆ، ویژدان نەماوە، ئینسانیەت و ویژدان نەماوە خۆتان دەزانن جۆرە ها نەخۆشی کۆمەلایەتی،

دەروونی، خێزانی، ئەخلاقی جیسمانی، لەنێویاندا بڵاوبووەتەوە تووشی گەندەڵیەکی زۆری کردوون، تەبعەن ئێمە ناڵێین ڕۆژئاوا و ئەوروپا (بریتییە لە کۆمەڵێك سلبیات و کەم و کوڕی) بەتەئکید کۆمەڵێ ئیجابیات و چاکەشیان هەیە بۆیە کۆمەڵگاکەیان راوەستاوە، بەڵام مەعنای وانییە کە ئێمە خۆمان بدۆڕێنین بەو واتایەی، ئێمە لەبەرامبەر ئەوروپا خۆمان پێ هیچ نەبێ هەموو شتێکی ئەوان بەچاك بزانین.

هەر راپەڕینێ چ گەنج بیکا، چ پیر بیکا، چ لەڕووی سیاسی چ لەڕووی فیکری لەسەر بناغەی لاسایکردنەوەی خەڵك بێ و لەسەر بناغەی بڕوا بەخۆبوون و لەسەر بناغەی زۆر موعجەب بوون (سەرسام) بوون بەغەیر بێت و خۆ لەلاپێ هیچ بوون بێ پێم وایە کە بەئەنجام ناگات ئەوەی کوردستان من وادەبینم کە لەسەر بناغەی ئەوەیە کە ئێمە پێمان وایە هەرچی خێر و خۆشی و مەنغەعەت و مەسڵەحەتە دەبێ لەوێوە بیهێنین وەپێمانوایە ئێمە لەنێومالّی خۆماندا هیچ شتێکمان نییە کە بەکەڵك بێ، پێموایە ئەوە ئەو پەڕی دەرون بەزین و ئەوپەڕەی خۆ لەلا هیچ بوونە، هەر کەسێکیش خۆی لە لا هیچ بێ و کۆمەڵگاکەی خۆی و مێژوویی خۆیی و رابردووی خۆی لە لا هیچ بێ و پێی وابێ هیچ شتێکی باشی نییە، ئەوە بەڕاستی شتی خەڵکی دادی نادات، چونکە بڕوا بەخۆبوون و متمانە بەخۆبوون وەکو (ئینسان وەکو میللەت و کۆمەڵگا، وەکو کلتورت) بڕوا بەخۆبوون بناغەیە بۆ خۆبیناکردن.

* ئاین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مرۆڤەکان گەنجیش بەدەر نییە لەو کاریگەریانە، زۆر جار



دەبینین ئایین دەبێتە هۆی چەکێك لەدژی گەنجێك بەکارئەهێنرێ (بەوەی کە خۆی ئەتەقێنێتەوە) زیانێکی زۆر بەخۆیی و بەکۆمەڵگاکەشی ئەگەیەنێت، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایین نەبێتە چەکێك خراپ بەکار نەهێنرێ لەلایەنی خەڵکەوە؟

بەتایبەت کە ئەمڕۆ ئەبینین زۆربەی ئەو کەسانەی کەخۆیان ئەکوژن گەنجن، وە بە (ئاین) یان تەوجیهێکی دینی هەڵئەخەڵەتێنرێن، وەك ئەوەی بەئایین ئەڵێن بڕۆ تۆ خۆت بتەقێنەرەوە کافرێك بکوژە، کە زۆرجار لە شوێنێکی (گشتی)یشدا خۆیان ئەتەقێننەوە وەکو چێشتخانە و قوتابخانە و...هتد.

م.عەلی باپیر: ئیسغیلال کەرانی (دین) بەمەفهومە عورفیەکەی، چونکە وشەی دین لەبەکارهێنانی قورئاندا وە لەزمانی عەرەبیشدا وشەی (دین) واتە بەرنامەی ژیان، بەڵام مەفهوم و چەمکە عورفیەکەی دیموکراسی دینە، لیبرالیزم دینە، سۆسیالیزم دینە، سۆشیال دیموکرات دینە، سەرمایەداری دینە، هەموو ئەمانە دینن (دین) واتە بەرنامەی ژیانن.

بەڵام دین مەفهومە عورفیەکەی کە مەبەستمان پێی لەنێو کۆمەڵگای خۆماندا (ئیسلامە) ئیستیغلال کەرانی دین، واتە دینی ئاسمانی تایبەت نییە بەئیسلامەوە، سیاسەتیش ئیستیغلال دەکرێ کاتی خۆی مارکسیەت و لینینزمیش ئیستیغلال کراوە، ئێستا دیموکراسی ئیستیغلال دەکرێ و واتە بەکاردەهێنرێ بۆ مەبەستی خراپ هەیە دیکتاتۆرێکە بانگەشەی دیموکراسی دەکات ئەوەی کەبڕوای پێی نییە مافی مرۆڤە، ئەسڵەن نەك مافی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا، کابرا لەنێو حزبەکەی خۆیدا بڕوای بەوە نییە کە

ئەو ئینسانە حەقی هەبێ و قسە بکا و رەخنەی لێبگرێ دەشلێت من (دیموکراسیم مافی مرۆڤم) کابرا خەڵك دەگرێ مافی ئاژەڵیشی نەداوەتێ نەك مافی مرۆڤ، من خەڵك دەزانم پەنجا شەست نەفەر لە ژوورێکی پێنج بە شەش تێك خزێنراون کە ئەمە هیچ شوان و گاوانێك لەگەڵ حەیوانەکانی خۆیدا نایکات، چونکە هیچ گاوانێك پەنجا شەست بزن یان گا و مانگا لەتەویلەیەك ناکات، کەواتە دیوکراسی لێرەدا ئیستیغلال دەکری یاخود کابرا باسی (کۆمەڵگای مەدەنی دەکات) یان باسی خزمەتی خەڵك و وڵات دەکات، بەڵام کەسەیری هەڵوێستە سیاسیەکان دەکەی، سەیری عەمەل کرد و پەرێزی دەکەی ئەوەی کە لەلای ئەو (مەرج) نییە بیری لێنەکراوەتەوە و حسابی بۆ نەکراوە، بەرژەوەندی خەڵکە و وڵاتە بۆیە پێویستە بزانین بەهەڵە بەکارهێنانی ئیسلام یاخود (دین) شتێك نیە تەنیا تایبەت بێ بەئیسلامەوە، بەڵکو زۆر شت بەهەڵە بەکاردێ، جا چ بکری بۆ ئەوە (من لەزیندان بەئەمریکییەکانم وت).

ئەوان دەیانگوت تۆ پێشنیارت چییە بۆ ئێمە؟ ئەوان دەیانگوت تۆ پیاوێکی مەبدەئی و راشکاویشی، شتی خۆت دەڵێی، ئێمە خەڵك بەدوژمنی ئیسلاممان دەزانێ، بەڵام ئێمە وانین وتم" وەڵڵا ئەوەی دەخوێنرێتەوە لەهەڵس و کەوت و هەڵوێستان ئەوەیە کە ئێوە دژایەتی ئیسلام دەکەن، ئیعلانی شەڕتان کردووە لەدژی ئیسلام، دەیانگوت ئێمە چی بکەین باشە لەعیراق چۆن مامەڵە بکەین، چۆن ئەم وەزعە سەقامگیر دەبێ چۆن وادەبێ خەڵك دژایەتیمان نەکات؟ وتم" بەوەدەبێ جارێ ئێوە ئەم وڵاتەتان داگیرکردووە دەبێ بەجێی بێڵن، چونکە هەرکەسێ شەهامەت و



شەرەفی هەبێ ئەگەر بێنە سەرماڵەکەی، ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ بەرگری لەماڵەکەی خۆی دەکا، ئەگەر تۆ بێنە سەر شارەکەت بەرگری لەشارەکەت دەکەی. بێنە سەر وڵاتت بەرگری لەوڵاتت دەکەی. دواتر وتم جارێ ئێوە دەبێ بەجێی بێڵن ئەوەیەك، بەڵام بۆ ئەوەی کەئێوە خەڵك ئەو ناوەتان لێ بسڕێتەوە کەئێوە دژایەتی ئیسلام دەکەن دژایەتی کە ئەهلی ئیسلام دەکەن ئێوە بێن مەجال بدەن بە(ئیسلامیەکان) تەعامولیان لەگەڵدا بکەن، جا وێنەیەکم بۆ هێنانەوە وتم" (سەرچاوەیەك کانیاوێك) ئەگەر رێگەی بدەی بەشێوەی سروشتی و ئاسایی هەڵ بقوڵێ هەڵدەقوڵێ، ئەگەر رێگەی نەدەی بتەوێ کپی کەیەوە، لێرە دەیگری، بەڵام لەشوێنێکی کە بەشێوەیەکی نائاسایی هەڵدەقوڵێ، رەوتی ئیسلامی لەعالەمی ئیسلامی، خەڵکی موسڵمان قورئان دەخوێنێتەوە، حەدیسی پێغەمبەر (د.خ) دەخوێنێتەوە، تەماشا دەکات ئەو ئایەتانە، ئەو فەرمودانەی پێغەمبەر (د.خ) پێی دەڵێن" دەبێ تۆ بەو شێوە بژی کەخوا پێی خۆشە، بەو شێوەیە لەم سەر زەوییە بژی، ئەم سەرزەویە ئاوەدان کەیەوە، وڵاتی خۆت بەڕێوەبەری، خێزان پێك بهێنی، ژیانی شەخسیت، ژیانی خێزانیت، دەبێ بەو شێوە بێ کە شەریعەتی خوا بڕیاری داوە، کابرا تەماشا دەکا واقیعی ژیانە تاکی و کۆمەڵایەتییەکەی جیایە لەوەی کەخوا فەرموویەتی و پێغەمبەر فەرمویەتی، لەسەر خۆی بەپێویست دەزانێ کە ئەو ئایەت و حەدیسانە جێ بەجێ بکات لەژیانی خۆیدا، بڕوای پێیەتی کە ئەو ئایەتە فەرمایشتی خوایە و ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەرە (د.خ) هەوڵدەدا بۆ ئەوەی ژیانەکەی خۆی والێبکات

کەخوا لێی رازییە، لەم ژیانی دونیایە کەدەردەچێ خوالێی رازی بێ و بیباتە بەهەشت، ئەوکەبەرەو ئەوە دەچێت تۆ ناوی لێ دەنێی تیرۆریست لەبەر ئەوە بە تۆ دەڵێن هەیمەنەتم بەسەردا مەکە (لە بەروبوومی وڵاتەکەم مەبە) ئازادی سیاسیم لێ زەوت مەکە، فەرهەنگی خۆت بەسەر مندا مەسەپێنە، مەڵێ دەبێ تۆ وابی و دەبێ (ئافرەت وابێ) دەبێ (پیاوت وابێ)، (گەنجت وابێ) دەبێ (بابۆڵەی بەپێوە بخۆیی) یاعنی مەچۆ هەر لە (جل و بەرگ و بابۆڵە خوارن و هەڵوێستی سیاسی و هەڵس و کەوت و هتد) هەموو شتێکی بۆ تەحدید مەکە و مەڵێ حەتمەن ئەگەر تۆ وانەبی پێچەوانەی دیموکراسیت، ئەتۆ تیرۆریستیت!! وامەڵێ، مەجالی پێبدە، واتە ئازادی بکە، ئەویش وەکو تۆ مرۆڤە.

دەی باشە ئەو مرۆڤە ئازاد بکە، بەرەڵایی بکە، بەپێی دینەکەی خۆی بەرێوە بچێ، ئەتۆ بێنە موناقەشەی فیکری لەگەڵدا بکە بزانە چ شتێك لەدینەکەی ئەودا بەکەڵك نایەت نەك بچۆ زەربی بەسەردا بێنی (جۆرج بۆش) کاتی خۆی گوتی" (ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا نەبێ، دژی ئەمریکایە) لەوێ بە ئەمریکییەکانیشم گوت" (ئەوە بناغەی تیرۆرە–تیرۆر واتە "فەرزکردنی خۆت و بیروباوەڕی خۆت بەزۆر"). وەکو لەئەسڵی زمانەوانی یەکەیدا ئاوهایە ئەمەریکا کەدەڵێ ئەوەی کە لەگەڵما نەبێ دوژمنمە مەعنای وایە ئەوەی سەر بەئەمریکا نەبێ نابێ هەبێ ئالێرەوە تیرۆر و خۆ فەرزکردن و کوێخایەتی کردن سەر هەڵئەدا موسڵمانێك دەڵێ" باشە ئەمریکا تۆ هەر لەوڵاتی خۆتی (کافری، نەصرانی) کەیفی خۆتە (لکم دینکم) (دینی خۆتان بۆ خۆتان)، بەڵام لێم گەڕێن بادینی خۆم بۆ خۆم بێ، ئەمریکا بڵێ نەخێر دەبێ دینی تۆش



هەر ئەو دینەی من بێ، جا ئەوە موسڵمان ئەو کاتە هەر چۆنێك دیفاع لەدینی خۆی بکات ئەوە حەقیەتی، بەڵام من لێرەدا نامەوێ پاساو بۆ ئەوە بێنمەوە ئەوەی دەکرێت بەناوی ئیسلامەوە (کابرا دەچێ لەناو خەڵکدا خۆی دەتەقێنێتەوە) خەڵکی لاشەڕ و بێ دیفاع، چونکە لەئیسلامدا لەگەرمەی شەڕیشدا دروست نییە خەڵکی بێ دیفاع بکوژرێ، لە گەرمەی شەڕ و جەنگیشدا چ جای کابرا لەبازاڕ دەڕوات، یان لە (چێشتخانەیەکدا) نان دەخوات، یان لە (سینەما)یەك یان لەچایخانەیەك خۆی بتەقێنێتەوە، خۆ ئەوانە لەجەنگ دانین لەگەڵ تۆ؟! دروست نییە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە من دەمەوێ (تەحلیلی) ئەوەت بۆ بکەم ئەو فیکرەیە بۆچی دەچێتە مێشکی ئەو گەنجەوە، تەماشا دەکات واقیعەکەی پێچەوانەی دینەکەیەتی، ژینەکەی بەپێی دینەکەی نییە دەیەوێ ژینی وەکو دینی لێبکا، کە ئەوەش لایەنی کەمی مافی مرۆڤە، کە تۆ لێی گەڕێی ئەو ئینسانە ئیعتیقادی بەچی هەیە بەو شێوەیە بکا، ئێستا لەئیسلامدا کاتێ دەوڵەتی ئیسلامی هەبووە، وەکە هەیە دەبێ رێگە بدرێ جولەکە بەو پێیەی کە قەناعەتی پێیەتی خوای خۆی بپەرستێ، نەصرانی خوای خۆی بپەرستێ، بت پەرست، بتی خۆی بپەرستێ، لێی گەڕێ چۆنی حەز لێیە وا بکا (لاإکره فی الدین). (دین) مەبەستی پێ ئیسلام نییە، لێرە بەرنامەی ژیانە، چۆنی پێ خۆشە باوابێ، بەڵێ لەدەوڵەتێکدا کە کۆمەڵێك پێکهێنەری هەیە کۆمەڵێك مەزاهیبی تێدایە، دەبێ ئەساسیاتێك هەبێ هەموویان لەسەری پێك بێن (اُداب عام) لەهەموو وڵاتانیش

ئەوە هەیە، بەڵام هەرکەسێ لەشوێنی خۆی لەنێو وڵاتی خۆی دەبێ، ئازاد بێ.

بەڵام تۆ تەماشا دەکەی ئێستا، لێناگەڕێن خەڵکی موسڵمان بەپێی ئەوە بێ کەدینەکەی دەڵێ. بۆ وێنە {ئێستا لەکوردستاندا، بڵندی دژایەتی ئیسلام دەکرێ، قسە بەقورئان دەوترێ، قسە بە پێغەمبەر دەوترێ "د.خ" رەخنە لەقورئان دەگیرێ، رەنگە هیچ وڵاتێك بەو شێوە نەبێ، بڕواتان بێ لەئەمریکا رەنگە شتێ وانەبێ، یان بۆ وێنە ئافرەتێکی موسڵمان لەزانکۆیە، یان لەئامادەییە نایەڵن سەرپۆشی بەسەرەوە بێ، یاخود توانج و پلاری تێدەگرن، یان ئەوە چییە ئەو سەرپۆشە؟! ئەوە ئێمەی بەجێهێشتووە، بەڵام خۆ تەماشا دەکەی ئافرەتە ئیسلامیەکان لەپێشترن لەو ئافرەتانەی کە زیاتر خۆیان دەڕازێننەوە لەزۆربەی قۆناغەکاندا، تەماشا دەکەی گەنجە ئیسلامیەکان لەپێش رەفیقەکانی تریانەوەن مەگەر زوڵمیان لێبکرێ، ئێ باشە ئەو بەرگە ئیسلامیە و ئەو ئەخلاقە ئیسلامیە و ئەو نوێژ و تاعەتە چ رێگەیەکی گرتووە لەخوێندن، تۆ بۆلێی ناگەڕێی، تۆ دەڵێی مافی مرۆڤ، باشە ئەو ئافرەتە کە مرۆڤێکە و خۆی روت دەکاتەوە، یاخۆی دەڕازێنێتەوە وەکو چۆن ئەو خۆی دەڕازێنێتەوە کە پێچەوانەی فیترەتی و دینی میللەتەکەیەتی} ئەوی دیکەش حەقی خۆیەتی کەخۆی پۆشتە بکات، ئەی ماف بۆ بەو ئەدەی کەشتێ بکات پێچەوانەی عەقڵ و دینی بێ پێچەوانەی مەسڵەحەتە، ئەی بۆ ماف بەو نادەی کەشتێك دەکا لەگەڵ فیترەتی دەگونجێ وە لەگەڵ دین و مەسڵەحەتیشی دەگونجێ، وەئیشارەی غەرائیزی گەنجەکانیش



ناکا، ئا ئەو زەمینەیەکە خەڵك والێ دەکا، وەکو وتم ئەگەر رێگەی ئاسایی لەخەڵك گیرا خەڵك پەنا دەباتە بەر رێگەی نائاسایی {کەواتە چارەسەر لەوەدایە کە رێگە بدرێ. قسە بەئیسلام نەوترێ رێگە لەئیسلام نەگیرێ جا لە لایەنی ئەمریکاوە وەنە لەلایەنی عەلمانیەکانەوە، بەڵکو مەجال بدرێ بەدیالۆگ و تەفاهوم و بەحیوار، بابێن کاکە ئەو ئیسلامە کوێی بەکەڵك نایە هەر دەڵێن ئیسلام ئیسلام ئێمەی دواخستووە، ئەو ئایەتانەی فەرمان بەزانست دەکەن ئەو ئایەتانەی فەرمان بەئازادی دەکەن، ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر (د.خ) کە فەرمان بە برایەتی دەکەن {ئێوە ئەوەتا دوو ئیدارەکە ناتوانن پێکییەوە گرێ بدەنەوە} ئایا ئەگەر ئێمە بەپێی قورئان بەڕێوە بچین کە دەفەرموێ {واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا} ئایا نابێ ئەو دوو ئیدارەیە سبەی هەر یەك بگرنەوە، کوێ قورئان بەکەڵك نایە و چ حەدیسێکی پێغەمبەر (د.خ) ئێمەی دواخستووە بفەرموو ئیقناعمان بکەن، بەڵام تۆ هەر لەخۆوە، رەشاوێژی وەلا ئیسلام بەکەڵك نایە و ئیسلام ئێمەی دواخستووە، یا هەر لەخۆوە ئیسلامیەکان بڕوایان بە ئازادی نییە!! من لەهەموو کەس زیاتر بڕوام بەئازادی هەیە بۆ بڕوام پێی نییە؟! ئەسڵەن دین هاتووە ئینسان ئازاد بێ.

کەس کۆیلەی کەس نەبێ و هەموومان حوڕ بین و بەندەی خوابین، ئەسڵەن حوڕیەت و ئازادی لەدین دایە، چونکە دین دەڵێ (لااله الاالله) واتە (هیچ پەرستراوێ نییە بێجگە لە (الله)واتە جگە لە (الله) کە (خالق و بەدیهێنەری هەموو لایەکە، نابێ هیچ کەس خۆی بکات بەکوێخا بەسەر خەڵکەوە (ئازادی لەدیندا

هەیە، مافی مرۆڤ لەدیندا هەیە) من لەڕوانگەی ئیسلامەوە دەڵێم {ئەو ئینسانە خوا دروستی کردووە بۆ تاقی کردنەوە من بۆم نییە ئیسلامی بەسەردا فەرزکەم، بۆم هەیە تێی بگەیەنم ئیقناعی بکەم، بەلاّم بۆم نییە بەسەریدا فەرزکەم، چونکە بۆ ئینسانێ کەخوا ڕێزی لێناوە (دەفەرموێ "ولقد کرمنا بنی ادم" "ڕێزمان لەئادەمیزاد گرتووە" من لە موتڵەق و ڕوانگەیەکی ئیسلامیەوە دینەکەم ناچارم دەکا ڕێز لەهەموو ئینسانێ بگرم ئەگەر کافر بێ ئەگەر موسڵمان بێ هەرکەسێ بێ، چونکە ئینسانێکە و لەم سەرزەوییە خوا خوڵقاندوویەتی لەم سەرزەویە تاقی دەکاتەوە، وە ئەگەر دەوڵەتیش دابمەزرێنم دەوڵەتەکەم ڕێم نادا، دیین بەسەر خەڵکدا فەرز کەم، چونکە دەڵێ ئەو خەڵکە خوادروستی کردووە تاقی دەکاتەوە لێی گەڕێن، ژیانی دونیا جێی تاقیکردنەوەیە، جێی پاداشت و سزا نییە، لە قیامەت خوا سزای بەندەکانی دەدا لەسەر ئەوەی کە نەیان پەرستووە یاخود پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئەوەی کە پەرستوویانە مەبەستم ئەوەیە هەر لەخۆوە ئیتیهام کردنی هەموو ئیسلامیەکان بەخراپە، بڕوایان بەمافی مرۆڤ نییە بەمافی ئافرەت نییە، بەپێشکەوتن نییە درۆدەلەسەیە.. ئایا ڕۆژێ لەڕۆژان هاتن ئەو قەزیانە لەکەناڵێکی (سەتەلایت) هاتن ئەو شتانە لەگەڵ ئێمە باس کەن، داخۆ ئێمە بیرو بۆچوونمان چۆنە ئایا زۆر لەهی ئەوان (گەشە سەندووتر نییە) وەکو من لەزیندان.

هاتن ئەو شتانە لەگەڵ ئێمە باس کەن، داخۆ ئێمە بیرو بۆچوونمان چۆنە ئایا زۆر لەهی ئەوان (گەشە سەندووتر نییە) وەکو من لەزیندان بەئەمریکییەکانم گوت" شورای ئێمە



لەدیموکراسیەتی ئێوە زۆر بەپشتەوە ترە. دەیانگوت چۆن؟ وەتم جارێ هەر چی لایەنی چاك لەدیموکراسیەتی ئێوەدا هەیە وەکو ئازادی بیروڕا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەلاّت بەئاشتی، گەڕانەوە بۆ خەڵك، واتە سەروەری بۆ خەڵکی بێ سوڵتە و دەسەلاّت بەدەست خەڵکەوە بێ، خەڵك دەسەلاّتداران و مشورخۆرانی خۆی دیاری بکات و هەڵیان بژێرێ، ئەوانە هەمووی لەئیسلامدا هەن، بەلاّم سەرباری ئەوەش دیموکراسیەتی ئێوە هیچ پەرژینێکی نییە، (پەرلەمان ئەنجوومەن) دادەنیشێ چۆنی پێخۆش بێ دەیکاتە قانوون، بەلاّم لەئیسلامدا (شورا واتە رەئی خەڵك بەستراوەتەوە بەچوارچێوەیەکەوە کەپێی دەگوترێ شەریعەت، هەموو دونیا کۆببێتەوە ناتوانێ بڵێ. ریبا، سود) شتێکی باش و حەلاڵە، بۆ؟ چونکە خوا قەدەغەی کردووە، ناتوانی بڵێی (زینا، قەتڵ، دزی...ڕێگری) شتی چاکە، چونکە ئەوانە قەدەغەن، هەموو دونیا کۆببێتەوە، هەموو پەرلەمان ناتوانێ بڵێ ڕاستگۆیی خراپە، ناتوانێ بڵێ (ڕێز لە خەڵك گرتن) شتێکی خراپە، چونکە خوای تەعالا ئەوانەی مەدح کردووە کەواتە ئیسلام چوار چێوەیەکی داناوە، بۆ ئەوەی خەڵك لەو چوارچێوەیەدا بێت تاوەکو تووشی ئینحراف نەبێ، ئێستا لە ئەوروپا شتی وادەکرێ لەقانوون (پیاو لەپیاو مارەکردن، ئافرەت لەئافرەت) مارەکردن، شتی زۆر سەیر و عەجیب!! ئەمجا هەرچی ئەو بەلاّو مەینەتانەی بەسەر عالەمی ئیسلامیدا هاتووە، هەمووی لە ئەوروپا تەقیم کراوە، لەئەوروپا و ئەمریکا بڕیاری لەسەردراوە، هەتا هەندێ لەدام و دەزگا نێو دەوڵەتیەکان وەکو (مجلیس أمن) و نەتەوە یەکگرتووەکان

ئەوانیش بوونە (بازیچەیەك) بەدەستی ئەمریكا و بەدەستی زلهێزەكانەوە، بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆیان بەكاری دێنن، دەی باشە ئەو برِیارە خراپانە كە ئەدرێن دوایی دەبێتە بەلاّو مەینەتی بۆ دەولّەتان و بۆ خۆشیان، ئایا ئەگەر شەرعیەت و چوارچێوەیەك هەبێ بیان بەستێتەوە كە بلّێ زولّم قەدەغەیە، فلاّنە شت قەدەغەیە، نە ئەو ئەو هەموو بەلاّو مەینەتانە لەناو خۆیاندا پەیادەبێ وە نەئەو بەلاّو مەینەتانەش بۆ غەیری خۆشیان دەتوانن "صادر"كەن و بینێرن، كەواتە بەوە چارەسەری ئەو دیاردەی خۆتەقاندنەوە و ئەوانە دەكرێ كە ناویان لێناوە (تیرۆر) بەوە دەبێ رێگە بەخەلّك بدرێ بەئاسایی دینداری بكا، ئەگەر نا ئەوە خەلّك پەنا دەباتە بەر ئەو دیاردەیە یاخود زەمینەی بلاّوبوونەوەی ئەو فیكرەیە كە لەراستیدا لەرووی شەرعەوە شتێكی هەلّەیە.

زەمینەی ئەوە نەخەملێ، چونكە هەمیشە شتی نا ئاسایی لەحالّەتی نا ئاسایدا پەیادەبێ، لەحالّەتی ئاسایدا، مەسەلەیەكی كوردی هەیە دەلّێ (كەس لەشەرِ شەكری نەبەخشیوەتەوە)یان دەلّێ (كەس لەخۆرِا هارنەبووە) لەحالّەتی ئاسایدا خەلّك پەنا ناباتە بەر شتی نائاسایی، بەلاّم لە جەوێكی نا ئاساییدا كابرا بیر لەهەزار شت دەكاتەوە.

*خودی خۆ تەقاندنەوە لەئایینی ئیسلامدا نا(جائزە) و وەپێم وابێ زۆر بەخراپیش ئەو كەسانە سزادەدرێن كەخۆیان دەتەقێننەوە؟

م / عەلی باپیر: نەخێر.

* ئەمەوێ ئەمەم بۆ روون بكەیتەوە؟



-م / عەلی باپیر: ئەمەت بۆت روونده‌كەمەوە وەكو هێلكە بۆت سپی دەكەم. ئەوە (خۆتەقاندنەوە و خۆكوژی) دوو حالّەتی هەیە.

حالّەتی یەكەم: بۆ خەلّكی بێتاوان چ خۆیبكوژێ و چ سەیارە بتەقێنێتەوە، چ تفەنگیان پێوەنێ هەر حەرامە. خەلّكی بێ دیفاع و مەدەنی و لا شەرِ، ئەگەر لەجەنگیشدا بێت هەر دروست نییە.

حالّەتی دووەم: كاتێ كەئینسانێ یان میلیەتێ گیر دەخوات بەدەست زالّمێكەوە بەدەست داگیركەرێكەوە هیچ وەسیلەیەكی دیفاعی نییە ئەوە نەبێ كەخۆی پیابتەقێنێتەوە، ئەوە ناتوانی بلّێی ناشەرعییە وەكو (فەلەستین)یەكان، هیچ وەسیلەیەكی نییە، نازانێ چۆن بكا، ئەو دوژمنە لەولاّتی خۆی دەركا ئەوە، چ بچێتە سەنگەرێكەوە تەقە بكا، چ بۆی بچێتە ناو سەیارەیەكەوە و خۆی بتەقێنێتەوە، وەكو چۆن تەقەلێكردنەكەی دروستە، خۆپێدا تەقاندنەوەكەشی هەر دووستە بۆ؟ چونكە كابرا لەشەرِدایە و تەعەدای لێدەكا و دەستدرێژی دەكاتە سەر ئەوە جائیزە و هیچ ی لەسەر نییە، بەلاّم ئەوە لە حالّێك دا كە لەغەیری شوێنی خۆی و لەغەیری كاتی خۆیدا بێ، ئەوە لەو حالّەتەدا نا (جائیزە) لەنێو خەلّكی بێ خەتا، شوێنێ كە تەرەفی نین لەشوێنێ كە دەستدرێژكاری نین مەدەنین، یان بازرگانە یا (رۆژنامەنووسێكە) ئەم خۆپێدا تەقاندنەوەیان دروست نییە و هەم تەقەلێكردنیان.

*مامۆستا دەقێكی ئایینی هەیە كە شەرعیەت بدات بەخۆكوژی؟

م / عەلی باپیر: دەقێکی ئایینی نییە کە بڵێ تۆ خۆت بکوژە، بەڵام دەقی ئاینی هەیە کەخوای پەروەردگار دەفەرمووێ لەڕێی خودا بجەنگن لەدژی ئەوانەی کە لەدژتان دەجەنگن ئەوە جۆرێکە لەجەنگ کردن لەپێناوی خوا، ئەو ئایەتەش کە دەفەرمووێ "ولا تقتلوا انفسكم ان الله كان بكم رحيما" "خۆتان مەکوژن خوادا لەگەڵتان بە بەزەییە" واتە خۆتان مەکوژن بەبێ پاساو واتە بەبێ ئەوەی کە تۆ پێویستت پێی بێ هەیە لەخەفەتان خۆی دەکوژێ لەداخان خۆی دەکوژێ، بەڵام تۆ یان دەبێ تەسلیم بی یان دەبێ خۆت بەدوژمنەکەتدا بتەقێنیەوە، هیچ رێیەکت بەدەستەوە نەماوە ئەوە لەو حاڵەتانەدا (جائیزە)، چونکە جۆرێکە لەدیفاع لە خۆکردن و لەبوون و کیانی خۆکرد، بەڵام وەکو وتم دەبێ شوێنەکەی و کاتەکەی و چۆنیەتەکەی شەرعی بێت، ئەگەر نا کابرا لە (بارێك) لەبەرئەوەی شەراب دەخۆنەوە، جاخۆ سزای شەراب خواردنەوە (کوشتن) نییە (چل قامچییە) (چل دارە) ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی هەبێ، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو ئەسڵەن هەردروست نییە (چل دارەکەشی) لێبدەیت، نەفەرێ دەبینی یەکێك شەراب دەخواتەوە دەڵێ کاکە وەرە با (چل دارت) لێبدەم، خۆتۆ سوڵتەی شەرعی نیت، تا سوڵتەی شەرعی نەبێ، دروست نییە سزا شەرعییەکان بچەسپێ، چ جای خۆ پیا تەقاندنەوە هەر دوست نییە، یا مەسەلەن کابرا (جولەکە)یە یان (نەصرانیە) ئێ کە لەماڵی خۆی دانیشتووە خۆ دروست نییە بیکوژی، ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامیش هەبێ، لەو حاڵەتادا کە گوتم دروست، بەڵام لەنێو خەڵکی مەدەنیدا و رەشەکوژی و (T. N. T) دانان و سەیارە تەقاندنەوە



و ئەوانە، بەبێ ئەوەی کەشوێنەکەی بەو شێوە بێ کە شەرع دیاریکردووە یاخود کاتەکەی یاخود کە لەو حاڵەتانە دروست نییە.

*لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا چی دەڵێی کە دەڵێ" (زۆرجار ئایین گەنج وەك وەسیلەیەك بۆ "تیرۆر") بەکار دەهێنێ، یاخود باست لەوەکرد کە ئیسلام لەئایەتەکانی خۆیدا لەقورئاندا باسی ئازادی و برایەتی دەکات، من ئەمەوێ ئەوە روون بکەیتەوە، کە ئەمە ئەوەستێ لە سەر (ئەنسۆ پۆلۆژیای کەسەکان، یاخود حزبە ئیسلامیەکان بۆ ئایین، واتە تێگەیشتنی "کەسەکان حزبە ئیسلامیەکان" بۆ ئایین بۆ نموونە ئەگەر تۆ پێت وابێ ئیسلام ئازادی ئەدات، یاخود تۆ ئازادیت قبوڵە، بۆ نموونە "تەجروبەیەکی" ئیسلامیشمان هەیە لە "ئەفغانستان" بەو واتایەی وەزارەتێکیان هەبوو بەناوی وەزارە الامر بلمعروف و تهی عن المنكر) کە تەلەفیزیۆنیان ئەگرت لەماڵەکاندا و ئەیان شکاند؟

لەکاتێکدا تۆ کەباس لەوە دەکەی ئیسلام رێگە بەئازادی ئەدا، خۆ ئیسلام رێگە ئەدا تۆ لەماڵەکانتا سەیری تەلەفزیۆن بکەی، ئەگەر ئازادی بەو مانایە بێ کە دەتوانی تۆ مومارەسەی کۆمەڵێ شتی خۆت بکەی بەو مانایەی کەتۆ لێکی بدەیتەوە، لەوە ئەچێ ئێوە وەك حزبێکی ئیسلامی کەناڵی تەلەفزیۆنیتان هەیە، بەڵام ئەم حزبە دێ لەماڵەکاندا تەلەفزیۆن دەگرێ و دەیشکێنێ—تۆ پێت وانییە ئەمە تێگەیشتنی ئەم حزبەیە و جیاوازی ئێوەیە لەگەڵ ئەواندا یاخود جیاوازی (ئەنسیۆپۆژیای) ئێوەیە بۆ ئایین یاخود چی؟.

م. عەلی باپیر: جارێ من باسی ئیسلام دەکەم ئەگەر بێینە سەر باسی تالێبان ئەوە بازارێکی دیکەیە، چونکە {تالێبان، سودان، ئێران} ئەوانە یان کۆمەڵێك لە "شیشان" ئەوانە کۆمەڵێك کیانی ئیسلامین، یانی ئیسلامی بوون ئەوەی کە نەماون، کیانی ئیسلامی کەبەناوی ئیسلامەوە دروست دەبێ و دەیەوێ ئیسلام پیادە بکات لەخودی ئیسلام، من باس لەخودی ئیسلام دەکەم تالێبان کە ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان نواندووە، لەڕاستیدا لە فەهمیان نەبووە بۆ ئیسلام واتە (موشکیلە)ئەوە نەبووە کە وەزارەتێکیان پێکهێناوە بەناوی وەزارەتی (فەرمان بەچاکە و نەهی لەخراپە) موشکیلە و گرفت لەوەدابووە لەپێناسەی چاکە و خراپەدا بەهەڵەداچوون، چاکە چییە و خراپە چییە؟

چاکە واتە (المعروف) (أل) (ئەلف و لام) واتە جنسی چاکە {لەڕووی سیاسی، ئابووری، ئەخلاقی، هەموو لایەنەکانی ژیان} دەبێ هەرچی چاکە و لەبەرژەوەندی خەڵکدایە هەوڵ بدەی بیچەسپێنی، چ وەکو هەوڵی {شەخسی} چ وەکو هەوڵی (حزبی) چ وەکو هەوڵی (دەوڵەتی)، چونکە فەرمان بە چاکە و نەهی لەخراپە ئەرکی (تاك و دەوڵەت و کۆمەڵە). خراپەش هەرشتێك دەگرێتەوە کە لە زەرەری خەڵك بێ (برایانی تالێبان گەورەترین مونکەر کە لەوێ هەبوو مەسەلەی دروستکردنی مەوادی سەرخۆشکەر (خاش خاش و تلیاك) ئەوە مونکەرێکی گەورەیە کۆمەڵگا هەڵدەوەشێنێ، هەبوونی تەلەفزیۆن تۆ تەلەفزیۆن دابنێ هەر قورئانی لەسەر بخوێنە، هەر فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر بخوێنە، ئایا خراپە؟! خۆ تەلەفزیۆن لەخودی خۆیدا خراپ نییە وەکو گوتم“ بەرهەمی تەکنۆلۆجیا



وەکو (تیغێکی) دوو دەم وایە بەهەردوو دیواندا دەبڕێ بەدیوی خێر و شەڕدا، تەلەفزیۆنەکەیان با هەبووایە و شتی باشیان لەسەر وتبایە، ئیصلاح و چاك سازی کۆمەڵگایان لەسەرکرد بالەڕووی (فیکری، سیاسی، ئەخلاقی، ئابووری) ئەوەیان لەسەرکردبایە.

لەڕاستیدا وەکو وتم“ بەهۆی حاڵی نەبوونی لەم مەفهومی چاکە و خراپە و ئەوەیەك دوو من پێتان دەڵێم“ (هەر کۆمەڵگایەك لەدیین تێنەگەشتبێ، وە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە رووشدی نەکردبێ، نوخجی نەبێ) کاتێ کە ئیسلام پیادە دەکات، ئیسلامەکە کرچ و کاڵ دەکەوێتە بەرچاوی خەڵك نەك لەبەرئەوەی ئیسلام بۆ خۆی وایە، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگاکە وایە کۆمەڵگا کەدواکەوتووە تۆ ئاوێك بێنە بیخە پەرداخێك و ئاوەکە ئەو شکڵ و حەجمە وەردەگرێ، بەڵام بیخە قالبێکی لارەوە، دیارە ئاوەکە شکڵی ئەو وەردەگرێ، ئیسلام لەڕاستیدا وەکو ئاوێك وایە ئیسلام وەکو ئاوێك وایە، ئەو حەجم و شکڵە وەردەگرێ بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا جێبەجێ دەکرێ ئێستا تۆ تەماشا بکە، ئینسانێکی موسوڵمان (گەنجێك، پیرێك، مەلایەك) کاسبکارێك، بازرگانێك) ئەگەر موسوڵمانێکی راست و تێگەیشتووبێ، موسوڵمانیەتیە کە لەخۆیدا جوان دەدرەوشێتەوە، هەر کەسێك بیبینێ دەچێتە دڵیەوە قسەی مەنتیقی دەکا، زمانی پاکە، نیەتی لەگەڵ خەڵك باشە، رووی گەش و خۆشە، دەستی کراوەیە، ئازایە دادگەرە، بەویژدانە، بەڕەحمە کابرایەکە کە ئەو ئینسانە موسوڵمانە دەبینێ ئیسلامی لەلا شیرین دەبێ، بەڵام کەسێکی کە هەرموسوڵمانە، بەڵام سەیر

دەکەی زمان شڕە، جوێن فرۆشە، ترسنۆکە، نادادگەرە بێڕەحمە، هەرکەسێك ئەو موسوڵمانە ببینێ، تەماشا دەکەی مەگەر خۆی شارەزایی لەئیسلام هەبێ ئەگینا ئیسلامی لەلا ناشیرین دەبێ کەواتە ئێمە دەبێ فەرق بکەین لە نێوان خودی بەرنامە مەنهەج لەگەڵ ئەو کەسەی کە بەرنامەکە پیادە دەکات.

بەدڵنیاییەوە تەجروبە و ئەزموونی (تاڵیبان) لەدەوڵەتداری و لەئیسلام بەڕێوەبردندا تەجروبەیەکی فاشل بوو. ئەگەرنا خەڵکی ئەفغانستان کەزۆربەی نەخوێندەوار و دواکەوتوو، ئەسڵەن دەبوو لەهەموو شوێن لەهەموو کۆمەڵگایەك زیاتر گرنگیان بدایە بەخوێندن، ئافرەتیان لەخوێندن قەدەغە کردبوو!! ئایا ئیسلام دەڵێ ئافرەت قەدەغە بکەن؟ ئەی عائیشە دایکی موسوڵمانان خێزانی پێغەمبەر (د.خ) هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) زۆرجار مەسەلەیەکی شەرعیان لێ عاسییە دەبوو، پرسیاریان بەعائیشە دەکرد، هەموو قورئانی لەبەربوو، لەدوای ئەبو هورەیرە لەئافرەتان عائیشە لەهەموویان زیاتر فەرمایشتی پێغەمبەری لەبەربوو، لەمێژووی ئیسلامدا ئافرەتمان هەبووە، دەرسی وتوەتەوە بەسەدان پیاو ئیجازەی عیلمیان لێوەرگرتووە، خوای پەروەردگار کە باس دەکات (دەبێ زانست بەدەست بێنن) خۆ نەیبەستۆتەوە بەڕەگەزی پیاوەوە، هەموو ئایەتەکان کەباسی بەدەست هێنانی زانست دەکەن، باسی چاکەکاری دەکەن، باسی خواردن دەکەن باسی هەرچییە دەکەن، بەپێی بۆچوونی زانایانی (أصول الفقه) هەردوو رەگەزی نێر و مێی تێدا بەشدارن مەبەستم ئەوەیە لای تاڵیبان هەندێ شت کرا بەناوی ئیسلامەوە، کەلەڕاستیدا وا نەبوو هەمووی هەڵقولاوی دواکەوتوویەتی خۆیان



بوو، شەرت نییە، نیەتیشیان خراپ بووبێ، بەلاّم خۆیان دواکەوتووبوون، وەنەیان توانی لەڕووی تێگەیشتنەوە بێنە ئاستی ئیسلام بەڕاستی فەهمێکی مەزهەبی تەسکیان هەبوو بۆ ئیسلام.

نەك فەهمێکی قورئانی و سونەتی و ئەمڕۆیی، خۆیان لەچوارچێوەی مەزهەبی (ئەبو حەنیفەدا) حەسر کردبوو، (تاڵیبان) بۆ خۆتان دەزانن، واتە (فەقێ) (تاڵیبان) یانی (فەقێیەکان) ئەگەر تۆ تەماشا بکەی زۆریان گەنج بوون وەکەمتر وابوو کە ئینسانی (عالم و راسیغ) یان تێدابێت، زۆر شتیان دەکرد بەناوی ئیسلامەوە، وانەبوو لەئەنجامی ئەوەدا نا کەنیەتیان خراپ بوو، لەئەنجامی ئەوەدا کەتێگەیشتنیان هەڵەبوو بۆ ئیسلام وە بۆ واقعی ژیان، مەسەلەن یەکێك لەهەڵەکانیان سەرنج بدە چەند هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کە، گرفتێکی گەورەی بۆ دروست کردن—ئەو رۆژەی کە پەیکەرەکەی (بوزایان) شکاند، باشە ئەو پەیکەرانە ساڵە های ساڵەلەوێن، ئیسلام چەند ساڵە لەوێ دەوڵەتی هەبووە، نیمچە قارەی هیندی دەوڵەتی ئیسلامی لێبووە، کەس سەری خۆی بەو پەیکەرانەوە نەئێشاندووە بیان شکێنێ، ئەو پەیکەرانەی کەزیاتر لە ( ملیارێك) بەشەر شتی موەقەدەس و پیرۆزە، هاتن لەکاتێکدا ئەو "بتانەیان" شکاند کەزۆر، زۆر، پێویستیان بەدۆستایەتی (یابان، سین و هند) و ولاتی رۆژهەلاتی ئاسیا هەبوو، بتەکانیان شکاندن هەموویان لە خۆکردنە دووژمن، ئەمریکایان هەر دووژمن بوو رۆژهەلاتی ئاسیاشیان کردە دوژمن هیچ ئاقلێك ئەوە ناڵێت بەوان، ئەوە بە تەئکید تێنەگەیشتن

بوو لەدین، ئەگەر نادین دەڵێ" ئەو بت و سەنەمانە خەڵکی موعتەقەداتی وایە، چ ڕێی لەتۆ نەگرتووە چ ڕێی لەئیسلام نەگرتووە بۆ شعوری یەك ملیار بەشەر بریندار دەکەی بۆ شتێك کە هیچ سودێك بەتۆ ناگا. ئایا دەوڵەتی ئیسلامی پێ بەقوەت دەبێ؟!! کۆمەڵگای ئیسلامی پێ بەرەوپێش دەچێ؟!! نەخێر.. جامەبەستم ئەوەیە ئەو شتانە ناکرێنە بەڵگە لەسەر ئیسلام، باسی ئیسلام دەکەم نەك باسی واقعی موسوڵمانان.

*مامۆستا ئێستا لەکوردستاندا ئەو سیاسەتەی کە حزبەکان پەیڕەویان کردووە بەتایبەتی لەکاتێك ئێمە لەکوردستان ناتوانین (حزب و حکومەت) لێك جیا بکەینەوە، پێتوایە پڕۆژەی حزبەکان کەدواتر دەکاتە پڕۆژەی حکومەت چییە بۆ گەنج؟ وە گەنج توانیوویەتی لەسایەی ئەم حکومەتەدا تا چەند خەون و خواستەکانی بەدی بێنێ؟

م.عەلی باپیر:

پێموایە ئەو پێکداچوون و تێکهەڵکێشەی حزب و حکومەت کە دەتوانین بڵێین حزبەکە حکومەتە و حکومەتەکە حزبە هەردووکی ڕاستە، ئەوە بەڕاستی سەرچاوەی زۆر گرفت و کێشەشە، چونکە لەکاتێکدا حزب تەغەول دەکات (واتە هەمووشتێك قوت دەدا). هەموو دامو دەزگاکان کەهی حکومەتن دەیکاتە هی خۆی، وەحزبیش نەفەسێکی تایبەتی هەیە تەماشای ئەندامەکانی خۆی دەکات، تەماشای هاوڵاتیان ناکات، چونکە خۆ دەوڵەت و حکومەت نییە تەماشای ئەندامەکانی دەکات، ئەوە بەڕاستی بناغەی زۆرێك لەکێشەکانە کە یەکێکیان گرفت و کێشەی



گەنجەکانە، لێرە برادەرانی (یەکێتی نیشتمانی) لەولا برادەرانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەیانەوێ گەنج و لاوەکان، وەخۆیان گرن، بەلای خۆیاندا بکێشن، بەڵام بۆ ئەوەنا وکەئەوان پێبگەیەنن و خواست و ئاواتەکانیان بێننە دی، بەبۆچوونی من بۆئەوە مەرامە سیاسەیەکانی خۆیان، کەخۆیان پێیان باشە (ئیدی خۆناشلێین خراپن) جاری واهەیە کەمەرامێکی سیاسی باشی هەیە، بەڵام بۆ مەرامە سیاسیەکان بەکاریان دێنن بۆئەوەی کەڕەشایی خۆیانی پێ زیاد بکەن، ئەمەش وەکو ئەوەیە کە مەسەلەیەکی کوردی هەیە (بەدەم بۆنی کە بابێوە چووبوو، کەچوو کەر داخکردن بوو)، گەنج گوێ دەگری لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن یاخود مێزگرد و کۆڕەکان کەدەڵێن گەنج دەبێ ئازاد بێ، ئێمە لەخزمەتی گەنجداین، بەڵام کەلێی ورد دەبییەوە لەئامانجەکانی کە لەپشت ئەو قەزیەوەن ئەوەیە کە ئەو حزبە دەیەوێ دەوری خۆی قەرەباڵغتر بکات، نەك میللەتەکەیی و گەنجەکانی بەو شێوەیە لێبکا کە بۆ دونیا و دوارۆژی سوودی هەبێ بەڵکو دەیەوێ بەو شێوەیەی لێبکا کە بەکەڵکی خۆی بێت، بیکاتە هۆکارێك، ئامرازێك بەدەست خۆیەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەنەفەسی حزبانەوە ئیش دەکرێ، تەبعەن لێرەشدا ناڵێین هەردوو ئیدارەکە وەکو یەکن، جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەگەر بەفیعلی دەوڵەت هەبێ حکومەت هەبێ، دامەزراوەکان هەبن، نابێت تەماشای هەویەی حزبی بکرێت، ئەرێ تۆ چیت سەر بەمنی؟ چەپڵەم بۆم لێدەدەی یان بۆم لێنادەی- ئەوجا مافی (ژیانی، قسەکردنی، نوسینی، مافی چالاکیەکانی) پێ بدرێ. بەڵکو تەماشا دەکرێ بزانرێ ئەو

ئینسانە لەخودی خۆیدا ئینسانێکی چۆنە؟ بەکەڵکی میللەت و وڵات و دێ یان نا؟! تەماشای بەرژەوەندی وڵات و میللەت دەکرێت، نەك بەرژەوەندی حزب، بۆیە من (ناڵێم ئەوەی کە لەهەردوو ئیدارەکاندا هەیە هیچی بەقازانجی گەنج و لاوەکان تەواو نابێت، بەڵکو جاری واش هەیە مەصالیح و بەرژەوەندییەکان)یش لەگەڵ خواستی گەنج و لاوەکاندا پێك دەگەن کابرا بەرژەوەندییەکی حزبی هەیە، بەڵام کۆمەڵێك گەنج ئیستفادەی لێ دەکات، یاخود جاری وا هەیە بۆ جوانکردنی رووخساری خۆی، دیمەنی خۆی بۆ ئەوەی بڵێن فیعلەن دیموکراسیە و ئازادی بیروڕاهەیە، رەنگە جاری وا هەبێ هەندێك ئەندامی خۆیان قسە بەخۆشیان بڵێن، بەڵام شتی تاك تیکی جیایە و شتی ستراتیژیش جیایە، شتێك کە بۆ مەرامێك بێت، وە شتێك کە بۆ مەبدەئێك بێت لەلات جیایە.

*مامۆستا دەبینی یەکێك لەخواستەکانی کە ئەمڕۆ گەنج ئیشی بۆ دەکات دیموکراتیزی کردنی کۆمەڵگایە، جەنابت باست لەوە کرد، زۆر جار لەڕووخساردا شتێك هەیە بەناوی دیموکراسی، بەڵام لە ئەرزی واقعدا لەوە ئەچێت بە پێچەوانەوە بێ، گرامشی پێی وایە سەرسەختترین، گەورەترین موشکیلەی دیموکراسیەت ئەو سیناریۆ و نمایشەیە کە سیستەمی سیاسی بۆ ئارایشتکردنی خۆی ئەیکات" لەهەمان کاتدا (بەختیار عەلی) پێی وایە تاوەکو (حکومەت و حزب) لەیەك جیانەکرێتەوە، وەك دوو موئەسیسەی جیا سەیر نەکرێن تۆ ناتوانی مومارەسەی دیموکراسی بکەی بەڕێزت ئەم هاوکێشانە چۆن دەبینی؟



–م.عەلی باپیر: وەڵڵا هەردوو قسەکانم پێ جوانە، برادەرە غەریبەکە ناوی چی بوو

* (گرامشی)؟

– قسەکەی جوانە و هەم هی کاك (بەختیار عەلی) خۆمانم پێ جوانە، فیعلەن زۆرجار وەکو کابرایەکی مونافیق خۆی بەموسوڵمان و بڕوادار پیشان دەدات بەهەمان شێوە زۆرجار خەڵك نیقاق لەگەڵ دیموکراسیدا دەکات و خۆی بەدیموکراسی پیشان دەدات، بەڵام گورگە لەپێستی مەڕێدایە، زۆر باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، بەڵام ئەوەی کە دانی پێدا نەنێ وجودی ئینسانەکانە، هی واهەیە لەنێو حزبەکەی خۆشیدا حەق نادا بەئەندامەکانی خۆشی جا وەرە بەخەڵکی دیکەی بدات، ئەوەی کاك ( بەختیار عەلی)یش میکانیزمی ئەوەیە کە چۆن وابکری دیموکراسی ساختە لە هی دیکە جیا بکرێتەوە، یاخود چۆن زەمینە فەراهەم بێ، برەخسێنرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دیموکراتیزە بکرێ، دیارە (دیموکراسی) لەکاتێکدا ناگونجێ کە ئیسلام لەئارادابێ، بەڵام کاتێ کە ئیسلام لەئارا نەبێ، ئێمە دیموکراسی بەچاکترین دیل دەزانین، کاتێ کە ئیسلام ناگونجێت (کۆمەڵگا زەمینەی بۆ نەڕەخساوە ئیسلام بەڕێوەبەرێ لەژیانی خۆیدا) ئەگەر نائێمە لە بەرامبەر شەریعەت و دینی خوای پەروەردگاردا ئەو شتانەی ترمان بەڕاستی وەکو (بلاجیکتۆرێك و چرا رەشکەیەك) پێمان وایە، ئێستا لە کوردستاندا هەتا لەم ئیدارەیە برادەرانی یەکێتی بەفیعلی نەیەن برادەرانی پارتی بەفیعلی دەبێ بێن، مەسەلەن وەزارەتی (دادی هەیە، پیشەسازی هەیە. دەبێ بێت بگەڕێ بزانێ لەو خەڵکە کێ

بەکەڵکی ئەو کارە دێ، کێ شایستەی هەیە کێ ئەمانەتی هەیە کە فائەتی هەیە لێی دەزانێ، کێ دەتوانێ خزمەت بکا بەخەڵك، کێ دەستی پاك ترە، دەبێ بێنێ، ئەوە هەڵبژێرێ، نەك کێ زیاتر جەماعەتی (ئەشهەدو بیلایە) و دەستی بۆ بەسنگەوە دەنێ و ماستاوی بۆ دەکات، دەڵێ لەخزمەتدام، چونکە جاری وا هەیە کەسێ کە مەبدەئی نەبێ و بەتۆ دەڵێ لەخزمەتدام و دەست بەسنگەوە دەنێ (دزیش) دەکات، چونکە مەبدەئی نییە، بەڵام کەسێك کە قەراری دابێ خزمەت بەخەڵك بکا، وەکو چۆن (تەمەلوف) بۆ تۆ ناکات، بەڵام ئەوەی کە ماستاو بۆ دەسەڵاتدار دەکا فێڵیش لەمیللەت دەکا، ئێستا ئەگەر بێین بزانین جیاکردنەوەی حزب و حکومەت چییە؟ ئەوەیە تۆ (میقیاس و میعیاری) خەڵکی نەکەیە ئەساس، بەڵکو میعیاری کەفائەت لێهاتووی شایستەیی، ئەو کاتە تۆ ئەندازیارێکت هەیە دەیکەی بە وەزیر لەوەزارەتێکدا لێی ناکۆڵیەوە، ئیسلامیت؟!

....بەڵێ....ئا.... بەکەڵك نایەی... ئەوە شیوعیە؟ ئا. دەهەر بەکەڵك نایە، چونکە لەحزبەکەی خۆم دانیە مەیلی لای یەکێتی هەیە؟ بەڵێ... دەلای پارتی بەکەڵك نایەت.. لێرە مەیلی لای پارتی هەیە؟ بەڵێ کاکە بەکەڵك نایە. تۆ دەبێ سەیر بکەی (شایستەیەتی و کەفائەت) جا ئەمە بەوە دەبێ کە من پێموایە ئینسان بەبێ دین، بەبێ ترسان لەخوا. بەبێ چاوەڕێی سزا و پاداشت..پێم وایە ئینسان ئیصلاح نابێ، چونکە (یەکەم) دەبێ وات لێ بێت و کەترسی خوات هەبێت و ئومێدت هەبێ کە خوا پاداشتت بدا تۆ، ئەو کاتە لە (شەرم و ترسی) خوا و (خۆشەویستی) پاداشتی خوا، پێت عەیبە دزی بکەی، دەترسێی



خیانەت بکەی دووەم/ ئەبێ ئەو دەوڵەتە (دەزگا)ی بێت لەسەر ئەساسی کەفائەتی شەخسەکان، هەڵبژێدرابێ نەك لەسەر وەلائاتی حزبی، بە بۆچوونی من وەکو ئیسلامیەك ئەوە پێویست بە بوونی بنەما و ئەساسێکی عەقیدەیی دەکات، بێگومان رەنگە بگوترێ لە ئەورووپا و لەڕۆژئاوا ئەوەنییە، راستە، بەڵام رەنگە خەڵك وابزانێ لە ئەوروپا و رۆژئاوا دین هیچ تەئسیری نییە، خۆ وانییە بلێی، ئەوەتە (جۆرج بۆش) دەڵێت" هەموو یەك شەممان دەچێ بۆ (کەنیسە) ئێستاش لەئەوروپا و ئەمەریکا خێزان بەبێ دەستی (قەشە) عەقدی نیکاح ناکرێ، واتە خێزان دروست ناکرێ. بە تەئکید (دین) تەئسیری هەیە لەسەریان، لەسەر ئەخلاق و هەڵس و کەوتیان، پاشانیش بەتەجروبەی دونیای گەیشتونەتە ئەوەی کە هێندێ شت نەکەن.

لەبەرئەوەی زەرەریان لێنەدا، بەڵام هی ئێمە بەدەردی کابرا وتی" (نەبەشەرعی خوا دەکەین، نە بەقانونی عەرزێ دەکەین)ئەیجا تۆ ئەگەر نەبەشەرعی خواوە پابەندبی و نەبەقانوونی هەرزەوە، ئەوە شتی زۆر سەیر و عەجایەب پەیدا دەبێ، کە ئەوەتا خەڵك لێی بێزار دەبێ، ناتوانین بلێین ئەساس و بناغەیەکی پتەوی هەیە کە خەڵك هەمووی دڵی خۆش بێ و بەهی خۆیی بزانێ.

*دوای راپەڕین ئەو شەڕە نەگریسەی ناوخۆ کە دروست بوو، یاخود نالەباری، باری ئابووری و کۆمەڵێ هۆکاری تر وایکرد، کۆمەڵێ لەگەنجەکانمان روو لەهەندەران بکەن، واتە نیشتمانی دایکیان بەجێ هێشتوو ئەیانەوێ لەشوێنێکی تر ژیان بگوزەرێنن، لەکاتێکدا گەنجی کورد لەنێو (کەلتوورێکی داخراو)

نیشتمانی بەجێ هێشتو لە ئەورووپاش لەنێو کەلتوورێکی کراوە داڕووبەڕ و بوەوە، تۆ پێت وایە گەنجی کورد توانی سوود لەو کلتووره وەربگرێ و دواتریش وتەوزیفی بکات بۆ خزمەتکردنی ولاتەکەی خۆی، یاخود گەنجی کورد لە ئەورووپا شووناسی گەنجانەی خۆی ونکرد، یاخود نەخێر؟

م.عەلی باپیر: من پێم وایە ئەوە لەشەخسێکەوە بۆ شەخسێکی تر جیاوازە، ناتوانی حاڵەتێك بەگشێنی بەسەر هەموویاندا، هەیە پارێزگاری کردووە لە (عەقیدە)ی خۆی، کوردایەتی خۆشی پاراستووە وەفاشی هەبووە (بۆ ولات و نیشتمانی) بۆ خزم و کەسی، لەوێش سوودی بینیووە، کاتێ خۆیی بەهەدەر نەداوە توانیوویەتی (زمان فێربێ، زانستێك فێربێ، تەجرەبەیەك فێربێ) هەیە بەو شێوە و هەشە نەخێر، بەلام ئەمن پێم وایە بەگشتی (نەخێر) ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو چوونە دەرەوە، چوونە دەرەوەیەکی ئامانج دارانە نەبووە، بەڵکو سەری خۆهەڵگرتن و خۆ دەربازکردن بووە، جا کابرا لە کاتێکدا ڕادەکات و خۆی دەرباز دەکات، ئەتۆ لێی ناپرسی بۆچی ڕێك ناڕۆی؟! ئەو دەڵێ بابە (من هەڵهاتووم) ئەگەر پێلاوی لەبیرچووبێ، یاخود (تاکە وتاك) لەپێی کردبێ، گلەیی لێناکرێ، چونکە سەری خۆی هەڵگرتووە و رایکردووە.

من پێم وایە ئەو گەنج و لاوانە زۆریان بەئامانجێکەوە نەچووە، بەڵکو پاڵنەرێك و هاندەرێك ناچاری کردووە کەبچێ واتە پرۆژەیەکی شەخسی نەبووە، پاشان وەکو حاڵەتێکی گشتی (کلتوورێکی وا نەبووە) کە بۆ (هۆشیاری سیاسی)یان شتێکی نەتەوایەتیش، ئەو گەنج و لاوانە باوەشیان بۆ نەکراوەتەوە،



ئاراستە نەکراون، ئەو دەردەی لێرەش هەیە لەوێش هەیە، ئەو شەڕە پەڕۆ و (گوریس) بچڕێنە لەوێش هەرهەیە، لەوێش هەر هەمان بەزمە، جەنابت هەردەڵێی لێرە لە (کەلتوورێکی داخراو) بەرەو (کەلتوورێکی کراوە) من پێم وایە، ئینسان ئەگەر لەزاتی خۆیدا گۆڕان بەسەر خۆیدا نەهێنێ، بچێتە هەر شوێنێ، هەرهەمان ئینسانە، وەکو لەکتێبێکدا خوێندمەوە دەڵێ" (کابرایەك کوڕێکی هەبوو، کۆمەڵێك گرفت و کێشەی دەروونی هەبووە، کوڕەکە وتی، بابە، ئەمن دەڕۆم بۆئەوەی لەو گرفت و کێشانە نەجاتم بێ، بابە کە گوتی ڕۆڵەگیان گرفت و کێشەکان لەگەڵ خۆتن، لەخۆتیان دەرکە، بەلام کوڕەکە ڕۆشت و چەند کیلۆمەترێك دورکەوتەوە لەشارێکی ترەوە، لەدوای ماوەیەك تەلەفونی کرد گوتی بابە ئێستا دەمەوێ بێمەوە، گوتی" ڕۆڵە خۆگرفت و کێشە و نەخۆشیەکانت لەگەڵ خۆت بردووە بۆ ئەوێ، کە لەوێش هەرپێتە، جا ئەوەی کەلێرە تەربیەتیەکی حزبی کراوە، وای لێکراوە کە ولاتەکەی خۆی هیچ شتێکی تێدانییە کە بەکەڵك بێت) نەدینەکەی بەکەڵك دێت، نەئەخلاقی نەهیچ شتێکی، هەموو شتێکی ئەوێ باشە، تەبعەن لەوێ زۆریان هەرتووشی (غیبه الامل)بووە. زۆرکەس لێرەوە چووە بەبێ دین و عەقیدەیی و ئیغلاس، لەوێ ئیمانی هێناوە، چونکە تەماشای کردووە لەولاتی خۆمان زۆرشتی باش بووە، لەوێ هیچ لەو شتە باشانە نییە، بۆیە من پێم وایە کەمتر وابووە لەو کۆچ کردن و سەری خۆ هەڵگرتنانە ببینرێ لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسم کرد، ئێستا لەگەڵدابێ من پێم وایە ئەو هەموو خەڵکەمان کە لەوێیە، واتە (ئەو هەموو تاقە و وزانە) دەبێ لێرە گۆڕانکاری

بکەن، ئەو کاتە ئەو خەڵکەی کەلێرە پەروەردە دەبێت شەخسیەتی بۆ دروست دەبێ، ئەو کاتە بچێتە هەر شوێنێکی هەر بەو پوختە بوون پێگەیشتنەی خۆی لەوێ دەبێ، لەجیاتی دەورووبەرەکە تەئسیر لەو بکا، ئەو تەئسیر لەدەوروبەرەکەی دەکات، خوای پەروەردگار دەفەرموێ {و من لم یجعل الله نورا فما له من نور} {دەبێ نور و رۆشناییەکە لەخودی خۆتدا هەبێ، ئەوەی کە دەچێتە ئەوێ ئەگەر لێرەش شەخسیەتێکی دروستی بۆ ئامادە نەکرابێ} بۆ خۆتان نەتانبیستووە خەڵك لەوێ چی لێهاتووە، گەنج و لاومان هەیە هیچی پێ نەماوە نە ئەخلاق نەڕەوشت هەموو شتێکی لەبیرچووەتەوە، چونکە لەوێو لەڕاستیدا ئینسانی زەعیف کەدەچێ هیچی پێ نییە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری شتەخراپەکانی ئەوێ، بەڵام ئەگەر بۆخۆی بەقووەت بوو، لەکاریگەری شتە خراپەکان خۆی دەپارێزێ و ئیستفادە لەشتە باشەکان دەکا.

*گەنجی کورد لەدەرەوەی بازنەی بێ ئینتیما بوون بۆ نیشتماندا چۆن لێك دەدەیتەوە؟.

م.عەلی باپیر: ئەمن پێم وایە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە، مەئساوی و ناڕەحەتە و ناخۆشەی کە لەکوردستاندا لەئارادایە {وە بەڕاستی ئەو شەڕ و یەکتر کوشتن و یەکتر راونانەی "پارتی و یەکێتی"ش کاریگەری زۆری هەبوو، لەوەدا کە ئەوشتانە لای خەڵك کاڵ ببنەوە "کوردایەتی، پێشمەرگە" شۆڕش هەتا حزبایەتی لەمێشکی خەڵکدا کاڵ ئەبێتەوە، هەتا قێزەون بوون} ئەگەر تۆ ئێستە تەماشا بکەی، لەڕاستیدا ئینتما بۆ حزب کراوە



بەپێوەر نەك ئینتما بۆ (نیشتمان و وڵات) ئەوە بۆ (دین) هەر هیچ، مەبەستم ئەوەیە تەماشا بکەی، ئەو ئینسانە ناکرێ بزانن چی پێیە بۆ ئەو (وڵات و نیشتمانە) تەماشا دەکرێ بزانن ئامرازێکی باشە بۆ ئەو حزبە، یاخود نەخێر ئەگەر دنیا تێك بنێ شتی زۆر باشی لەدەست بێ، بەڵام مادام لەم لایە {حەبی سەوزی قوت نەدابێ و لەولا حەبی زەرد و لەلا یەنێکی کە حەبی فلان رەنگ} بەکەڵك نایەت. ئەی ئەوە بۆ ئەوەیە کە قەزیەی حزبایەتی پێوانەیە.

ئێستا ئێمە حزبین وەکو (کۆمەڵی ئیسلامی)، بەڵام زۆرم پێ هەڵەیە ئەگەر بمەوێ (میللەتی هەمووی بێتە نێو حزبەوە) نا حزب دەبێ وەسیلەبێ بۆ زیندوکردنەوەی (مەفاهیمێك) بۆ پەروەردەکردنی خەڵك بۆ بەرچاو رۆشنکردنەوەی، بەڵام نابێ تۆ هیچ کاتێ تەماعت ئەوەبێ کە میللەت بێتە ناو حزبەوە، بەڵکو حزب دەبێ لەخزمەتی میللەتدا بێ، پاشان نابێ هیچ کاتێ من تەماعی ئەوەم بێ و ئەوە بکەم بەئەساس کە هەرکەسێ لە حزبەکەی خۆم دابێ باشە ئەوەی تێدانەبێ خراپە، مەرج نییە، {خەڵك هەیە لەنێو ریزەکانی کۆمەڵی ئیسلامی دانییە، بەڵام لەزۆرخەڵکی کۆمەڵی ئیسلامی بەدینترە، موسوڵمانترە، بەکەڵك ترە، سوود بەخش ترە بۆ وڵاتی، دەبێ ئێمە خۆشمان بوێ وەکاتێ کەشتێکم بەدەست بوو دەبێ چاو بگێڕم بزانم کێ خزمەت بە وڵات و میللەت و خەڵك دەکات، ئەگەر وانەبێ واتە من راستم نەکرد لەگەڵ وڵات و میللەتی خۆمدا} مەبەستم ئەوەیە ئەو شتانە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو شت و وشانەی کە کاتی خۆی وشەی پیرۆز بوون (شۆڕش و کوردایەتی، پێشمەرگە،

نیشتمان پەروەریەتی، کوردستان) بەکورتی دائیمەن واقعی تاڵ وا لەئینسان دەکات کە ئەو واقیعەی لەلا (ببێزرێت) و بکەوێ، هەربۆیە هەلومەرج و واقع زۆرکاریگەری هەیە لەسەر فەرد، واقیعێك کەحزبێك دروستی دەکات، دوایی کاردانەوەی خراپی بۆ سەر هەموو خەڵك دەبێ، من زۆرجار بەخەڵکی خۆمان دەڵێم" (کاکە گیان) موسڵمانی لەوپەڕی دونیا، غەڵەتێ بکا، ئێمە لێرە باجەکەی دەدەین، {ئیسلامیەك لەوپەڕی دونیا قسەیەکی هەڵە بکات، ئێمە لێرە باجەکەی دەدەین،} "زەرقاوی کە فەتوا دەردەکا، دەڵێ" هەرچی شیعەیە ئیبادە بکرێ، ئێمەش لێرە باجەکەی دەدەین، ناڕازیشین، پێشمان غەڵەتە، بەڵام کاریگەری خراپی هەیە" مەبەستم ئەوەیە حزبێك خۆی بەحکومەت دەزانێ هەرغەڵەتێ بکات جا هەڵەی (سیاسی، فیکری، کۆمەڵایەتی...هتد)بێ یان هەرجۆرە زوڵم و ناعەدالەتیەك بکات کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەرهەموان. (من زۆرجار بەبرادەرانی (پارتی و یەکێتی) دەڵێم کەمن رەخنە لەئێوە دەگرم نەك لەبەرخۆتان، پێشم خۆشە باش بن، بەڵام لەبەر میللەتەکەم لەبەرخۆشم، دەڵێن بۆ؟ دەڵێم" کاتێ کە غەڵەت و خراپەیەك دەکەی، ئەو دوئیدارەی کەوێك ناخرێتەوە، پەرلەمانەکە کەئیفلیجە) پێتان وانەبێ کە هەر ئێوە باجەکەی دەدەن، میللەت باجەکەی دەدات، منیش باجەکەی دەدەم، کە تۆ هیچ حسابم بۆناکەی هیچ پرست پێ نەکردوم و دەتەوێ پەراوێزم بخەی، منیش باجەکەی دەدەم وەکو ئیسلامیەك، دەڵێن میللەتەکەی ئێوە میللەتێکی دواکەتووە، ئەوەتا جاران دەتان وت رژێمی بەعس نیشتمانی کوردستانی زەوت کردووە،



ئێستا بەدەست خۆتانە ئەی بۆچی دوو لەتە؟!! ئەی بۆچی دوئیدارەکان یەك ناخەنەوە؟! بۆچی پەرلەمانەکەتان ئیفلیجە؟! بۆچی فەساد و گەندەڵی ئیداری هەیە؟!بۆچی شتەکان هەموو مۆرکی حزبیان پێوەیە؟! بۆچی حزبایەتی کراوە بەمیعیار و پێوەر؟! ئەوە منیش باجەکەی دەدەم.

برادەرانی (پارتی) ماوەیەك پێش ئێستا باسی مەسەلەی (شێخ زانا) و ئەوەیان کردو، کە دوایی (دیزە بەدەر خونەی لێکرا) کە خەڵك زۆرداوای دەکرد، بابە با ئەوانە بەسزای خۆیان بگەن، ئێستا دیزە بەدەرخونەی لێکرا، چونکە ئامانجەکەی کە دەبیسترا ئایا پێکای یان نەیپێکا؟! گرنگ ئەوەیە ئێستا دیزە بەدەرخونەی لێکرا، بەڵام ئایا ئەو قەزیە هەر بۆ ئەو (شێخ زانا)خراپ بوو، لەگەڵ باند و گروپەکەیدا؟! نەخێر، خەڵکی هەولێر باجەکەی دا، پێی ناشیرین بوو میلەتی کوردیش باجەکەی دا، ئەو شتانە لەنێو هەموو میللەتاندا هەیە، بەڵام کەس بەدەستی خۆی حەیای خۆی نابات، "مام جەلال" ئەگەر قسەیەکی باش بکات بۆ هەموومان باشە، "کاك مەسعود" قسەیەکی باش بکا، بۆ هەموومان باشە، بەڵێ من ئیسلامیم ئەو (عەلمانیە)، بەڵام بۆ منیش باشە.

منیش ئەگەر شتێکی باش بکەم ئەویش ئیستفادەی لێدەکا، ئەگەر خراپ بکەم، ئەویش زەرەی لێدەکات جا ئەگەر ئینسان بەو شێوەیە بیربکاتەوە ئەوکاتە پێی خۆش دەبێ هەموو کەس باش بێ، هەموومان دژی ئینسانی خراپ و بیری خراپ و خەراپە دەبین، بەڵام کە ئەوەنەبێ ئەنانی بین واتە بەعس مەبەستمان خۆمان بێ وەکو مەسەلەی کابرای لێدێت کە دەڵێ (ئەگەر لەمن

نەدەن لە حەمەدی برام)بدەن، وا دەزانم نە گونیەی کا دەدات، یان (دەڵێ ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە) ئەوا نەپەندی ئینسانی ئەنانی و خۆپەرستن، نابێ..نابێ وابین دەبێ بڵێین کاکە ئێمە (هاوڵاتین) قەیناکە (براکەی دینیم نییە، برای ژینمە) برای نەتەوەیمە، پێکەوە دەژین ئەگەر ئەو عەیبداربوو منیش عەیبدار دەبم.

*دوا پرسیار ئەگەر زانکۆ وەك ناوەندێکی رۆشنبیری و ئەکادیمی سەیر بکەین لەهەموو، وڵاتاندا، رۆڵیان هەیە لەگۆڕانکاری و لەپێشڕەوایەتی کردنی گەنج و هەموو چین و توێژەکاندا، پێت وایە لەکوردستاندا ئەو سێ چوار زانکۆی هەمانە توانیویانە وەزیفە رۆشبیری و ئەکادیمەکەی خۆیان بەجێ بهێنن، لەهۆشیار کردنەوەی گەنج لە ناسینی خۆیی، بەرامبەر بەژیان بەرامبەر بەهەر چەمکێك کە پەیوەندیدارە بەڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردیەوە؟

م. عەلی باپیر: من پێم وایە ئەو زانکۆیانە تاڕادەیەکی زۆر دەوری باشیان بینییوە، خەڵکی باشیشمان بۆ پێ گەییوە، لە هەموو لایەنەکان (سیاسی، ئیداری...هتد)، بەڵام ئەوەی کەوایکردووە کە وەك پێویست ئەو زانکۆیانە ئامانجەکانی خۆیان نەپێکن، زاڵبوونی نەفەسی حزبایەتی رۆحی حزبایەتییە، بۆ وێنە من خەڵکم پێ شك دێ بە (ئیمتیاز) دەرچووە لەخوێندنی زانکۆ، دوایی لەخوێندنی باڵا وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی سەر بەو حزبە نییە، یاخود ئیتجاهی سیاسی و فیکری جیایە لەو حزبە، ئەوە ئەو وڵاتە مەحروم دەکات لەوزەی ئەو ئینسانە کە کوشتەی شەڕی حزبایەتی و ئنتیمای حزبایەتییە، کە نەدەبوو ئەوە



پێوەربێ، ئەوە بەتەئکید زەرەری زۆری داوە، وە زانکۆکانی دەوری زۆریشیان بینیووە، لەهۆشیارکردنەوەی خەڵکدا، ئێستا لەچینی مامۆستایانی زانکۆدا، ئەوانەی کە لەزانکۆدا دەرچوون لەلایەنی (سیاسی، ئیداری، ئابووری) خەڵکی عیلمی باش پێگەیەنراوە، بەڵام پێم وایە ئەگەر ئەو رۆڵە حزبیە زاڵ نەبووایە، تەنها تەماشای کەفائەت و لێهاتوویی خەڵکەکە کرابایە و هەوڵبدرایە، ئیستفادە لە تاقە وزەکان بکرایە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئینتیمای حزبی، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە، سود و بەهرەی زیاترمان وەردەگرت لەوزە و تاقەی خەڵکە (زانکۆییەکانمان).

*جەنابت خاڵە لاوازەکانی زانکۆ بەس لە بە(حزبی) بوونی زانکۆیا ئەبینیتەوە، یاخود ئەو پرۆگرام و شتانەی دەخوێندرێت تاڕادەیەك لەگەڵ ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردی و ئەمڕۆی دونیایا نا گونجێ تۆش پێت وایە؟

م.عەلی باپیر:دەمەوێ باسی ئەساسی موشکیلەکان بکەم، ئێستا بەرنامەی خوێندنی (سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ) ئەوانە هێندێکی دەستکاری کراوە هەندێکی پێویستە دەستکاری بکرێ، بەڵام لەولا بەشێوە دەستکاری دەکرێ کە (پارتی) پێی خۆشە، لێرە بەوشێوە دەستکاری دەکرێ کە (یەکێتی) پێی خۆشە، تۆ هەرچی بیری لێدەکەیتەوە سەردەکێشێ بۆ ئەو موشکیلەیە، مەسەلەن (مامۆستایەکی زانکۆ لەوەزیفەکەی دەردەکرێ)یەکێ (کتێبخانەکەی دەسوتێنرێ)یەکێ......هتد. ئەوی دیکە وەڵام دەنێرێ دەڵێ تۆوەرە بۆلای من ئەمن دەتکەم بەسەرۆکی... ئەو مونافەسە

وشتانە تەئسیراتی داناوە لەسەر هەموو رەهەندەکان ئەگەر نا بەدڵنیاییەوە، پێویستە مە ناهیجی خوێندن بەتایبەتی زانکۆ... یاخود خوێندنی باڵا، دەبێ بۆ تەماشا بکرێ ئەم واقیعە کوردستانی ئێمە و عیراقی چی پێویستە و تەرکیز بخرێتە سەر چ لایەنێك واقیعی کوردستانی ئێمە واقیعێکی ئیستیهلاکیە، من هەست دەکەم پارەزۆر وەردەگیرێ زۆر سەرف دەکرێ کوا بونیەتی تەحتیمان؟! کوا پڕۆژە و کارگە و کارخانە؟! بۆ دەبێ هەموو شتێك چاومان لەخەڵك بێت و لەدەر و دراوسێ؟! بۆچی هەوڵنەدرێ ئەو ماوەیەی کە ئەو دوحزبە پێکەوە بوون و دوایی ئیدارەکە لەتکرا مومکینە ئەگەر بیر لەوە کرابایەوە لەشتی درێژخایەن نەك لەشتی ئالی، ئێستا شتێ بکەم لەو ئینتیخاباتەدا کورسی زیاتر بێنم و خەڵك زیاتر دەنگم بۆ بدات!! بیر لەدوربینی بۆ داهاتوو، بۆ میللەتی کورد چ باشە بۆ وەچەکانمان چ باشە، نەك بۆ ئێستای حزبی من!!، چونکە ئەگەر میللەت قازانجی کرد حزبیش قازانج دەکات ئەگەر میللەت زەرەری کرد حزبیش دۆڕاوە، چونکە حزب وەسیلەیە، میللەت ئامانجە، مەبەستم ئەوەیە کەنەفەسی حزب کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شتێك، نەك هەر لەسەر زانکۆ، لەسەر ئەوەدانی وڵاتیش کاریگەری هەیە، تەماشا دەکەی کابرا ئەو پڕۆژە ئابووریانە زیاتر رەواج پێدەدا کە ئەو ئێستا پارەی زیاتری لێوەر دەرگرێ، بچێ لەبانق داینێ، یاخود ژیانێکی خۆشتر، یاخود خانوەکەی پێ بەرزکاتەوە، یاخود ئەندامانی زیاتر بە پارە رابگرێ، بیر لەوە ناکاتەوە بامن پڕۆژەیەکی درێژخایەن دابنێم خەڵك سوودی لێوەرگرێ قەیناکە با من هەرئێستەم لەبەرچاو نەبێ، بەڵام



نەفەسی حزبی زاڵبووە ئەوەیەك، دویش بەراستی کێشە ئایدیۆلۆژیەکەشی هەڵەیە، چونکە من پێموایە (بێدینی) دایمە ئینسانی خۆپەرست دروست دەکات.

دینداری ئینسانی وا دروست دەکا بڵێ بازەرەر بکەم و خەڵك قازانج بکا، چونکە چاوەڕێی ئەوە دەکات کە بەباشتر پاداشت بدرێتەوە، خوا پاداشتی ئەداتەوە، بەڵام کەسێك چاوی لەسەر دونیا چڕداگرن من ناتوانم قەناعەت بەخۆم بێنم کەسێك قەناعەتی بەدەرەوەی دونیا نەبێ، بتوانێ بۆ خەڵکی دونیا بەبێ غەرەز دڵسۆزبێ، بەڵام کەسێك بڕوای بەدەرەوەی دونیا هەبوو (دواڕۆژ) دونیای لابچوك دەبێتەوە، بۆیە دەڵێ بامن خزمەتێ بەم وڵاتە بکەم خوا پاداشتم ئەداتەوە، جا لەلایەکەوە بناغەی ئایدیۆلۆژیەکە بەو شێوە نەماوە، چونکە زۆر دژایەتی دین کراوە، زۆر هەوڵ دراوە دین کاڵبکرێتەوە، بەتایبەتی لەوەسەتی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەویە، ئەوە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە، وەکو وتم" مونافەسەی حزبی و ئەوان، کە کابرا ئێستای لەبەرچاوە، چۆن وابکا دەوری قەرەباڵغ بێ. چۆن وابکات دەنگی باش بێنێ، ئەوەش پەیوەندی بەشتی ئێستایی دەکا، پێویستی بەواجباتی سەریح دەکات.

بابۆڵەیەکی وێدەو بخوات، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی میللەت و وڵات لەبەرچاوبگری، دووربینی ئەوکاتە ئێستات لەبەرچاو نابێ، باکت نیە با دەورت قەرەباڵغ نەبێ قەیناکە، بەڵام کاریگەریەکی باش لەدوای خۆت بەجێ دەهێڵی خەڵك لەدوای تۆ کەڵکی لێوەردەگرێ، خۆئێستە وڵاتان تەماشا دەکەی نەخشەی پەنجا ساڵەیان هەیە بەرنامەی هەشتا ساڵەیان هەیە. پڕۆژەی

درێژخایـەنیان هەیـە، هـی ئێمـە هـەمووی پـڕۆژەی ئێـستاییە و هـەمووی سـەریح و ئێـستا بەرهەمەکـەی بێتـە دەسـتی و حـزب ئیستفادەی لێ بکات و میللەتیش قەیدێ ناکات.

٭ ئـەم دیـدارە بـە هاوکـاری بـەڕێز (خەڵـەف غـەفور) ئەنجامـدرا و هاوکـات کـاك (عـەلی رەشـید)یـش ئـەرکی دارشـتنەوەی گرتـە ئەسـتۆ سـوپاس بـۆ هاوکـاری هەردووکیان.

## بەختیار عەلی

# گەنج و شوناس



بەختیار عەلی یەکێکە لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و لە کاییەی رۆشنبیری کوردیدا چالاکانە بوونی خۆی سەلماندووە و تا هەنووکە خاوەنی چەند بەرهەمێکی ناوازەیە لە شیعر و رۆمان و لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە بێجگە لەوەی خاوەنی دید و بۆچوونی تایبەت بووە لەسەر پرسی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر تەوەرەی (گەنج و شوناس) بە پێویستمزانی بیکەمە میوانی ئەم تەوەرەیە و وەڵامەکانی بەختیار_یش بەم شێوەیە بوو.

* سەرەتا ئەگەر بپرسین گەنج کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، هەروەها پیر کێیەو هەڵگری چ ناسنامەیەکە، ململانێی نێوان ئەم دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینن؟

—لەڕاستیدا پێم وایە گەنج و پیر هەردووکیان لەیەك دەچن ئەگەر دوو پرۆژەی جیاوازیان نەبێ. ئەوەی کە گەنج دەکاتە گەنج و پیر دەکاتە پیر ئەوە کەلەقۆناغێ لەقۆناغەکاندا ئەوە بەدوو جۆر لەجیهانگیری تەماشاکردن لە دنیا سەرهەڵئەدا لەکۆمەڵێ خاڵی بنەڕەتیدا کەپەیوەندی بە رێکخستنی ژیانی

کۆمەڵایەتییەوە هەیە لەیەك جیادەبێتەوە ئەگەر ئەم لەیەك جیابوونەوەیە نەبێ ئەم پڕۆژەیە نەبێ ناسنامەی پیر و گەنج دواجار ناسنامەیەکی و هاوچوون یەکە ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییە گشتیەی کە کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای دروست دەکات. گەنج لەو ساتانەدا دروست دەبێ کەپڕۆژەیەکی جیاواز دێنێتە گۆڕێ کەساتێك دێت ساتێ گۆڕانە کە جۆرێکیتر لە بیری تر لەدایك دەبێت کەدیدێکە لەخاڵە جەوهەریەکان ناچێتەوە سەردیدە کۆنەکان لێرەوە بیری گەنج کەدروست ئەبێ سەرەتا بەشێوەیەکی رەخنەگرانە دروست دەبێ لەبەرئەوەی ئەو داواکاریانەی کە گەنج هەیەتی هێشتا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا و لەئاستی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی رەنگی نەداوەتەوە لێرەوە گەنج هەمیشە مۆرکی یاخی بوونێکی تیایە بۆ ئەوەی بزانین شتێکمان هەیە ناوی گەنجە ئەبێ تەماشای کۆمەڵگا بکەین بۆئەوەی بزانین شتێکمان هەیە ناوی یاخیبوونە.

*جیهانگیریو هاتنی تەکنەلۆژیا چ گۆڕانێکی بەسەر شوناسی پیرو گەنجدا هێناوە، ئەگەر گۆڕان هەیە لەسودی کامیانە؟

– من پێوایە جیهانگیری سەردەمێکە یان قۆناغێکە تاڕادەیەکی زۆر زانست تیایدا تەحەکوم بەسەر ژیانەوە دەکات، رۆڵی زانست لەڕێکخستنی ژیاندا رێکخستنی ئیرادە، لەڕێکخستنی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا رۆڵێکی گەورە بەخۆیەوە ئەبینێ کۆمەڵگاکان زیاتر بەسەریەکیان ئەکرێتەوە و هاتووچۆی زانیاری لەنێوان کۆمەڵگاکاندا رێگایەکی زۆر خێرا دەگرێتەبەر کە لەسەردەمەکانی تری رۆژگارەکانی تر بەخۆیانەوە نەبینیووە



هەموو ئەم شتانە وادەکات لەم کۆمەڵگایاندا گۆڕانێکی زۆر خێرا رووبدات پرۆسیەی جیهانگیری گۆڕانی خێرایی سەرجەم خانە کۆمەڵایەتیەکانە لەسەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتیا بەردەوام تۆ لەڕێگەی کۆنتاکتەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا رەگەزی نوێ دێتە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام لەڕێگەی پەیوەندییەوە لەگەڵ دەرەوە بۆچوونی تازە و شێوازی تازەی بیرکردنەوە شێوازی تازەی مۆدێل و ئەوەی پێی دەڵێن ستایلی ژیان ستایلی ژیان لەدایك دەبێت و دێتە ناو کۆمەڵگاکانەوە، ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە وادەکات لەناو کۆمەڵگاکاندا کۆمەڵێك نوخبە دروست بن کەلەڕاستیدا ئیشیان ئەوەبێ کەببنە نوێنەری ئەو گۆڕانکاریانە. پێموایە جیهانگیری یەکێکە لەو پرۆسە گەورانەی کەتارادەیەکی زۆر رۆڵی گەورەی تیا ئەبینێ لەسەرجەمی ئاستی جیهان جیهانگیری گەنج لەناو کۆمەڵگا تاگەنج بەشێوازێکی زۆر خێرا ئەهێنێتە ناوخانەوە لەدەسەڵاتی نزیکی دەکاتەوە لەدەسەڵات پرۆسەی کۆمەڵایەتی و نزیکی ئەخات ئەیکات بەهێزێکی بەرهەم هێن، چونکە تەنیا گەنج ئەو توانای هەیە بەو خێراییە گۆڕانکاریە گەورەکانی وەرگرێت وبیشیداتەوە لەکۆمەڵگا لەکاتێکا هەموونەوەی کۆن یان ئەو جیلانەی کەتائەندازەیەکی زۆر لەناو جۆرە پەروەردەیەکی دیاریکراودا گەورەبوون ئەقڵیان لەسەر جۆرە پەیوەندیەکی تایبەتی قاڵبی گرتووە زۆر بەزەحمەت ئەتوانن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە خێرایانە خۆیان بگونجێنن. بۆیە هێزی گەنج لەناو جیهانگیریدا هێزێکە زۆر بەخێرایی ئەتوانێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا خۆی بگونجێنێ لەبەرئەوەی خۆی هێشتا هێزێکە قاڵبگیرنەبووە هێزێکە

دۆگمەکان زەفەریان پێ نەهێناوە، یان ئەو هێزە نەرمەیە لەناو کۆمەڵگایە ئەتوانێ زۆربەخێرایی گۆڕانکاریەکان وەرگرێ و بیاتەوە بەکۆمەڵگا.

* لەهەموو وڵاتێکی دنیادا، بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گەنج خاوەنی خەونو پرسیاری نوێیە، بەڵام لای ئێمە بێ پرسیارترین نەوەی کۆمەڵگە گەنجە، تۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

—هەست دەکەم لەکۆمەڵگای کوردیدا گەنج پرسیاری خۆی هەیە لەهەموو کۆمەڵگاکان گەنج پرسیاری خۆی هەیە، بەڵام ئایا ئەم پرسیارە گەیشتۆتە ئەوەی ببێتە بزاوتێکی کۆمەڵایەتی من پێموایە هەموو نەوەیەك کۆمەڵێ پرسیاری هەیە جیاوازە لە نەوەکانی تر لەبەرئەوەی رووبەڕووی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی ئەبێتەوە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی سیاسی کاردەکات، کەجیاوازە لەمێژووی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیانەی کەنەوەی پێش خۆی تیا ژیاوە لەبەرئەوە هەربەحوکمی ئەو جیاوازیە پرسیاری نوێ دێنە پێشێ و کێشەی تازە دێتە پێشێ، بەڵام هێزی گەنج لەوەدایە ئەمانە بیگۆڕێ بۆ بزاوتێکی کۆمەڵایەتی لەسروشتی پرسیاری رون بیکاتە دەرێ، رەنگە داوای جۆرە پەیوەندیەکی تازە بکەین پەیوەندی کوڕ و کچ کەلەجیلی ئێمەیدا، یان جیلەکانی پێشتر نەکرایە بەو زەقیە ئەمە داوا بکرێت کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ هەیە سەبارەت بەوە تابەدەسەڵات خودی ئەو دەسەڵاتەی ئێستا گەنجی کورد لەکۆمەڵگای رووبەڕووی دەبوینەوە.

گرنگ لەوەدایە گەنج پرسیارێ بکات پرسیاری سەرجەمی کۆمەڵگا بێت گرنگ نییە تۆ پرسیاری هەیە؟ بەڵام کاتێك دەبێتە



هێزێکی کۆمەڵایەتی کەتۆ قەناعەتی بەهێزە کۆمەڵایەتیەکانی تریش بکەن کەهەمان پرسیاری تۆ بکەن وەهەمان سروشتی چارەسەر و رێباز و روانینیان بۆی هەبێت لێرەوە ئەگەر بزاوتێکی گەنجمان نەبوو بتوانێ سەرجەمی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا رابکێشێ هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تر بخاتە دوای خۆی لێرە پێم وایە لاوازی بزووتنەوەی گەنجانی ئێمە دەردەکەوێ. بزووتنەوەی گەنجانی ئێمە تا ئێستا نەیتوانیوە پرسیارەکانی خۆی بکاتە پرسیارەکانی سەرجەمی کۆمەڵگا لەهەموو شتی گرنگتر ئەوەیە نەیتوانیوە بەسروشتێکی مەعریفانەیان بەسروشتێکی داڕشتنی فیکری نوێ ئەم پرسیارانە بخاتە روو پێموایە پرسیار لەئاستی خاوە وەك و مادەیەکی خاو لەگۆڕێیە، بەڵام گرنگ ئەوە ئەو پرسیارانە بکەن بەداهێنان، یان بەتێستێکی فیکری، یان بەشیعر بیگۆڕی بۆ سەرزمانی کایە زانستیەکان بیکەیتە سەرشێوازی قسەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا بیگۆڕی بۆ سەر بزاوتێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر شەقامەکان هەست بە بوونی ئەم پرسیارە بکەین کێشەکە ئەوەیە ئەم پرسیارانە لەئاستی سەرەتاییەوە نەگوازراوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە کە لە ئاستی داهێناندا بیبینین لەئاستی پەیوەندی نەوەیەك لەگەڵ نەوەکانی ترا بەبن وەلەئاستی ئیشکرنی سیاسیا و بیبینین لێرەوە گەنجی کورد پرسیاری هەیە، بەڵام تا ئێستا بەرێوەبردنی ئەم پرسیارە، یان لەچۆنێتی گۆڕینی ئەم پرسیارە بۆ پرسیارێك کە تەواوی کۆمەڵگا بخاتە ژێر پرسیارەوە ئەم پرۆسەیە رووی نەداوە.

* تۆ پێتوایە گەنجی ئەمڕۆ زۆر خەمساردە لەوەی ئەو شتەی لەمێشکیدایە بیکاتە پرسیار، یان ئەو نەتوانێ رێگەیەکی گوزارشتکردن بدۆزێتەوە چۆن گوزارشتی پێ بکا؟

–بۆ رێگەی گوزارشتکردن رەنگە تۆزێ زەحمەت بێ، چونکە ئەو نەوەی ئەمڕۆ هەیە رەنگە شانسێکی گەورەتری هەیە کە کۆمەڵێ کەناڵێ دەربڕینی زۆر باشتری لەبەردەستدایە لەهەموو نەوەکانی پێشتر بۆ. نموونە لەسەردەمی ئێمەدا خەون بوو بابەتێك بڵاوبکەیتەوە من تا تەمەنی (٢٩)ساڵی نەمتوانی یەکەم وتاری خۆم بڵاوبکەمەوە تەواو لەعەمری گەنجێتیم دەرچووم کەیەکەم شتم بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوی گەنج دەبینم رۆژنامە دەردەکا گۆڤار دەردەکا لەچالاکی کۆمەڵایەتیەکی گەورە پێموایە کەناڵەکانی گوزارشتکردن لە ئەمڕۆدا تا ئەندازەیەك بەردەستترە هەرچەندە بەو مانا نیە کەئەم کەناڵانە تەواو ئازادن ئەم کەناڵانە مرۆڤ دەتوانێ تواناى هەموو شتەکان بڵێ هیچ جۆرە سانسۆرێك نییە راستە سانسۆرێك هەیە رەنگە لەسانسۆرێکی سیاسی نەبێت کە تۆ نووسینەکەت بەرێتە وەزارەت خەتی بەژێردا بێنێ یان بڵاوکەرەوە بڵاوی نەکاتەوە، بەڵام جۆرە سانسۆرێکی ناوەکی هەیە تائێستا لەناو مرۆڤەکانی ئێمەیدا کەئێمە ناچارین تا ئەندازەیەکی زۆر رەچاوی بکەین لەبەرئەوەی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورەتر هەیە کەئەو جۆرە زۆر کەسانسۆرە نەهێڵێن وەسەوزی ئەکەن

پێموایە رێگەکانی گوزارشت هەیە، بەڵام تا ئێستا پڕە لەئەشکالیەت ئەوە نەبێ شارێگەبن گەنجی کورد وەکو گەنجێکی ئەورووپی چ رێگایەکی بیەوێ هەڵبژێرێ، وە چ قسەیەکی بیەوێ



بیکات کە چ شێوازێکی ژیانی دەوێ هەڵبژێرێ. ئەمانە هەمووی غایبە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵام تا سەبارەت بەوەی کەخەمساردن پێموایە رەنگە بەڕاستی جیلی گەنجان خۆیان زیاتر بتوانن ئەوە وەڵامبدەنەوە، چونکە نامەوێ من لەدوورەوە وەکو چاودێرێك بتوانم ئەو پێوەرە دابنێم ئایا گەنجان خۆیان تاچەند خەمساردن چەند غەم بۆ ئازارەکانی خۆیان دەخۆن. بێگومان ئەبینم لەچاو ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە کۆمەڵگای ئێمە پێیدا دەڕوات و لەچاو ئەوەی کەبڕی ئازادی کۆمەڵگای ئێمە تا ئێستا بڕێکی زۆر سنوردارە و گۆڕینی رادیکان لەڕووبەری ئازادیەکان رووینەداوە. بۆ نموونە ئەو کێشانەی من وەك گەنجێك هەمبوو هەست دەکەن گەنجەکانی ئەمڕۆش تائێستا هەیانە، بەڵام بەدەرەجەیەکی تۆزێ خەفیفتر و لە فەزایەکیتردا لەبەرئەوەی فەزایەکی کۆمەڵایەتی جیاوازترە، بەڵام من هەست دەکەم گەنجی ئێمە و گەنجی ئەمڕۆ لەگۆڕانێکی زۆر گەورە لەڕووبەری ژیانیاندا رووی نەیداوە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان وەکو خۆیانە و کۆمەڵگای باوکسالاری وەکو خۆیەتی بچووککردنەوەی رۆڵی گەنج لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا وەك خۆیەتی گوێ نەگرتن لەگەنج لە ئاستی سیاسیدا وەك خۆیەتی دەرگا نەکردنەوە بۆ بزاوتەکانی گەنجان کەیەکێك بن لەوانەی کە نەخشە بۆ داهاتووی کۆمەڵگا دائەڕێژن لەقەیرانە گەورەکان لەکێشە گەورەکان جیاوازیەك لەنێوان گەنجی ئێمە و گەنجی ئێوە، بەڵام پێموایە ئەگەر ئەمە تەماشا بکەین هەست دەکەم گەنجی ئەمڕۆ دەکرا لەوە ئەکتیڤتر بێت وەك لەوەی کە چالاکە.

* تۆ باس لەباوکسالاریکرد،ئەگەر لێرەوە باس لەو ململانێ زۆرەی نێوان باوكو کوڕ لەکوردستاندا تاچەند بەپۆزەتیڤی دەبینیو ئایندەی ئەم ململانێیە لەڕوانگەی تۆوە بەرەو کوێ دەڕوات؟

– هەست دەکەم ململانێکە واتەماشا نەکەین وەك ململانێی باوك و کوڕ لەئاستی خێزان نیە و چونکە بەرە و کارەساتمان دەبات وایلێدێت هەموو باوك و کوڕێك شەڕبکات ململانێی نێوان نەوەکان راستە بەشێکی خێزان رووئەدات، بەڵام جەوهەری ئەم ململانێیە لەناو خێزاندا نییە جەوهەری ئەم ململانێیە لەناو دەسەڵاتایە و لەناو پێکهاتنی دەسەڵاتایە لەبەرئەوەی باوکە گەورەکە لەڕاستدا لەناو خێزاندا نییە لەناو دەسەڵاتایە ئەوانەی نوێنەری کۆمەڵگای باوکسالارین لەڕاستیدا ئەوانەن کەلەناو دەسەڵاتدان نەك باوکە بچوکەکانمانی خۆمان لەناو خێزاندا.رەنگە زۆرجار باوکە بچووکەکانی خۆشمان قوربانی بن تا ئەندازەیەکی زۆر، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەبڕێك لەململانێی نەوەکان لە ناو خێزاندا روویاندا ئێمە بیگێڕینەوە بۆ خێزان ئەبێ لەناو خێزاندا روویاوە ئەم ململانێیە نەقڵ بکرێتە ناو خێزانەوە، بەڵام بەو مانایەی نا کە کوڕ لەگەڵ باوکیدا شەڕ بکات، بەڵکو بەو مانای کە ئێمە لە خێزاندا کۆمەڵێ نرخ و بەها بهێنین کەجیاوازە لەو نرخ و بەهایانەی کە کۆمەڵگای باوکسالاری چاندوویەتی وە ئەمە ئەکرێ تا ئەندازەیەکی زۆر خێزان بگۆڕێ بۆ خانەیەك لە خانەکانی دیالۆگی کۆمەڵایەتی بۆ خۆمان بێگومان ئاسان نییە پرۆسەیە لەبگوێزینەوە ناو هەمووخێزانێك هەموو کوڕێك ناتوانێ لەگەل باوکیدا دیالۆکێکی



ئازاد دابڕێژێت، بەڵام ململانێی راستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگای باوکسالاری پێموایە ئەم ململانێیەش لەچایخانەکانەوە دەست پی دەکات کەچایخانەی پیاوانەیە کۆمەڵگای ئێمە بەشێوەیەکی ترسناك کۆمەڵگایەکی پیاوانەیە ئەچێتە سەر هەرشوێنێك تەنیا پیاو ئەبینێ شکاندنی ئەم کەلتورە و بەلاوەنانی ئەم کاتورە کەئافرەتی کردۆتە دەرەوەی کۆمەڵگاوە بەشێوەیەك گەنجی کردۆتە دەرەوەی کۆمەڵگا تەنیا لەئاستێکی دیاریکرادا رێگە بەدەرکەوتنی حەز و ئارەزووەکانی گەنج ئەدا رێگە بەدەرکەوتنی ئارەزووەکانی ئافرەت نەدا ئەبێ ئەم کلتورەش بخەینە لاوە بۆ ئەوەی ئەم شەڕەش بکەین پێویستە لە هەموو ئاستەکاندا چالاکبین پێموایە ئەبێ شەڕ لەهەموو ئاستەکانا بکەین لە ئاستی بازاڕەوە دەست پێبکەین بۆ گەنج بکەینەوە رێگە بۆ ئافرەت بکەینەوە. بۆیە من پێموایە بزاوتەکانی ژنان بزاوتی تابلێی خەوتوو و بێئاگان کەمتر چالاکن لەکاتێکدا ئەوان ئەتوانن پڕۆسەی گۆڕانکاری گەورە گەورە لەگەڵ بزاوتی گەنجان لەکۆمەڵگای ئێمە پیادە بکەن یەکێك لەو پرۆسانە من خەو بەوەوە دەبینم ئافرەتان چایخانەکان داگیربکەن و پیاوانی لێ دەرکەنە دەرەوە کە ئەمە جۆرە خەباتێك دەبێت دژی کۆمەڵگای باوکسالاری و پیاوسالاری، بەڵام ئێمە لەو کۆمەڵگایە دەژین تا ئێستا شێوازەکانی خەباتکردن بۆ کێشەکان لاوازە و سەرەتاییە تەنیا لەسروشتی قسەکردندا دەمێنێتەوە لەسروشتی کۆڕو کۆبوونەوە و دیالۆگدا دەمێنێتەوە لەکاتێکدا کەمن پێموایە ئەبێ نەقل بین و بگوازرێتەوە بۆ جۆرێکیتر لە چالاکی کۆمەڵایەتی کەچالاکی راستەوخۆیە لەکۆی کایە کۆمەڵایەتیەکان.

لێرەوە پێموایە گەنجان و ئافرەتان دەبێ لەهەموو شوێنی کارەکان لەدائیرەکاندا هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی باوکسالاری بوەستنەوە هەروەها کێشەکە لەوەدایە تا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێشەکانی باوکسالاری و پیاوسالاریمان بەتەواوی دەستنیشان نەکردووە کەلەکاتێکدا ژیانی ئێمە سەرجەم وەك نەخشەیەك لەباوکسالاری و پیاوسالاری دارێژاوە کەبەتەسەوری من ئەبێ لە ئاستی ژیانی رۆژانەی خۆماندا رووبەرووی ببینەوە و شەڕی لەگەڵ بکەین.

* ئایین یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، گەنجیش بەدەر نەبوو لەو کاریگەریانەو زۆرجار ئایین بۆتە ئەوەی گەنجێکی سەلەفی توندڕەو بەرهەم بهێنێت‌و ببێتە خۆرەی گیانی کۆمەڵگە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایین رۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر بیری گەنجان دانەنێت؟

–ئایین ئەکرێ زیاد لەگۆشەیەکەوە تەماشای بگەین واتە بەدرێژایی مێژوو تەماشا بکەین لەناوخودی یەك ئایندا زیاد لەقۆناغی مێژووی هەیە هەندێ قۆناغمان هەیە دین تیدا ئەبێتە یەکێك لەڕێگەکانی لێبوردن و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی. هەر لە مێژووی ئیسلام خۆییدا کۆمەڵێك قۆناغی مێژوویمان هەیە کەتیایدا ئیسلام رۆڵێکی گەورە ئەبینێ لەگونجانی دیانەتەکان لەگەڵ یەکدا و گونجاندنی شوناسی کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا، بەڵام بەگشتی دین لەکۆمەڵگایەکی باوکسالاریدا لەکۆمەڵگایەك کەئاستی سیاسیدا دیکتاتۆریەت حوکمی ئەکات لەئاستی کۆمەڵایەتیدا دواکەوتنی کۆمەڵایەتی لەهەموو بەش و



لایەنەکانی ژیاندا لەبەرچاوە و ئەکرێت بیبینین لەم کۆمەڵگایانەدا دین رۆڵێکی تا ئەندازەیەك زۆر سلبی ئەگرێتەوە لەبەرئەوەی ئەچێتە ناو هەمان قاڵبی ئایدۆلۆژیەوە هەمان چوارچێوەی فیکریەوە کەلەکۆمەڵگا باڵادەستەکان. دین بۆ خۆی شکلێکە لەشکلەکانی ئایدۆلۆژیا واتە دواجار ئەکرێ بەڕێگەی جیاواز جیاواز نامۆدیلی جیاواز جیاوازی حوکمی لێ دەربهێنی لەناو تێکستەکاندا تێکست هەیە خەڵکی پێسەربڕیت و تێکستیش هەیە بە ئارامی مرۆڤەکان پێکەوە بژین. لێرەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی تۆ چۆن خوێندنەوە بۆ دیین دەکەی؟ لەقۆناغی ئێستادا دیین رۆڵێکی تێگەتیڤی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی تائەندازەیەکی زۆر کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی تەفسیرە نێگەتیڤەکان و ئەو هێزە کۆمەڵایاتیانەی لەکۆمەڵگای ئێمە تەفسیری دیاردەکان دەکەن هێزی باوکسالار و هێزی تۆتالیتارن و ئیشکردنی لەڕۆژانی خۆیاندا جۆرێك لە دیینیان دەوێ و پێویستیان بەجۆرێك لەدیینە هەیە کەقەمعی مرۆڤ ئەکات لەسیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤدا و لەسیستمی کۆیلەکردن و سەرکوتکردنی ئینساندا دین ئەبێتە یەکێك لەو رەگەزە ئایدۆلۆژیانەی سەرکوتکەران بەکاری ئەهێنن بۆ درێژە پێدان لەسەرکوتکردنی خۆیان، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێ کەلە پاڵ دینا کۆمەڵێ ئایدۆلۆژیای تریشمان هەیە هەمان رۆڵ ئەبینن و هەمان سروشتیان هەبە بۆیە ئەگەر بمانەێ دین لەلایەنە توندڕەوەکانی پاك بکەنەوە ئەبێ هاوشان بەگۆڕینی پەروەردەی دیین لەشێوەیەکی شکلی و هەموو خاڵە ئایدۆلۆژیەکانی‌تر پاك بکەنەوە لەلایەنە توندڕەوەکانی ترخۆیان بەرای من تەنها دیین

لەکۆمەڵگای ئێمە توندڕەوونییە هەر ئایدۆلۆژیایەك کە دێتە ناو پێکهاتەوە و ستراکتۆری زهنی ئەقڵیەتی ئێمە وای لێیەت لایەنە توندڕەوەکانی بەهێزتر ئەبن لەو لایەنانەی کە هەڵگری لێبوردن تۆلێرانس و پێکەوە ژیانیانە. مارکسیەت هەمان شێوە بوو کە بوو بە یەکێك لەو ئایدۆلۆژیانەی کە زۆر بزاوتی توندڕەوی لەکۆمەڵگای ئێمە بەرهەمهێنا، ناسیۆنالیزم بەهەمان شێوە زۆر خەڵکی جەلاد و پیاوکوژی لەکۆمەڵگای ئێمە بەرهەمهێنا. لێرەوە کێشەکە ئەوەیە ئێمە لەناو ئەقڵیەتی کۆمەڵایەتیدا لەناو زیهنیەتی ئێمەدا نییە هەرئایدۆلۆژیك کەدێت لایەنە توندڕە و تیژڕەوەکانی زیاد بەرجەستە ئەبن لێرەوە خوێندنەوەی پێکهاتەی ئەقڵی خۆمان، خوێندنەوەی ئەو هۆیانەی بۆ هەرئایدۆلۆژیای هەردینێك کەدێتە ناو دنیای ئێمە وەلایەنە توندڕەوەکانی زیاتر بەرجەستە ئەبن لەمینانەی توندڕەوەکان پێموایە ئەبێت دراسەکان، یان لێکۆڵینەوەکان بەرینەوە ئەو ئاستە.

* بەڵام ئێستا کۆمەڵێ حزبی نوێ هاتوون کەباسی ریفۆرمی ئاین دەکەن کەئەمەش خزمەتێکە بەهەموو کۆمەڵگا بەگشتی ئایا تۆ قەناعەت بەریفۆرمی ئایین هەیە ئایا ئەتوانین لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەتایبەتی کەئایینی ئیسلام زاڵە دەتوانین ئایین لە خزمەتی مرۆڤدا بەکار بهێنین؟

- کە دێینە سەرئەوەی باس لەسەر ریفۆرمی ئایین دەکەین ئایا ریفۆرمی ئایینی گونجاندنی دینە لەناوکۆمەڵگادا، یان گونجاندنی کۆمەڵگایە لەگەڵ دنیدا، بەبۆچوونی من ئەوانەی کەزۆرتر باسی لەسەر ریفۆرمی ئایین ئەکەن ئەوەندەی کەهێشتا باس لە



گونجاندنی دیین ناکەن لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئەمە یەکێکە لەکێشە گەورەکان. هێندەی ئەیانەوێ کۆمەڵگا تەنازوول لەکۆمەڵێك ماف و ئازارەکانی خۆی بکات بۆئەوەی لەگەڵ دنیا باس لەوە ناکەین کەدین واز لەکۆمەڵی دۆگمانی خۆیی بهێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگا و مێژوودا بگونجێ من پێموایە سەرجەمی کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەریفۆرمە، سەرجەمی ئایدۆلۆژیەکان پێویستیان بەریفۆرم هەیە ریفۆرمی گەورە، بەڵام ئەگەر ریفۆرم بەو مانایە بێت کەئێمە دیین بگۆڕین بەسەرچاوەی سەرەکی بیرکردنەوەمان بێگومان من لەگەڵ ئەم ریفۆرمانە نیم ریفۆرمی دیینی ئەبێتە ناوەکی ناو بزاوتی دیینی خۆی کەپەیوەندیەکی بە ئێمەوە ئەبێتە گرنتی نا دیینەوە لەڕاستیدا من ریفۆرمی دینم لەلا گرنگنییە ئەگەر نەزانم لەسەر ئاستی کۆمەلایەتیدا بڕی ئازادیەکانی من وەك ئینسانێك گەورەتر ئەکات ئەگەر نییەوا لە دیین ناکات دەست لەئازادیەکانی من وەرنەدات ئەگەر ئەمە بەمانای ریفۆرمی دینی بێت ئەوا من قبوڵمە، بەڵام ئەگەر مەسەلەی ریفۆرمی دینی ئەوە بێت کە مکیاجی دین بکەین بۆئەوەی ئاستی کۆمەلایەتیدا مەقبوڵتری بکەین وای لێبکەین باشتر رۆڵی خۆی بگێڕێ وای لێبکەین پایەکانی بەهێزترکەین بۆئەوەی لەقۆناغی داهاتوودا بەهێزێکی گەورەتر بێتە گۆڕێ کەپێموایە بەشی زۆری لەمەبەست لە فۆرمی دینی رەنگە محاولەی دووەمیان بێت، کەبێگومان لەگەڵ ریفۆرمی دیینی نیم لەوحاڵەتە نەبێتە دەست تێوەردانێکی راست یان دین والێبکات ببێتە پەیوەندی مرۆڤ و خودای خۆی وەنەبێتە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەدا ، لێرەوە ئەگەر پەیوەندی من لەگەڵ

کۆمەڵگەدا دین دەستی تێوەردا بە ناوی ریفۆرمی دینیەوە هەمان تێز و حوکمە ئەساسیەکانی دینی دووبارە کردەوە ئەوە من دژیم.

*تۆ پێتوایە بنەمائەساسیەکانی دین ئەو ڕیفۆڕمە قبوڵ دەکات؟

– ڕەنگە زەحمەت بێت. من وەکو دیاردەیەکی مێژوویی تەماشای دین دەکەم. دین وەکو ئایدۆڵۆژیایەك، یان وەکو تێکست تەماشای بکەین، بێگومان دین دەستکاری ناکرێت ئەگەر وەکو تێکست تەماشای بکەین دین وەکە تێکستی قورئانی یان تێکستێك کە لە کتێبە ئاسمانیەکاندا هاتووە قابیلی دەست کاریکردن و قابیلی گۆڕان نیە، بەڵام دین زۆرجار دیاردەیەکی مێژویەو بە پێی قۆناغە مێژوییەکان گۆڕانی بەسەرا هاتووە من پێموایە دیین ئەتوانێ لەگەڵ قۆناغە مێژوویەکاندا خۆی بگونجێنێت خۆگونجاندنێکی وا نا دووجۆرە خۆ گونجانی هەیە ئەگەر راست بم خۆگونجاندنێك هەیە وەك سەرەتا باسم کرد تەواو پێکهاتە ئایدۆلۆژیەکانی خۆت دەگۆڕیت ئێستا زۆر لەناو دینەکاندا بانگەواز بۆ دەستکاریکردنی بنەما ئەساسیەکانی بۆ گونجاندنی دین لەگەڵ مەسەلەکانی مافی مرۆڤ بۆ دەستبەرداربوونی یاسا لە شەریعە. ئەمانە هەمووی گۆڕانکاریی پیشەین ئەگەر ئەمانە بێنە پێشێ بێگومان گۆڕانکاری ئەبێ لە مێژووی دنیا لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵام ئەگەر ریفۆرم تەنیا پاراستنی هەموو ئەساسیەکانی بێت نەرم کردنەوەی نەبێ یا نەرم کردنەوەی سروشت تەنفیزی بڕیارەکانی دین بەسەر کۆمەڵگادا ئەمەیان پێموایە جۆرێ لە دیماگۆگیەتی سیاسی گروپە دینیەکان بەکار ئەهێنن ئێستا گروپە دینیەکان، یان ئەو



هێزانە دیینیانە هێندە مومارەسەی تەکتیکی سیاسی خۆیان دەکەن کە باس لە ڕیفۆڕم دەکەن. باس ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینەیتر ناکەن بۆ گۆڕینی جۆرێك لە جیهانبینی بۆ جۆرێك لە جیهانبینیتر، ئەوەیە کە ئێمە مەبەستمانە بەڕاستی لە ڕیفۆڕم گۆڕینی جۆرێك لە جیهانبینیە بە جۆرێك لە جیهانبینیتر نەك جۆرێك لە تەکتیکی سیاسیتر بە جۆرێکی تر لە تەکتیکی سیاسی لە کاتێکدا کە ئێستا باس لە رێفۆرم دەکەن باس لە گۆڕانێك دەکەن لە تەکتیکدا نەك گۆڕانێك لە جیهانبینبدا.

* کەپتی جنسی یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی بۆشاییەکی فیکری لای گەنجان دروستکردووە، بەڕای تۆچی بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

– من پێموایە کەپتی جنسی سەرەتا هەموو کەبتەکانی ترە، سەرەتای شێوازەکانی سەرکوتکردن لە سەرەتاوە لە سەرکوتکردنی جنسەوە دەست پێ دەکات لە ڕووی مێژوویەشەوە بە هەمان شێوەیە ئەگەر لە ڕووی مێژووی سەرجەمی مێژووی مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە تەماشابکەی کەپتی جنسی سەرهەڵدانی هاوڕێی یەکەمی سەرهەڵدانی سەرکوتکردنە لێرەوە درێژەدان بە کەپتی جنسی، درێژەدان بە سەرجەمی شێوەکانی تری چەپاندن و کەپتکردنە درێژەدان بە سەرجەمی چەپاندنی کەپتکردنی فیکری ڕیشەکانی لە ناوچەپاندنی جنسیدا هەیە وە ئەو ڕێگایانەی کەدەخرێتە بەردەم بیرکردنەوە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕیشەکانی لەناو هەمان ئەو کلتورەدایە لە هەمان ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە کە ڕێگری خستۆتە بەردەم ئارەزووە جنسیەکانی شەوانە. لێرەوە پەیوەندیەکی زۆر

ئۆرگانی هەیە لە بەینی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە لەگەڵ چەسپاندنی جنسیدا درێژکردنەوەی چەسپاندنی جنسی درێژکردنەوەی عبوریەتی مرۆڤە بە ڕاستی یە شێوەیەك لە شێوەکانی بەلاّم ئەوەی کە ئەمێنێتەوە زۆر لە مێژووی کۆمەلاّیەتیە تیا شێوازەکانی ڕەفتاری سروشتی جنسی ئینسان زۆرجار لە کۆمەلّێك قۆناغی مێژوویدا وا دەردەکەوێت کە دژی چەسپاندنی جنسی کەم ئەبێتەوە، بەلاّم ئەمە ئەو پەڕی کەمکردنەوەی بڕی چەسپاندنی جنسییە بۆ زیادکردنی چەوساندنەوەیە لە ئاستێکی تردا بە تایبەتی لە خۆرئاوا ئەمە زۆر بەڕوونی دەبینین قۆناغمان هەیە ئازادیە جنسیەکان تا ئەندازەیەك ڕووبەرێکی فراوانی هەیە بەلاّم ئازادیەکانیتر ڕووبەرێکی بچوکی هەیە لێرەوە هەریەك لەلای فەیلەسوفەکانی وەکو ئەریك فرۆم و مارکۆزە ئەمانە جۆرە رەخنەگرتنێك هەیە لە کۆمەلّگەی مۆدێرنی رۆژئاوائەگەرچی تا ئەندازەیەك جنس ئازاد ئەکرێ، بەلاّم ئازادکردنەکەی بە شێوەیەکی هێندە سیستماتیکە هاوشان نىیە بە ئازادبوونی کۆمەلاّیەتی سەرتاسەری لە هەموو ئاستنەکان دا ئێمە ئەبێ لە کۆمەلّگای خۆماندا هەوڵ بدەین دژایەتی کردنی کەپتی جنسی گرێ بدەینەوە بەسەرجەمی دژایەتیکردنی کەپتی و هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی ستەم هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی چەپاندن وزوڵمی کۆمەلاّیەتیە بەبێ گۆڕینی کێشە جنس بۆ کێشەیەکی سیاسی لە ڕێگەیەوە دژایەتیکردنی کەپتی جنسیەوە دژایەتی هەموو شێوەکانی ستەم دەکەین، هەموو شێوەکانی چەسپاندن ئەکەین، هەموو شێوەکانی چەپاندن دەکەین و دژایەتی رێگرتن دەکەن لە



بیرکردنەوە.زەحمەتە ئێمە بتوانین بە تەنیا لە ڕێگەی باسکردنی کەپتی جنسیىیەوە باس لە کردنەوەی دەرگایەك بکەینەوە لە ئازادی بە پێچەوانەوە ئەگەر بمانەوێ دەرگایەك بۆ ئازادی بکەینەوزە کە دەبێ جنس کە یەکێکە لەهەرە بابەتە سەرەکیەکانی وە ئەبێت جنس سیاقی ئیشکردن بۆ سەرجەمی ئازادیەکان نەکەینەوە دەرێ و کێشەیە لە هەرە کێشەگەورەکانی ناو مێژووی سیاسی ئێمە ئەوەیە کە باس لە ئازادی ئەکات باس لە ئازادی جنسی ناکات. وەئەترسێ لەم بابەتە لێرە و بە درێژایی مێژووی سیاسی ئێمە باس لە ئازادیەك ئەکرێ کە دژایەتیکردنی کەبتی جنسی تیا نییە لێرەوە زۆر بەئاسانی دەسەلاّت جارێکی تر دەتوانێ جنس بەکابێنێ بۆ گۆڕینی مرۆڤەکان بۆ عەبد، بۆ گۆڕینی مرۆڤەکان پاشکۆی خۆی وەك لەم قۆناغە کۆمەلاّیەتیەتیەدا دەیبینی، یان لە قۆناغی بەعسدا دەیبینی.ن بەعس جنسی وەك کەرەسەیەك بەکار ئەهێنا بۆ ڕاوکردنی گەنجان بۆ گۆڕینیان بۆ بەعس بۆ کردنیان بە کەرەسەیەك لە کەرەسەکانی خۆی لەم ڕۆژەشدا بەهەمان شێوەیە نزیك بیت لە دەسەلاّتەوە جنس دەست ئەکەوێ و پارەت دەست ئەکەوێ و هەمووشتەکان دەست دەکەوێ ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکانی بەکارهێنانی جنس بۆ گۆڕینی مرۆڤ بۆ عەبد. ئەبێ ئێمە ئەو توانا تیۆریە فیکریەمان لە بەردەستدا بێ ئەم میکانیزمانە شیبکەینەوە وشێوازی ئیشکردن بە جنس لە کۆمەلّگای خۆماندا تێبگەین واتە زۆرجار وەکو پێت دەلّێم سیاسەت لە رێگەی جنسەوە مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ کەرەسەیەك لە کەرەسەکانی کۆیلەبوون. ئێمە وەزیفەمان ئەوەیە جنس بگۆڕی

بۆ کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی ئازادبوونی ئینسان گرنگ ئەوەیە لەناو ستراکتۆرێکی فیکری ئەم پرۆسەیە بەرجەستە بکەی. ئەمە ئەکەوێتە سەر بزاوتی گەنجان و لاوان.

* دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ قسەی هەندێك ڕۆشنبیر کەدەڵێن: گەنجی ئەمڕۆ بێ شوناسەو ونبووە لەنێو گەمەکانی دەسەڵاتو حزبدا، پێتوایە ئەم بێ شوناسیە تاکەی بەردەوام دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت گەنجی کورد ببێتە خاوەنی چ شوناسێك؟

—لە ڕاستیدا من پێموانیە گەنج بەو پلەیە بێ شوناس بێت و بەو پلەیە بێدەنگ بووبێتن بەرامبەر دەسەڵات، مانگرتنەکانی چەند مانگی لەمەو پێشی زانکۆ بۆ خۆی دەلیلێکی ئەوەیە بۆ خۆی گەنج پرۆسەیەکی هەیە کە گەنج بەردەوام لە جوڵەدایە. ئەگەر تەماشا بکەین لەم چەند ساڵەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان گەنجان ئامادەبوون لەسەر ساحەی چالاکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمە نەبۆتە بزاوتێکی سیاسی کە هەڵگری دروشمی سیاسی و ڕێبازی بیرکردنەوەی تایبەتی بێ دواجار نەبووە بەوەی لە دایکبوونی هێزێکی سیاسی کەبەرەنگاری ئەو هێزە سیاسیانە بێت کە ئەمڕۆ هەن ڕەنگە بێ شوناسی بڕێکی زۆری ئەوەبێ کە تائێستا پڕۆژەیەکی دیاری گۆڕان نییە ئیشی تێدا بکات بەبێ بوونی پڕۆژەیەکی تازەی گۆڕان ناتوانین قسە لەسەر شوناسی تازە بکەین شوناسی تازە هەمیشە گرێدراوی پڕۆژەیەکی گۆڕانە ئەگەر پڕۆژەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیمان نەبێ شوناس نایەتە دەرێ شوناس کاتێك دروست دەبێت کەئێمە کۆمەڵگامان هەبێت لە ئاستی گۆاستنەوە بێت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی لە ئاستی گواستنەوەیەك بێت لە چرکەساتێکە بۆ چرکەساتێکی



تر، بەڵام کە ئێمە پڕۆژەیەکی وامان نەبوو بێگومان هەتا ئەگەر گەنجیشمان هەبێ لە مەیدانەکانی کاردا کار گەنجیشمان هەبێ مانبگری بەڵام خودی ئەم چالاکیانە ناچنە ناو چوارچێوەی پڕۆژەی گەورەترەوە کە پڕۆژەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیە، ئێستا لەم چەند ساڵەی دوایدا بەردەوام گەنجانمان بینیوە لەئاستی ئەم چالاکیانە بەشێك نەبووە لە پڕۆژەی گەورەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆژی فیکری با بڵێین لەپاش خانێکی مەعریفی جیاواز لە پشت ئەم ڕووداوانە نەبووە لەوەی کە جیاواز لەو پاشخانە ئایدۆلۆژیا مەعریفیەی کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمە باڵادەست بۆ ئەوی شوناسمان هەبێ پێویستمان بە مەعریفەی جیاواز هەیە مەعریفەیەکی ئەنتەرناتیف هەیە پێویستمان بە جۆرە تەفسیرێکی جیاواز بۆ کۆمەڵگای خۆمان هەیە وە پێوستمان بە پڕۆژەیەکی جیاواز هەیە بۆ کۆمەڵگای خۆمان هەیە واتە بەبێ بوونی پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ دۆخی کۆمەڵایەتیمان لەم ساتە زۆر زەحمەتە شوناسێکی نوێ بێتە دەرەوە هەتا ئەو شوناسە نەیەدەرێ بێگومان گەنجان بە شێوەیەك لە شێوەکانی وێنەی باوکیان و مێژووی باوکیان دووبارە ئەکەنەوە تا ئێستا زۆربەی گەنجەکانمان بەشێکی هەرهەمان ململانێی نێوان جەلالی و مەلای دووبارە ئەکەنەوە کەلەشەستەکاندا باوکانیان تیایداژیاون ئەم پڕۆسانە دووبارەکردنەوەی وێنەی باوك لە کاتێکدا بە شێکیتر دەگۆڕێت کە پڕۆژەیەکی ترمان هەبێ و پلەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازمان هەبێ.

*ئەگەر قسە لەسەر گەنج و تیرۆر بکەین لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەنج بۆتە ئالەتی بەکارهێنانی تیرۆر واتە بە شێوەیەکی بەرچاو گەنجان لە کردەوە تیرۆریستیەکاندا بەشداری دەکەن هۆکاری ئەمە چیە پێتوایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم دیاردەیە شتێکی نوێیە، یان پێشینەی هەیە؟

—پێموایە تیرۆر لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتێکی کۆنە دیاردەیەکی نوێ نییە بەهیچ جۆرێك. مێژووی سیاسی ئێمە پڕ لە تیرۆر و توندو تیژی. ڕەنگە هۆکاری ئەم بگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتورە سیاسی ئێمە کلتوریەکە لەسەر کلتوری ستالین و بەلشەفی هاتۆتە دەرێ. هەر لە سەرەتای چەرخی بیستدا هەرچی ئەحزابی سیاسی دروست دەکەین لە مێژووی خۆماندا لەسەر مۆدیلێکی ستالیی و بەلشەفیی دروستی دەکەین کە لە سەر مۆدێکی زیاتر لەسەر توند و تیژی بەندە. مۆدێلێکە زیاتر لەسەر لەناوبردنی بەرامبەرەکەی بەندە لەسەر تەزحیەی جەسەدی دروژمنەکان دروست بووە ئەمە هەموو وادەکەن کە زەمینەی سیاسی ئێمەی زۆر لە باربێ بۆ تیرۆر من پێموایە زەحمەتە تیرۆر گرێ بدەینەوە بە گەنجانەوە.یا بڵێین تیرۆر دیاردەیەکی گەنجان دروستیان کردووە نا با بڵێین تیرۆر بە شێکە لە کلتوری باوکان، یان دووبارەکردنەوەی تیرۆر بونی بەشێك لە گەنجان بە تیۆرست بەبۆچونی من دووبارەبونەوەی وێنەی باوکە لەناو گەنجاندا، دووبارەکردنەوەی مێژووی باوکە لە ناو گەنجەکاندا و درێژکردنەوەی هەمان ئەم مێژووە ڕابردوویە کە ئێستا بە دەمامکی تازەوە دێتە سەر شانۆ. لێرەوە با وانەکەین هەر ڕووداوێك کە گەنجێك تێیدا بەشدار بوو ئەمە واتە تەفسیر بکەین



کە ئەمە مۆرك و خەسڵەتی سەرجەم گەنجانە لەم قۆناغە بە پێچەوانەوە زۆرجار گەنجان کە ئەکەونە ناو کۆمەڵێك پرۆسەی دژوارەوە دەرئەنجامی ئەوەنیە کە ئەم پرۆسەیە، یان ئەم دیاردەیە هەڵقولاّوی مێژووی تایبەتی خۆیانە هێندەی نیشانەی ئەوەیە کە هەڵقولاّوی دووبارەبونەوەی مێژووی باوکانەیە لەناو مێژووی گەنجان من بەڕاستی وا لەو دیاردەیە تێدەگەم.

ئێستا گۆڕانکاری سیاسی گەورە دەکرێت، پاش(٨٠) ساڵ لە عێراقدا، بەڵام تا ئێستا هیچ قسەیەك لەسەر گەنج نەکراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئایا گەنج بەشداری پرۆسەی سیاسیەکان بکات بەو شێوەی بچێتە ناو ڕێکخراوە سیاسیەوەکانەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانێت ویست و داواکانی خۆی بەدەست بێنێت؟

— لە ڕاستیدا بەلامەوە گرنگ نییە گەنج لە کوێدا ئیشدەکات لە ناو ڕێکخراوەکان ئیشدەکات لەدەرەوە ئیشدەکات یان خۆی ڕێکخراوی تایبەتی دروست دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئاگاداری ئەوە بێ کە ئەو ئەکرێتە پڕۆژەیەکی جیاوازی، یان ئەکرێت شوناسێکی جیاوازی پێبێت. وە ناکرێ لە پاشەڕۆژ بەبێ ئەو دروست بکرێت. کێشەکە ئەوەیە بەئێمە لە عێراقدا ئێستا دەمانەوێت عێراقی نوێ بنیات بنێت بەڵام بە کۆمەڵی ئەقڵیەتی کۆنەوە کۆمەڵێ پیرەمێرد هاتوون دەیانەوێ پاشەڕۆژی ئێمە دروست بکەن کە ئەمە کارێکی نەکردەیە. مومکین نییە بە کۆمەلێ سیاسی پەککەوتە کە تەمەنیان لە سەرو(٨٠,٧٠) ساڵەوەیە کە بتوانن کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنمان بۆ دروست بکەن کەئەمە ناومکینە و یەکێکە لەهەرە قەیرانە گەورەکانی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عێراق تێیدا دەژی و یەکێك لەو درۆ گەورانەی

ئەمڕۆ سیاسەت دەیکات ئەم پرۆسەیە کە باوەڕمان بەوەبێت کۆمەڵێك سیاسی کە ئەقڵیەتیان تەپوتۆزی ئایدۆلۆژیاکانی سەدەی(٢٠،١٩)ی پێوەیە بتوانن کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بۆ ئێمە دروست بکەن بە بڕوای من نشوستی سیاسەت لە عێراق لەم ساتەدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا ناتوانرێ هێزی چالاکی گەنجان و بزاوتە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵی مەدەنی وا لێبکات بەشداربن لە دروستکردنی پاشەڕۆژی سیاسی عێراق من لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "کوردستانی نوێ"دا باسم لە وەکرد یەکێك لە هەرە قەیرانە گەورەکانی ئەمڕۆی ئێمە لە سیاسەتدا ئەوەیە تاڵەبانی لە بەغداد هێندەی سوونە موتەتەریفەکان دەبینێ، هێندەی شێخەکانی شومەر دەبینێ هێندەی ئەو کەسانە دەبینێ هێزی کۆنزەرڤاتیڤی کۆمەڵگای ئێمە دەبینێ و هێندە سیستانی ئەبینێ ، ڕۆشنبیران و ئافرەتان نابینێ لە کاتێکدا ئێمە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و عەلمانیەت و دیموکرات دروست بکەین پێویستە فراکسیۆنی کوردی بە تایبەتی لایەنە کوردەیەکان کە ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین عێراقێکی مۆدێرنمان ئەوێ دەبێ چالاك بن. فعلن ئێمەی لەعێراقێکی مۆدێرن و دیموکراسی جێمان دەبێتەوە دەتوانین بژین لە ئاستی عێراقدا بە گشتی و وەلە ئاستی ناوندە عەرەبییەکاندا بایەخ بدەین بە دیالۆگ لەگەڵ گەنجانی بەعەرەبدا و بایەخ بدەین بە ڕۆشنبیرانی عەرەب. نەك بایەخ بدەین بەو هێزانەی کە هێزی کۆنزەرڤاتیڤن و ستایشکردنی سیستانی و شێخ زانا. یەکێك لە تراژیدیەکانی سیاسەتی ئێمە کە ئێستا لە کوردستان پێوەی ئەنالێنن و گەنجان کردووەتە



دەرێ لە هەموو ڕاستیەکانی ژیان پێمانوایە ئەتوانین لە ڕێگەی کۆمەڵێك هێزی کۆزەرناتیفی تا ئەندازەیەکی زۆر پیرە... کۆمەڵگایەك تازە بنیات بنێت وە ئەمەش نامومکینە ڕاست نییە.

*کاك بەختیار پێتوایە گەنجان لە چ ئاستێکدا دەتوانن ببنە هێزێکی فشار بۆ سەر ئەو عەقڵیەتە کۆنانە جەنابت باستکرد دەیانەوی عێراق دروست بکەنەوە عێراقێکی نوێ بەلام بە ئەقڵیەتێکی کۆن؟

-گەنجان مادەم هێزێکی ڕێکخراو نیە و تا ئێستا مینبەرێکی دیار نیە کۆیان بکاتەوە و نەبوونەتە ئەو هێزە کۆمەلایەتییەی کە گوێمان لە دەنگیان بێت لە هەموو ئاستەکاندا و تەنیا وەکو نوزەی بچوك بچوك لێرە و لەوێ لێرەو لەوێ ئیشدەکەن و نەبوونەتە هێزێکی کۆمەلایەتی تا هێزێکی فشار دروست بکەن. کێشەکە ئەوەیە کە ئێستا ئێمە لە هێزی فشار لەکۆمەڵگای عێراقیدا بە هێزێکی سیاسی تێدەگەین.واتە هێزی فشاری تەنیا ئەحزابی سیاسیە لە کاتێکدا ئەبێ ئێمە بگوازینەوە بۆ قۆناغێکیتر کە ئێمە بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و بزوتنەوەی گەنجان و بزوتنەوەی ئافرەتانمان هەبێت بزوتنەوەی هەتا پیرانمان هەبێ لە خەڵك ئەوانەی کە بێکارن، یان خانەنشینکراون و لە هەمان کاتدا بە پەراوێزکراون لە ئاستی کۆمەلایەتیدا کە هەموو ئەمانە هێزێکی فشاری کۆمەلایەتی گەورە دروست بکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ بنیات بنێین بەلام تا ئێستا ئێمە فێری نەبووین لە ڕێگەی بزاوتە کۆمەلایەتیەکانەوە لە ڕێگەی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە

فشار دروست بکەین لێرەوە هێزی فشار لە عێراق تا ئێستا هێزە سیاسیەکانن لە یەك. دەبینین شیعە لە ڕێی کۆمەڵێك حزبی سیاسەوە فشار ئەخاتە سەرکورد و سونە و کورد لە ڕێی کۆمەڵێك حزبی سیاسییەوە فشار ئەخانە سەر سونەو شیعە، بەلاّم فشاری کۆمەلاّیەتی فشارێك لاوان لە سەرجەم ئێمەی کۆمەڵی فشارێکە کە تا ئیستا لاوان نابینین.

*پێتوایە ئەو ڕێکخراوانەی لاوان و گەنجان لە کوردستاندا هەیە کە پاشکۆی حزبەکانن سەربەخۆنین و نەیان توانیوە ڕۆڵی ئیجابیانەی خۆیان بگێڕن؟

– من پێموایە ئەو رێکخراوانە رەنگە زەرەرێکی کوشندەشیان لەسەرجەمی شوناسی گەنجان دابێ لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ گرێیان داوەتەوە بە کۆمەڵێك شوناسی سیاسیەوە وە لەو شوناسە سیاسیە دەرناچن، کێشەکە ئەوەیە سەرجەم بزاوتی وەك قوتابیان و خوێندکاران لە دواجار هێندە گوێڕایەڵی حزبن گوێڕایەڵی ئارەزوو و داواکاری گەنجان نین و مێژووی ئەم چەند ساڵەی ئێمە ئەوە ئەسەلمێنێ ئەم بزاوتانە هێندەی گوێ لە فەرمانی حزب دەگرن گوێ لە داخوازی گەنج ناگرن. لێرەوە بوون بە هێزێکی زۆر خراپ لە ناو گەنجاندا بۆ ئیفلیجکردنی هەر پرۆسەیەکی کۆمەلاّیەتی کە بشێ لە ناو گەنجاندا وەکو بزافێکی کۆمکەلاّیەتی سەردەربێنن.

* یەکێك لە پرۆسەکانی پشتگوێ خستنی گەنجان ئەوەیە کە تەمەن بۆتە رێگر بۆ ئەوەی برەو بە تواناکانی خۆی بدات، پێتوایە ئەمە تا چەند زیانی لە ونبوونی تواناکانی گەنجی کورد داوە؟



– ئەوە بەشێکی گەورەیە لە پرۆسەی پەراوێزکردن گەنج لە کۆمەڵگەی ئێمە پرۆسەی گۆێ نەدان بەگەنج من بیرمە لەیەکێك لە وتارەکانی پێشوومدا باس لەوە دەکەم باوەڕ ناکەم لە ماوی (١٦) ساڵی داهاتووشدا هیچ گەنجێ پۆستێکی گرنگ لە حزبەکانی ئێمەدا وەربگرێت و تا ئەم ساتەش وایە هەرچەندە وەرگرتنی پۆستێکی سیاسی لە لای گەنج بۆخۆی نیشانەی ئەوە نیە وەزعی گەنج لە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو باشی دەڕوات چونکە لەمەدا کۆمەڵی گەمە هەیە وەکو چۆن لە ئاستی ئافرەتدا کۆمەڵی گەمە هەیە ئەشێ دنیایەك لە ئافرەت بەریتە پەرلەمانەوە، بەلاّم هیچیان نوێنەری ئافرەت نەبن وەکو ئێستا ئەبینین کۆمەڵێ ئافرەتی موحاجەبە لە پەڕلەمان کە بەڕاستی نوێنەری داواکاریەکانی ئافرەت نین وە نوێنەری ئەو پرۆسەیە نین کە ئافرەت بەرەو ئازادی بەرێ زیاتر لە ئاستی گەنجانیشدا هەمان شێوەیە.دانانی تەمەن وەك ڕێگرێك لە بەردەم بەشداربوون لە پەڕلەماندا و لە چالاکی سیاسی یەکێکە جەریمانەی کە بەڕاستی ئەبێ لابرێ لەسەرو(٢٠) ساڵەوە لە سەرو(١٨) ساڵیەوەیە گەنج مافی بیرکردنەوە و توانای بیرکردنەوەی هەیە و لەو پەڕی بیرکردنەوەیدایە، نەك توانای بیرکردنەوە هەیە پێموایە یەکێك لە قۆناغە کامڵبوونەکانی مرۆڤ لەو تەمەنەدایە. لێرەوە دەرکردنی ئەم هێزە وەکو هێزێکی بیرکەرەوە بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگا مەحکومکردنی کۆمەڵگەیە بەوەی کە لە ناو قالّبی جێگیردا بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەرا نەیەت. پێموایە ئەمەش یەکێکە لە فێڵە گەورەکانی کۆنزەرڤاتیڤەکانی کورد کە نایەڵێت گەنجان قسەبکەن هەتا

ئەگەر قسەش بکەن لە پەڕاوێزدا قسەکان ئەمێنێتەوە. ئێستا کۆمەڵێ ڕۆژنامەی گەنجانمان هەیە دەردەچن، بەلاّم ئەم ڕۆژنامانە ئەوە نیە لە ئاست ڕاگەیاندنی گشتیدا کە ببنە دەنگ بۆ دروستکردنی ڕای گشتی هێشتا بە پەڕاوێز ئەکرێن هێشتا بچوکن هێشتا سنوری بلاّو بوونەوەیان زۆر سنوردارە و بواریان پێنادرێ و ڕێگا ئاسانیان بۆناکرێ کە ببنە هێزێك لە هێزەکانی ڕای گشتی. دەرکردنە گەنجان لەوەی کە ببن بە هێزێکی سیاسی چالاك وکارا لە کۆمەڵگای ئێمە پێموایە یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکانی درێژەدانی سیستمی سەلەفی دواکەوتنی ئێمە لەوەی تەمەنی خۆی لە ڕێگەی ئەم ستراکتۆرە درێژتر دەکاتەوە و تەمەنی دواکەوتنی خۆیشی درێژتر دەکاتەوە.

*ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانی ئێمە تا ئەو کاتەی لە بەردەم مێزو کورسیەکانان ڕەخنەی باشیان هەیە، بەلاّم کاتێك دەچنە سەر کورسیەکان ڕەخنەکانیان لە بیر دەچێتەوە،بەلاّم گەنج زۆر پێویستی بەوەیە ڕۆشنبیران پشتگیریان بە رای تۆ بۆ زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئێمە لە ئاست ئەو کێشە گەورانەی کۆمەڵگەی کوردی و ژیانی گەنجان بێ هەڵوێستن؟

-لە ڕاستیدا پێموایە قەبارەی زوڵمی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە گەورەیە رەنگە زۆرە زەحمەت بێت لە هەموو ڕووداوێك تۆ هەڵوێست نیشان بدەیت ئەمە زەحمەتە، بەلاّم ئەوەی کە ڕۆشنبیران بە گشتی ڕۆشنبیرانی کورد لە زۆرشت بێدەنگن بڕی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد لەسەر زۆربەی دیاردە کۆمەلاّیەتیەکان بێدەنگن. ئەو زوڵمەی کە پارتی و یەکێتی ئەیکەن بێدەنگ، لەسەر فەسادی کۆمەلاّیەتی ئەو زۆڵمە



کۆمەلاّیەتیەی لەسەر ئافرەت و گەنج بێدەنگن تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوە و قسەکردنێکی جیدیمان نەبینیوە لە ڕێگەی ئەو ڕۆشنبیرەوە هاوارو دەنگی خۆیان بۆ گەنجان نیشان بدەن بەلاّم کێشەکە ئەوەیە کە وەکو پێشتر وتم دەبێ لە ناو خودی کۆمەڵگادا و لە کایە کۆمەلاّیەتیەکاندا پڕۆژەیەکی هەبێ هەموو ئەم شتانە لەحاڵەتێکدا ڕووئەدەن لە خودی هێزی کۆمەلاّیەتی هەبێ یا چالاکیەکی کۆمەلاّیەتی هەبێ یا هێزێك هەبێ لەناو گەنجان و ئافرەتان لە خۆیانەوە ئەم کێشانە تەبەنی بکەن بۆ ئەوەی خەڵکانێکی تری کۆمەڵگا لە خۆیان کۆبکەنەوە ڕۆشنبیران بە بەرای من ناتوانن ئەم پڕۆسەیە دروست بکەن ئیشی ڕۆشنبیرانیش ئەوە نیە ڕێکخراوێکی لاوان دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە لاوان بکەن، یان ڕێکخراوێکی ئافرەتان دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە ئافرەتان بکەن، ئەمە لە بنەڕەتدا ئیشی ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان و ئافرەتانە کە ئەمە بکەن وە ئەبێ بیکەن، بەلاّم لەو کاتەدا دەبنە هێزی چالاك و دێنە سەرجادەو داوای گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی ئەکەن، ئەگەر لەم ساتەشدا ڕۆشنبیران بێدەنگ بن ئەم بێدەنگیەیان خەتەرە ، بەلاّم ئەگەر تۆ لە بەرامبەر دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتیدا بیت کە هەڵگرانی کێشەکە خۆیان لێی بێدەنگ بن بەرامبەری هەڵبەتە ئەمە مانای ئەوە نیە کە ڕۆشنبیران ئەبێ بێدەنگ بن، بەلاّم بە رای من گۆڕینی ئەم کێشەیە بۆ کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی گرنگ بۆ گۆڕینی بزاوتێکی کۆمەلاّیەتی کە لە ڕێگایەوە بتوانین خەڵك بێنێتە سەر جادەو خەڵك لە دژی ئێمە قسە بکات بچینە ئاستی چالاکیەوە ئەمە وەزیفەی ڕۆشنبیرنیە، بەلاّم وروژاندن و

ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەری و شیکردنەوەو دیاریکردنی ڕیشەکانی وە هۆکارەکانی بێگومان ئیشی ڕۆشنبیرانە کەواتە دەبێت جیاوازی بکەین لەوەی کە ئیشی ڕۆشنبیران لە چیەوە دەست پێدەکاو ئیشی خاوەن کێشەکان خۆیان لە کوێدەست پێدەکات ناڕازی بوون بە کێشەیەکی بەرامبەریەو بەلاّم گۆڕینی پێم وایە ڕۆشنبیران هەوڵێکی جدی ئەدەن هەروەها دوارتر گەشەدان بەهەر پرۆژەیەکی ناڕازی بوون کەئەوە ئیشی هێزە کۆمەلاّیەتیەکانە نەك ڕۆشنبیران بەتەنیا.

★ ئەم دیدارە بە هاوکاری بەڕێزان (بڕوا بەرزنجی و خەڵەف غەفور) ئەنجامدراوە. سوپاس بۆ هاوکاری ئەو دوو بەڕێزە.

## گفتوگۆیەك لەمەڕ گەنج و پیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## لەگەڵ حەمەی ئەحمەد رەسوڵ-دا



**یەکێك لەو نوسەر و رۆشنبیرانەی کە خاوەنی قسەی نوێیە لەسەر گەنج و پیر و پەیوەندی نێوانیان و سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا (حەمەی ئەحمەد رەسوڵ)ە، نوسەرلە ساڵی (١٩٦١) لە کەرکوك هاتۆتە دنیاوە دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی (سەلاحەدین)ە لە ساڵی (١٩٨٦) و لە هەمان ساڵەوە بەرهەمی فیکری و ئەدەبی لە زۆرێك لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوەلە دیمانەیەکدا لەمەڕ پەیوەندی گەنج وپیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا و رەوشی پەروەردەو بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

*ئەگەر سەرەتا بپرسم گەنج کێیە؟ تایبەتمەندیەکانی چین، هەروەها پیر کێیە؟ و ئەم دوونەوەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە چ ململانێیەکدان؟

–کاتێ دەڵێین گەنج، واتە بیری نوێ و هەموو شتێکی تازە، واتە ئەمڕۆ، کە دەڵێین پیر، واتە کۆن و کۆنتر لە نوێ، واتە هەڵگری بیری کۆن. لێرەوە زۆرانبازی دروست دەبێت لە نێوان گەنج و پیردا، هەمیشە پیر دەیەوێ ببێ بە سەرچاوەی هێزو دەسەڵات و یەکەم دەستەیەك کە دەیەوێ بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە گەنجە، چونکە لە راستیدا پیر بەرهەمهێنی گەنجە. ئەگەر بپرسین پیر کێیە؟ پیر دایك و باوکمانە، مام و خاڵمانە، گەنجیش

من و برام و تۆی کە هاوڕێمی. گەنج دەرئەنجامی  پیرە، لێرە ئەگەر گەنج و پیر بیانەوێ هاوکێشەیەك دروست بکەن، بەڵام هاوکێشەکە یاسایەکی کۆمەڵایەتی بیبا بەڕێوە تێکدەچێت لە رۆژئاوادا باوك و کوڕێك لە هاوڕێ دەچن، بەڵام کە لەم رۆژهەڵاتە نزیك دەبێتەوە باوك و کوڕ لە بەڕێوبەر و فەڕاش دەچن، یان لە بڕیاردەرێك و جێبەجێکارێك دەچن، ئەمە وادەکات نوێ بچێتە ژێر رکێفی کۆنەوە. ئەمەش کێشەیەك دروست دەکات لە نێوان دینامیك و ستاتیك. دینامیك بە مانای جوڵاو، ستاتیك بە مانای وەستاو و مەنگ. لەگەڵ گەورەبوونی گەنجدا هێرشێك دروست دەبێت بەرەو پیر، لەبەر ئەوە پیر هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات گەنج بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە واتە پیر لە شێوەی دەسەڵاتێکدایە و سەردەستە و گەنجیش لە ژێر دەستێك دەچێت و لە هەوڵی ئەوەدایە گەنج بەرەو ئەو مەملەکەتە بەرێ کەخۆی دەیەوێ کە ئەوانیش پارێزگاری کردنی دەسەڵاتی خۆیی و کۆنەپارێزیە، چونکە هەموو شتێکی نوێ  و بیری داهێنانی نوێ هەڕەشەیە لە پیر، بۆیە لەو وڵاتانەی کۆنەپارێزی زاڵە وەکو کوردستان هەوڵی قۆرغکردن سنووردانان دەدرێت بۆ گەنج، دەتوانیت ئەم زۆرانبازییە لەو ململانێیەدا ببینینەوە کە لە نێوان باوك و کوڕ و خوێندکارو و مامۆستادا هەیە. مامۆستاش نەوەیەکی پیرە، ئەگەر پەروەردە لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا بهێنینە دەرەوە هەست بە ململانێیەکی زۆر دەکەین.



*لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەگەڵ زۆری ڕێژەی گەنج لە چاو پیر، بەڵام هێشتا گەنج نەیانتوانیوە ببێتە خاوەنی خۆیان، ڕێگەی دەربازبوون لەم کۆتانە چین؟

-راستە لەوڵاتی ئێمە ڕێژەی گەنج زۆرترە و پیر کەمترە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی داخراوە و شتەکان بەشەفافیەت روونادات، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیەکی سەلەفی و کۆنەو زیاتر نزیکە لە پەیوەندیەکانی ناوهۆزو عەشیرەت، لەسەر ئەم بنەمایە دروست بووە، ئەمە بەلایەنە سۆسیۆ لۆژیە خۆماڵیەکەی، بەڵام لە راستیدا(١٤٠٠) ساڵیشە پەیوەندیە خێزانی و ئابوریەکانیش، فیکرێکی ئیسلامی بەسەریدا زاڵە، ئەمەش وایکردووە دەستەیەك بەسەر دەستەیەکی تردا، دەستەی پیر واتە  دەستەی هەڵگری بیری کۆن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، چل پەنجا ساڵێك بیر و ئایدیۆلۆژیا لەناو کۆمەڵدا رۆڵی هەیە بەدەلیل، ئەوەتا لەناو ئێمە دیالۆگ نیە لە ناوکۆن و نوێدا، کۆن گوێ لە نوێ راناگرێ، گەنجیش بەهۆی ئەو ترسەی بۆ تەمێکردنی گەنج. گەنج لە کائینێکی عەیبدار دەچێ. وەك چۆن لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بە ئافرەت دەڵێن زەعیفە، لای ئێمەش گەنج وەکو زەعیفە دێتە پێش چاو کۆن رەخنە لە هەموو بەهاکانی گەنج دەگرێ، هەتا لە ریش تاشین و سمێڵ و سەرچاکردن و پۆشاك پۆشین دا، بەڵام لە راستیدا هەرگیز نەوەکانی پێش خۆمان ئەلف و بێی ژیانیان فێر نەکردووین. کۆن قوتابخانەیەك نیە کە نوێ فێری شتی نوێیی بکات و بەرەو ئاراستەی کرانەوەی ببات، پیر هەمیشە وەکو وتم دەسەڵاتێکە بەسەر گەنجەوە، یەکەم کەسیش دەبێتە قوربانی کچانی گەنجن

و دواتر ئافرەت بەگشتی دەچەو سێتەوە، ئافرەتە پیرەکانیش چەوساوەی دەستی هاوسەرەکانیانن.

*واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریە، و باوکەکان لە هەموو شتەکاندا گەورەترینن؟

—کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەی پیاوسالاری و باوکسالاری و نێرسالارییە، وەکو وتیشت باوکەکان (نێرەکان) گەورەترینی هەموو شتێکن، چونکە ئەو دوو بوونیادە "ئەگەر بوونیاد بن" بوونیادی خێڵ و هۆزگەرایی کە بووەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی خوێنی لە نێوان یەکتردا، هەروەها ئیسلامیش لە دەرگایەکی ترەوە دێتە ژوورەوە، واتە وەك ئەوە وایە ئێمە لە ژوورێکدابین کە دوو دەسەڵات فشاربن بەسەرمانەوە ئەو دوو دەسەڵاتەش لە رێی پیرەوە دەگاتە لای ئێمە و پیر گەیەنەری ئەو دوو دەسەڵاتەیە. کێشەو ململانێکانی نێوان پیر و گەنج لێرەوە سەرهەڵدەدات. گەنج هەمیشە (٧٥٪) لەسەر هەقە کە هەمیشە داوای نوێخوازی بکات، چونکە کۆمەڵ رۆژ لە دوایی رۆژ بەرەو پێشەوە دەڕوات و بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بە خواستی پیر بێت دەبێت کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ دواوە.

*بۆ شکاندنی بێدەنگی گەنجان لە کوێوە دەست پێبکەین، چونکە ئەم بێدەنگیە بەرەو هەڵدێرمان دەبات؟

—کە باس لە بێدەنگی دەکەین مانای ئەوەیە پیر دەیەوێ گەنج بێدەنگ بێت، هەمیشە کۆنەپارێزەکان بێدەنگن و کاتێکیش دێنەگۆ باس لەشتی نێگەتیف دەکەن، ئەو شتانەی خزمەت بە کۆنەپارێزی دەکات. ئەوەی کە بێدەنگی رادەگرێت ترسە. ترس وا لە گەنج دەکات بێدەنگ بێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەگەڵ



یەکەم پاروەناندا ترس و شەرم دەدرێتە منداڵ و ئەم ترس و شەرمە بە درێژی ژیانی منداڵەکە دەگوازرێتەوە تا ژیانی کۆتایی دێ. ئەو دوو رەگەزە زۆر سامناکن لە گەنجدا هەبن، چونکە خەونەکانی لە ناو دەبات و توانای خەون بینینی ناهێڵێ. پیرەکان هەوڵی ئەوە دەدەن رێگەی قسەکردنی گەنج نەدەن و هەوڵی بێدەنگکردنی دەدەن، زۆر بە دەگمەن دەبینی بە گەنج بوترێت قسە بکە.

نەوەی کۆن(واتە باو و باپیرانمان)کە من هیوادارم وەکو ئەوان لە نەوەکانی داهاتوودا ئەو ترس و شەرمە نەچێنین، ئەوان داوای پاراستنی بێدەنگی و رێزگرتنی لە بەهاو ئاکارەکانی رابووردوو، لەوەوە گەنج دەکەوێتە ئاکارێکی زۆر نێگەتیڤەوە، بەداخیشەوە ئەوەی کە کۆن داوای دەکەن لەکۆمەڵگەکەی ئێمەدا نوێ پیادەی کردووە، لەبەر ئەوەی گەنج هێزو دەسەڵاتی لێسەنراوەتەوەو لێوان لێو چەپاندنی لەسەرە هەر لەهی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سێکسی..هتد، هەتا هێزی چەپاندن زیاتر بێت تەمەنی پیر(کۆن)زیاتر دەبێت. بەڵام من هیوایەکم بەگەنج هەیە کە بتوانێ بەسود وەرگرتن  لەتەکنەلۆژیای نوێ وەکو سەتەلایت و ئینتەرنێت و هەموو ئامرازەکانی تر لێرەوە دەست باتە چەکی مەعریفەو بەرەنگاری کۆن بێتەوە و ئەو بێدەنگیە بشکێنێ.

*لەگەڵ ئەوەی لەخێزاندا گەنج پەراوێز خراوە، بەڵام حزبیش هەوڵی پەراوێز خستنی داوە، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی کوردیش گەنجانی زۆر پەراوێز خستووە، چونکە لە هیچ بڕیارێکی سیاسیدا رای گەنجان وەرناگیرێ، ئەمەش وای کردووە، کە گەنجان پاش ئەوەی بژێوی ژیانیش باش بووە، بەڵام بیر

لەکۆچکردن دەکەنەوە، پێتوایە کۆچی ئەمجارە هەڵهاتنە لەکۆمەڵگە، یان تۆ چیتری ناو دەنێی؟

—حزب لەوڵاتی ئێمە دەستی بەسەر هەموو کایەکانی ژیانی من و تۆدا گرتووە، ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ هەیە حزب دەیبا بەڕێوە و حزب دەسەڵاتەو دەسەڵاتیش حزبە، حزبیش بۆ پتەوکردنی رەگەکانی خۆی لەکۆمەڵدا کۆنەپارێزی دەکات، لەمەدا حزب لە پیرەکان دەچێ، دەبێ ئەوەش بزانین کە کۆنەکان پارێزگاری لە حزب دەکەن و هەوڵی بەموقەدەست کردنی حزب دەدەن، بەڵام گەنجەکان بەچاوی رەخنەوە دەڕواننە حزب، بۆیە حزب هەوڵدەدات گەنجەکان کەوی بکات، ئەگەر ئەمڕۆ رێگە بدرێ بەگەنجان دەتوانن بەرنامەی نوێو رێبازی نوێو گونجاو پێشکەش بەحزبەکان بکەن، چونکە تەنها گەنجانن کە خاوەنی خەونی نوێو داهێنانی نوێن. گەنجان خاوەن وزەو رۆئیای نوێن و دەیانەوێ گۆڕان لەسەرلەبەری کۆمەڵگەدا بکەن و بە گفتوگۆ قسە لەبارەی هەموو چەمکە موقەدەس و پیرۆزەکانی کۆمەڵگەوە بکات، بەڵام حزبەکان و پیرەکان(کەلەسەرەتادا وتم زۆر لەیەك دەچن)ئەمانە قبوڵ ناکەن و لەخەمی پاراستنی کورسیەکەی خۆیاندان و لە سەنگەرێکدا وەستاونەتەوە دژی گەنج، سەنگەرێکی فەنتازی. هەتا حزب خولیاو ئاواتە بۆگەنەکانی پیرتێر بکات، پیر بەهێزتر دەبێت و ئەرکی گەنج قورستر دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی، مەوداکانی ژیان و شوێنی داهێنانی گەنج تەسکتر دەبێتەوە، بۆیە گەنج بەلێشاو بیر لە کۆچ دەکاتەوە و بیر لەپیاسەی بێهودە دەکاتەوە لەسەر شەقامەکان و هەتا زۆر جار بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوە.



*خۆکوشتن دیاردەیەکە لەهەموو دنیادا هەیە، جیاوازی نێوان خۆکوشتن چیە لەنێوان کوردستان و وڵاتێکی ئەوروپی و هۆکارەکانی لەکوردستاندا چیە؟

—خۆکوشتن ئاوێزان بوون و باوەشکردنە بەمەرگدا، خۆکوشتن دوا ویستگەی ماڵئاواییە لەژیان بەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە! زۆر کەم پیرەکان خۆیان دەکوژن، لە کوردستان تائێستا نەمبیستووە پیرێك خۆی بکوژێ، بەڵام لە ئەوروپا پیرەکان بێهودە دەبن لە ژیان پزیشك لەمەترسیەکانی نەخۆشیەك ئاگاداریان دەکاتەوە خۆیان دەکوژن، بەڵام خۆکوشتنی گەنج لە خۆکوشتنی ئەسپێك دەچێت کە لەوپەڕی تورەیدا لە شاخێکەوە خۆی دەخاتە خوارەوە و خۆی دەکوژێ. خۆکوشتنی گەنجیش لە خۆکوشتنی ئەسپ دەچێت، چونکە ئەسپ سمبولی ئازادییە، گەنجیش سمبولی ئازادیو ژیانە، کە کۆڵانەکانی ژیان لەبەردەم گەنجێکدا بنبەست دەبن و هێرش و پەلاماری پیر زیاد دەکات لەسەر گەنج، ئەویش ناچار خۆی دەکوژێت.لەوێدا کە گەنج خۆی دەکوژێ دیسان بەرەنگاری سرووتی دینیش دەبێتەوە، چونکە لەدینی ئیسلامدا خوا نەهی لەوە کردووە کە مرۆڤ خۆی دەکوژێ.

خۆکوشتن لە ئەوروپا جۆرێکی ترە، چونکە کۆمەڵگەکانی ئەوێ کراوەن و زیاتر مافەکانی تاکی تێدا بەرجەستەکراوە و تاکگەرایی لە سیستمی ئەو وڵاتانەدا پەیڕەو دەکرێ، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە کەش و هەوا تێیاندا خۆش نیە، وەکو فنلەندا، کە لەساڵێکدا(١٠) مانگ بەفر و زوقمە رێژەی خۆکوژی تێیدا لەبەرزترین ئاستدایە و هەموو ساڵێ کە ئامار دەکرێ ئەوێ

لەسەری سەرەوەیە و ڕێژەی خۆکوژی لە هەموویان بەرزترە، چونکە لەوێ ژیان قورسە لەنێو تەم و بەفردا و گەنج لەوێ تەنیایە، لەبەر ئەو تەنیاییە خۆی دەکوژێ، بەڵام لێرە لەتاو فەوزای کۆمەڵگەو خێزان خۆی دەکوژێ.

هۆکارێکی تری خۆکوشتن لە ئەوروپا بەهێزی هەست و سۆزە، بۆ نمونە هەموان وادەزانین کە ئەوروپا پەیوەندی کوڕ و کچ تەنها سێکسە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، چونکە کاتێ کوڕێ خۆشەویستەکەی لەگەڵ کوڕێکی تردا دەبینێ خۆی دەکوژێ، بەپێچەوانەشەوە کچ هەبووە لەبەر خۆشەویستەکەی خۆی کوشتووە، یان گەنجێ کەبزانێ ئایدزی تێدا بەدی کراوە خۆی دەکوژێ.

*خوێندن و پەروەردە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستێکی نزمدایە لەوڵاتی ئێمە، لە قوتابخانە پاش(١٥) ساڵ خوێندکار نابێتە نەوەیەکی خاوەن مەعریفە، پێتوایە سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا زۆر کۆن و کاتی گۆڕانی هاتووە، لەم ساڵیشدا چەند گەنجێك لەبەر ڕاسب بوونیان لە قوتابخانە خۆیان کوشتووە؟

—پەروەردەو گۆڕینی خوێندن ئەرکی هەموو کەسێکی خەمخۆری کۆمەڵگەی کوردیە، دامناوە پاشماوەی ئەم چەند ساڵەی ژیانم لە خزمەتی ئەو بوارەدا سەرف بکەم، چونکە منداڵ واتە دنیایەکی گەورەیە، پیاوی بەیانییە، شەڕەکانی ئەم وڵاتە هەمووی زیانی لە پەروەردەو سیستمی خوێندن داوە، هەر لەشەڕی ناوخۆوە تا پرۆسەی ئازادی عیراق.

پڕۆگرامەکانی خوێندن لەم وڵاتە ئەو پڕۆگرامانەیە، کە بەریتانیا هێنای و بەعسیش سیخناخی کرد بەبیری خۆی و زۆرێك لە



بابەتەکانی ئێستا ستۆك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستاکانیش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی دروست وانەکان بلێێنەوە.

سیستمی پەروەردە دەسەڵاتێك داینـاوە، ئەو دەسەڵاتە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پیرەکان بوون، کەنەیانتوانیوە گوزارشتکەربن لەنەوەی سبەینێ و بەو ئەقڵیەتە کۆنخوازیەوە، ئەو پرۆگرامانە داڕێژراونەتەوە و کراونەتە کوردی، کە وەکو لەپێشتردا وتم“ کۆن هەرگیز ناتوانێ گوزارشت لەخەون و ئاواتی نوێکانی کۆمەڵگە بکات.

ئەلف و بێی کوردی(ئیبراهیم ئەمین باڵدار) داینـاوە، بەڵام ئەمە جێگەی گفتوگۆ و قسە لەسەر کردنە. لەیەکی سەرەتاییەوە تا کۆلیژەکانی زانکۆ ناوی پاڤلۆڤ و فرۆید و.. هتد زۆر کەم دەبیستی، واتە میتۆدی خوێندنی ئێمە خاڵیە لە پەروەردەی دروست و لەفیکری دروست، یان ناوی ئەفلاتون و ئەرستۆ بەدەگمەن دەبیستی، کە ئەمە کفری زانستە، ئەوانە (مەبەستم لە ئەفلاتون و ئەرستۆ و پاڤلۆڤ و فرۆیدە ) پەروەردەو فێرکردنیان داناوە و کەچی ناویان نیە، بەڵام ئوحودو بەدرو..هتد و جوگرافیای نیشتمانی عەرەب و سۆماڵ و مۆریتانیا بەمن ئاشنا دەکرێ، ئەمانە هەمووی هۆکارە بۆ ئەوەی کە خوێندکاری کورد، گەنجی کورد لەو سیستمی خوێندنە رابکات، وەکو بیستیشمان و خۆشت ئاماژەت پێکرد ئەمساڵ چەند خوێندکارێك خۆیان کوشت، ئەمەش شایەنی دراسەکردنە، بەڵام کوا وەزارەتی پەروەردە دراسەی ئەم باسەی کردووە؟!

ئەوپەرتوکانەی لەهەشتاکان لەژێر سایەی بەعسدا دەخوێندران، ئێستاش پاش(١٣) ساڵ دوای نەمانی بەعس لە کوردستان هەر

ئەوانەیە، کە دەتوانرا بگۆڕایەو میتۆدی نوێ و شیاو لەبری ئەوانە دابنرایە. من ماوەی ساڵێکە گەڕاومەتەوە کوردستان، و دەمەوێ هەوڵی گۆڕینی کتێبە پەروەردەییەکان بدەم، یان رەنوسی لاتینی لەخوێندنگەکاندا بخوێنرێت(١٥–٢٠) ملیۆن کوردی کوردستانی باکور ئەم رەنوسە دەنوسن، دەکرێت نەوەی نوێی ئێمە فێری ببن. یەکێکی تر لە خراپیەکانی پەرتوکەکانی خوێندنی ئێمە فەلسەفەی تێدا نییە، یان بۆ تائێستا وانەیەکی پەروەردەی خێزانی نیە کە باس لە خۆشەویستی دایك و باوك بکات لەگەڵ منداڵەکان، یان تا هەنوکەش پسپۆڕێکی دەرونزانی وانەی بەخوێندکاران وتووە لەمەڕ کێشەکانیان و لەسەر هاوڕێیەتی نێوان قوتابی و قوتابی و مامۆستاو قوتابی، بێگومان هەفتەی وانەیەکی بۆتەرخان نەکراوە، یان لە قوتابی گەینرایەوە کە مامۆستاش شایانی هەڵەیەو مرۆڤێکە وەکو ئەو؟ بێگومان نەخێر، یان کاتێ مامۆستا هەڵەیەك دەکات، قەت داوای لێبوردنی لە خوێندکارەکانی کردووە، دیسان نەخێر، کەواتە تائێستاش پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا پەیوەندیەکی نائاسایی موقەدەسگەرایە، کە بەپێچەوانەوە لە ئەوروپا پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی وەکو پەیوەندی هاوڕێیەتییە.

یەکێکە تر لەو خراپیانەی ئەم پرۆگرامانە ئەوەیە کە هەموو مادەکان دەبێ لەبەر بکرێن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زوو لەبیر چونەوە، بەڵام ئەگەر ئەو وانانەی بەنەزەری دەخوێنرێ لەگەڵ ئەوەشدا پراکتیکیش لەگەڵدا بێت و وێنەی کارلێکی کیمیاوی و چوونە سەرمانگ و یەکگرتنی دوو توخمی تێدا بێت، ئەگەر



لەتاقیگەش نیە، با لەڕێی تەلەفزیۆنەوە پیشانی خوێندکار بدرێ، چونکە وێنە لەمێشکدا درەنگتر دەسڕێتەوە وەك لە وشە.

لێرەوە پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی پەروەردە کە گرنگی بدات بە گۆڕینی فەلسەفەی خوێندن و چەندان کەسی پسپۆڕ و کارامە هەن لەناوەوەو دەرەوەی وڵات کە دەتوانرێ راوێژیان پێبکرێت و لەمەڕ دانانی سیستمێکی پەروەردەیی تۆکمە کە بتوانێ خزمەت بەنەوەکانی ئەم وڵاتە بکات و خوێندن و ژیان و نیشتمانیان لاخۆشەویست بکات، هەروەها سوود لە ئامێرە تەکنەلۆژیە نوێکان وەربگرێت بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن.

هەڵەیەکی تر لە مامۆستایان و پەروەردە بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە بەکارهێنانی (دار) و لێدانە، کە کاریگەری زۆر نێگەتیڤی دەکاتە سەر خوێندکار، راستە"دار" لە مامۆستا سەندرایەوە کە جەستەی خوێندکار ئازار نەدات، بەڵام زۆر مامۆستا رۆحی خوێندکار دەکوژێ بە شکاندنی "نمرە" و راسبکردنی لەوانەکەیدا، بۆیە دەبێ هەوڵی کودەتایەکی گشتی بدرێ لە بواری پەروەردە و فێرکەرەکەیدا کە مامۆستایە.

## ئاسۆ جەبار

## گەنج و شوناس



قسەکردن لەسەر لاوان و ئایندەی لاوان، یەکێکە لەو بابەتانەی کەپێویستی بەقسەکردنی زۆر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مەیدانی چڕوپڕ هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر لاوان و کاریگەری ئەو توێژە پڕبایەخەی کۆمەڵگە و کۆچی لاوان پاش پڕۆسەی رزگاری عیراق، کەزۆرێك لەهاوڵاتیان چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەش دەکەن، بەڵام زۆرێك لەلاوان ئەو ئایندەیە وانابینن و لەئێستاشدا بڕیاری کۆچکردن دەدەن بۆ قسەکردن لەمەڕ ئەم مەسەلانە بەپێویستمان زانی ڕووناکبیر (ئاسۆ جەبار) بەسەر بکەینەوەکەخانوەنی چەند کتێبێکە و یەکێك لەکتێبەکانی ناونیشانی (کۆچ و سەفەر)ە کەلێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەخۆگرتووە و لەمەڕ دیاردەی کۆچ لەکۆمەڵگەدا...

*هەندێ لەلاوان هۆکاری کۆچکردنیان دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کەدەسەڵاتی کوردی چەندین بڕیاری چارەنووسسازی داوە ، بەبێ ئەوەی هیچ پرسێ بەتوێژی لاوان بکات، بەڕای تۆ بایەخ نەدانی دەسەڵاتی کوردی بەلاوان و خستنە پەراوێزی لاوان (کەهەموان دەزانین ئاینده هی لاوانە) ، بۆچی دەگەڕێتەوە...؟

-لەڕاستیدا تەواوی هاوڵاتیان ئازادن لەسەفەرکردنیان و مانەوەداجابەهەر شێوە و شێوازێك بێت ، کەس بۆی نییە بڵێت

بۆ سەفەر ئەکەیت، یان ماویتەتەوە . سەرەتا باباس لەو نەوەیە بکەین کەهەر جارە و ناوێکی لێدەنێن ، جارێك دەڵێن لاو ، زۆجار دەڵێن گەنجان ، یان دەڵێن نەوەی نوێ . بەهەرحاڵ : من لێرەدا کارم نەوەیە پەیوەستبکەمەوە بەسەر لەبەری ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و ژیاری و کولتووری و سیاسی و ئابوورییەی گەمارۆی داوە و تیایدا دەگوزەرێ . هەڵبەتە ئەورۆکە نەوەیەك هەیە زادەی کۆمەڵگایەکە کەتاڕادەی چەپاندن و پەراوێزبوون نەوەیەکە لەپەراوێزدا دەژی، نەوەیەکە رازی بەداخرانی کۆمەڵگا و کولتوور و رۆشبیرییەکەی ، لەجوغرافیایەکی داخراودا دەژی، سەربەکلتوورێکە تاسەر ئێسقان داخراوە و دنیایەك ترادسیۆنی سەر بەکایە بۆ پەراوێزکردنی دنیابینی و کولتوری نوێی بیرکردنەوە و روانینی جیاواز و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و کوشتنی بیرۆکەی تاکە کەس و ئاڕاستە جیاوازەکانی روانین.کۆمەڵگای کوردیش بۆخۆی ناوەندێکە بۆ بەخێوکردنی ئیدارەی کۆ و توراسی دەستە جەمعی کۆمەڵگاو بەستنەوەی تاکە کەس بەسەر لەبەری نەریت و ترادسیۆنەدا خراوەکەی خۆی ، کۆمەڵگایەکە بۆ هێشتنەوەی دۆخی رابردوو لەئێستادا بۆ دابینکردنی پانتاییە ژیارییەکانی داخران و سادەبوونەوەی ژیان و روانین و کوشتنی خەیاڵگەکانی دەرەوەی کۆمەڵگا. لەڕاستیدا کۆمەڵگا بۆخۆی هەڵگری دەسەڵاتێکە کەخوازیارە تەواوی دەوروبەری خۆی و پانتاییەکانی ژیان فرێبداتە نێو ناوەندەکەی خۆیەوە و کارلەڕێی ئەم هێڵەشەوە ناوەندێکی نەریتی بۆئەو هێزە



داگیرکارییە دروست دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرۆکەی تاکە کەسایەتی و روانین و چالاکی تاکەکەس .

بێگومان کۆمەڵگای کوردی لەچەند رووەیەکەوە داخراوە ، ئەو کۆمەڵگایە پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە بەدەرەوەی خۆی و باقی کولتوور و ژیارییەکانی دیکە . لەپەراوێزی رووداوە جیهانیەکاندا کارتێکراو بووە و هیچی تر هاوکات دەمێ ساڵە سەفەر و گەشت و باقی خۆشگوزەرانیەکانی دیکە بۆ تاکەکەسی و گروپ و تەواوی کۆمەڵگای یاساغ بووە ، هیچ جێی بایەخ نەبووە ، ئەمەش بۆخۆی کاریکردۆتە سەر روانین و بیرکردنەوەی تاکە کەس و هەستکردن بەداخران و کەم بایەخی ، ئەوەشمان بیرنەچێت تەواوی کوردستان چەندین ساڵە لەسایەی کۆمەڵە حکومەت و رژێمێکدا شارستانی خۆی دەگوزەرێنێ کەهیچیان کەمتر نەبووە لەهیتلەر و مۆسۆلۆنی و تەواوی دیکتاتۆر و رەگەزپەرستەکانی دنیا و تەواوی هێزە

شۆفینی و جینۆسایدکەرەکانی دنیا . هەر لەشاهەنشاکانی ئێرانەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و لەوێوە بۆ حوکمی ئینگلیز و عەرەبە شۆفینێیەکان و ئەتاتورکی رەگەز پەرەست و حکومەتە یەك لە دوایکەکانی عیراق و دوایەمین دیکتاتۆر و فاشیستی ناوچەکە سەدام و حسێن...تاد هەڵبەت زۆر هەڵئەگرێت قسەکردن لەسەر کۆمەڵگا و کلتوورو ژیان لەتەواوی کوردستانی گەورەدا ، من ئەم باسەم لەکتێبی (کۆچ و سەفەر)دا بەوردی باسمکردووە و راڤەکراوە ، هاوکات تەواوی هۆ و دەرەنجامەکان و ئاکامەکانی ئەو داخرانەم بەرباس خستوە و لێکمداوەتەوە .

بەڵام ئەوڕۆکە کەدیاردەی سەفەر لەهەندێك لەوڵات و کۆمەڵگایانەدا یاساغە و کاری جدی بۆنەکراوە رەنگێکی دیکەی وەرگرتووە و بووە بەدیاردەی کۆچ ، لەکورستاندا بەهۆی تەواوی ئەو هۆکارانەوە کەباسمانکرد ئەو دیاردەیە بووە بەدیاردەیەکی ئاسایی و جێی بایەخی کۆمەڵگا و ناوەندە نوێکانە و کاری بۆدەکرێ. گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی ئێوە ، ئەوا من هۆکارەکانی دەگەڕێنمەوە بۆچەند سەرچاوەیەکی بابەتی و هەنووکەیی کەتەواو پەیوەندی هەیە بەمیراتی بارودۆخەکان و گۆڕانکاریەکان و سەرلەبەری ئاشکرابوونی ئەو بێ ئومێدی و بێ هیواییەی کەتاسەروەختێك بەر لەئێستا باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکەماندا ، هەرلەشەڕی ناوخۆوە گەندەڵی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و رووناکبیرییەوە بۆ ترس لەئایندە و داهاتووی ئەو ئەزموونە ئەو ئەزموونەی ئێستا کەتێیدا دەژین .
بەڵام من پێموایە ئەوڕۆکە هاوڵاتیان بەگشتی و توێژی گەنج و خوێنەوار و زانکۆیەکان پتر بیر لەسەفەر و گەشت ئەکەنەوە بەشێوەیەکی یاسایی ، نەوەك بیرلەکۆچ بکەنەوە . واتا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە . لەبری ئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کەخەیاڵی سەفەر و گەڕان دایگرتوون رێگەی هاتونەهات بگرنەبەر بەقاچاخ و لەژێر رەحمەتی قاچاخچییەکانی سەر سنوردا سنورەکانی پاسدار و جەندرمە و میتی تورکی و پۆلیسی یۆنانی وئیتالی ببڕن ، ئەو رۆکە خەیاڵێکی لەو جۆرە چووتە نێو یادەوەرییەکی تاڵی رابردووەوە . لەکاتێکدا ئەڵتەرناتیڤی ئەو خەیاڵە بووە بەسەفەر و گەشت وەك مرۆڤ . بەڵام تاچ رادەیەك ئەم ئەڵتەرناتیڤە جێی بایەخی حکومەتی نوێی عیراق و ئیدارەی



نوێیەکە ئەوە جارێ دیار نییە، بەڵام ئەوەدەڵێم هەموو کەسێ مافی خۆیەتی سەفەربکا و دنیا بگەڕێ ئیتر بەهەرکاروشێوە و شێوازێك بێت گرنگ نییە.
*من پێموایە ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان و عیراق ، زیاتر لەهەموو توێژەکانی تر پێویستی بەلاوانە ، بەڵام تاهەنووکە لاوان نەخۆیان بەبەرپرسیاری دەزانن و نەدەسەڵاتی کوردیش لاوان بەبەرپرسیار دەزانێ هۆکاری ئەم دوو بێ بەرپرسیاریە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟
–لەڕاستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە سەربەشی کۆتایی پرسیارەکە لەڕاستیدا هۆکارەکانی بەرپرسیارێتی لەم کۆمەڵگایەدا دەگەڕێتەوە بۆچەند سەرچاوەیەکی زۆرکاریگەر و هاوکات جێی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆن ، من لەچەندین نوسین و گفتوگۆدا باسم لەوەکردووە کەکۆمەڵگای عیراقی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی دوو کۆمەڵگای داخراون و سەرلەبەری ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوانەش کەئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان لەئەستۆدا بووە بەرەو داخرانی زیاتر و پەراوێزبوونی زیاتریان بردووە ، هەڵبەت پەشیمانیش نیم لەو بۆچوونە ، من بەبەڵگەوە لەکتێبی (کۆچ و سەفەر) وگفتوگۆکانمدا سەلماندوومە ، بەڵام ئەو بۆچوونەی من تاچەند هەندێك لەلایەن و ناوەندی سیاسی و حزبی و حکومی بێتاقەت دەکات ئەوە کەیفی خۆیانە ، ئەوان ئازادن لەوەی کەبڵێن دنیا زۆر خۆشە (کەواش نییە). لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی لەم کۆمەڵگایەدا یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا داخراوەی کەپرسیار لەبوونی خۆی وەك کارەکتەرێکی

كاريگەر و ئەكتيڤ و ئەو كەلتووره داخراوەی لەدەرەوەی ئەو ترادسيۆتە كۆنە هيچی دياريكراوی نييە بيلێت و پێشكەشی بكات،هاوكات كارئەكتەری خەساندن و چەپاندن و فەرامۆشكردن و بێ بايەخكردن لەم كۆمەڵگايەدا نەريتێكی باوی رۆژانەيە و بەردەوامە كەتەواو كاريكردۆتە سەر تاكەكەس و ناوەند و پانتاييە كۆمەلآيەتيە ، نەبوونی پرسيار و ناڕەزايی لەم كۆمەڵگايەدا وايكردووە لەئەنجامدا كۆمەڵگايەكی نەخۆش و ترسنۆكمان دەست بكەوێت ، من تەواو دژی ئەو قسيەم كەدەڵێ " (كورد جوامێر و ئازايە) ، بەڵكو پێچەوانەكەی راستە ، ئەزانی بۆچی؟ لەبەرئەوەی كوان ئەو هاولآتيە نارازييانەی هاتنە سەرشەقامەكانی ناڕەزاييان دەربڕی، تا ئێستا چ ڕێپێوانێكی ناڕەزايی كراوە دژی كەمی مووچەی هاوولآتيان دژی بەرپرسان و پياوكوشتن و حەپەلوش كردنی سەروەت و سامانی كوردستان . هەڵبەتە سەرباری ئەمانە تۆ كۆمەڵگايەكت هەيە ، كۆمەڵگای بايەعی و بەكاربردنی خواردن و كالآكان وهيچی تر ، ئيتر ئێمە داوای چ بەرپرسيارەتيەك لەهاولآتيان بەگشتی و گەنجان بەتايبەتی بكەين گەنجانی ئەم ولآتە هەميشە لەپەراوێزدابوون و پرۆسەی فەرامۆشكردنيان بەسەردا سەپێنراوە ، هاوكات ناڕەزاش نين ، پرسياريشی نييە ، قسەش ناكا ئەمە بۆخۆی لەهەردوولاوە پرۆسەی پچووككردنەوەی توێژێك بەكاربراوە كەتوێژی گەنجان و نەوە نوێكانە. هاوكات حكومەت و ناوەندە بەرپرسەكان لەبەر گومرك و مووچەی وەزير و ئەندام پەرلەمانە بەرێزەكان و مەسئولە حزبيەكان و كادرە حزبيەكان و نەسريەی حزبەكان و نەسريەی سيحری مەسئولەكان ئاگايان لەهيچ شتێك



نەماوە و هاوكات ئەو بەرپرسيارێتيەش ناگرنە ئەستۆی خۆيان، ئەم رەخنانەی من ئەوە ناگەيەنن من رقم لەحكومەت و زەڕبم بەسەر حزب و مەسئولەكاندا هێناوە ، بەڵكە مەبەستی من ناچاركردنی ئەو ناوەندانەيە كەدەبێت بەسەر خۆياندا بچنەوە ، زۆرنا كەمك عادل بن و بەعەدالەت بيربكەنەوە ، نەك وەك ئێستا عەقڵيان چۆتە گيرفانەكانيانەوە و ماوەی (١٣) ساڵە ئەو ئەقڵە داماوە لەو گيرفانە سيخناخ بەپارەيەدا گيری خواردووە و نايەتە دەرەوە تۆزێك هەوای عەدالەت هەڵمژێ . من پێموايە دوای هەڵمژينی ئەو هەوای عەدالەتە دەمرن و فەرامۆش دەبن .

*سالآنی بەر لەئێستا كۆچ زياتر بۆ سودی مادی بوو، بەلآم ئێستا كۆچ لەو قالبە دەچێتە دەرەوە و مانای جەوهەری وەردەگرێت كە گەيشتينە ئەو ئەنجامە، چ جياوازيەك لەنێوان ئەم دوو كۆچە هەيە ؟ كاميان پەسەندترە ؟

-ئەوەی جاران كۆچ بوون دياردەيەكی تاڕادەيەك ترسناك و پڕلەئازار و سەركێشی بوون، بەلآم ئەورۆكە بيرلەسەفەرێكی جوان دەكرێتەوە كەگەڕانەوەيە بۆمانا رەسەنەكەی خۆی كەگەشت و دنيابينی و گەڕان و تێگەيشتنە بەكەمترين ئازار و نەهامەتی، ئەمەش بۆخۆی هەموو هاولآتيەك دەگرێتەوە بەگشت توێژەكانی ناوكۆمەڵگاشەوە.

*تاهەنووكەش لاوان ئايندەيان لەعيراقی سبەينێدا ديارينيە، پێت وايە لەعيراقی ئايندەدا لاوان بتوانن ئايندەيەكی گەش بۆخۆيان مسۆگەر بكەن؟

-لەڕاستيدا ئەگەر لاوان و نەوە نوێكان بەم حاڵەتەی ئێستايانەوە رووبەڕووی ئەو گۆڕانكاريانە و ئەم بارودۆخە

ببنەوە ئەوە حاڵیان لەجاران خراپتر و پڕئازارتر دەبێت، دەبێت نەوە نوێکان توێژێکی گەورە و گرانی نارەزایی بن. دەبێت پرسیار و گومانی خۆیان هەبێت، دەبێت چی تر لەو خەیاڵە سادانەدا نەژین کەژیانی کورتکردبووەو بۆ خوێندن وخۆشەویستی و ژنهێنان و قسەنەکردن و دامەزراندن لەدەزگا و دائیرەیەکی حکومیدا، بەڵکو دەبێت بەرپرسیار بن لەتەواوی ئەو گۆڕانکاریانە، دەبێت هەڵگری بەیداخی رەخنە و پرسیار بن لەدەسەڵات و حکومەت دەبێت چیتر رازینەبن دزیان لێبکرێت و قسەنەکەن، تاڵانیان بکەن و هیچ نەڵێین فەرامۆش بکرێن و ئەوان بەگیرفانی بەتاڵەوە پیاسەبکەن و بخرێنە پەراوێزەوە و سەرکزبکەن. دەبێت نەوە نوێکانی ئەم کۆمەڵگایە بەتوندی رووبەڕووی دەسەڵاتە نەریتی و نائەخلاقی سەلەفیەکانی کۆمەڵگا بوەستنەوە.

لەڕاستیدا ئەرکی هەرە گەورەی نەوەی نوێ هەڵوەشانەوەی سیستمی نابەرپرسیارێتی کۆمەڵگا و دەسەڵاتە لەم ساتەوەختەدا ئەو ئەرکی رەخنە و نارەزایی و رێپێوان و لێپرسینەوە کەوتۆتە سەرشانی نەوەی نوێ.بەڵام لەلایەك رەشبینی من هەیە بەرانبەر ئەم نەوە نوێیە. ئەو رۆکە نەوەیەك هەیە بێ ئاگا کەوتۆتە نێو گۆڕانکارییە جیهانیەکان و پێشکەوتنەکانەوە کەوتۆتە نێودنیای کلیپەکان و فەرامۆشبوونەکانی خۆیەوە، بێئاگا رازییە لەپەراوێزبوونی خۆیی و نابەرپرسیارێتیەکانی، لەبەرئەوە ئەو نەوە چەند جێی ئومێدە هێندەش جێی رەشبینی و نابەرپرسیارێتیەکانە، ئەورۆکە لەتەواوی جیهاندا خوێندکارانی زانکۆ ناوەندەکانی خوێندن و



بەتایبەتی لاوان توێژێکی رەخنەگر و تورە و بەرپرسن لەگۆڕانکاریەکان و بڕیارەکانی دەسەڵات و ناوەندە بەرپرسەکان. بۆ نموونە ناکرێ ئێمە راپەڕینی خوێندکارانی ساڵی (١٩٦٨)مان بیربچێتەوە، ناکرێت راپەڕین و لاوانی دانیشتگاکانی تاران بەهەند وەرنەگرین و راگوزەر بەسەرماندا تێپەڕێت.

لێرەدا ناتوانم باس لەعیراقی سبەینێ بکەم، لەبەرئەوە لەکۆتایدا دەڵێم" ئەگەر لاوان بەهەمان تەرزی جاران بیربکەنەوە هەمان ئەو کوڕ و کچە ترسنۆکانەی شارەکان بن، ئەگەر هەروەك جاران رازی بن بەپەراوێزبوونی خۆیان و فەرامۆشکردنیان ئەوا حاڵیان لەئێستا باشتر نابێت و هەرهەمان ئەو ناوەند و رێکخراوە کارتۆنیانەی کەبۆ فێرخوازان و لاوان دروستکراون وەك هەموو دەزگا حزبیەکانی تر گیرفانی حکومەتیان تاڵانکردووە هیچیشیان نەکردووە، بێجگە لەدووبەرەکی و ململانێی سیاسی، ئەوا هەرئەو رێکخراوانە دەبنە نوێنەری و ئەویش وەك نەوەیەکی ترسنۆك دەمێنێتەوە.

# سوپاسنامە

- سوپاسی هەریەك لە بەڕێز هونەرمەند و دیزاینەر "سەیوان سەعیدیان" دەکەم کە لەبەرگەکەدا هاوکاری زۆری کردم.
- بەڕێز "فوئاد کەولۆسی" خاوەنی چاپخانەی گەنج کە هاوکاری زۆری کردم.
- ئاشتی و ئاشنای خوشکم کە هەردووکیان بەم کتێبەوە ماندوو بوون.